٩

پوختەی کتێبی

جلاء الأفهام

في الصلاة والسلام على خير الأنام

بەکوردی

نووسینی : ابن قیم الجوزیة

وەرگێڕان و پوختەکردنی

مامۆستا عبدالکریم فتاح

پوختەی کتێبی (جلاء الأفهام) بەکوردی

نووسینی : ابن قیم الجوزیة

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ﴾

(الأحزاب:٥٦)

پوختەی کتێبی

(جلاء الافهام)

في الصلاة والسلام على خير الأنام

بەکوردی

نووسینی

ابن قيم الجوزية

وەرگێڕان و پوختەکردنی

مامۆستا عبدالکریم فتاح

چاپی یەکەم

١٤٣٦ ك ـ ٢٠١٦ ز

ناوی کتێب: **پوختەی کتێبی** (جلاء الافهام.... في صلاة والسلام على خير الأنام) **بەکوردی**

نووسینی: ابن قيم الجوزية.

پوختەکردن و وەرگێڕانی: مامۆستا عبدالكريم فتاح.

نەخشەسازی ناوەوە: احمد خالد.

تایپ: نووسەر.

نۆرەو سالی چاپ: یەکەم ٢٠١٦ زایینی.

تیراژ: (١٠٠٠) دانە.

ژمارەی سپاردن: ( )ی سالی ٢٠١٦ لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی درلوەتیٚ.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

نووری حەقیقەت

٩

نووری حەقیقەت

Nuri.haqeeqat@gmail.com

پێشەکی وەرگێڕ

کتێبی "جلاء الأفهام"ی شێخی "ابن قيم" یەکێکە لە کتێبە بە پێز و پڕ بەرەکەتەکانی، کرۆکی بابەتەکە دەربارەی صەڵەواتدانە لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەڵام چەندین بابەتی تر لە دووتوێی بابەتە سەرەکییەکەدا لەئامێز دەگرێت، ئێمە هەوڵماندا‌وە پوختەیەك لەم کتێبە دەربهێنین تاکو کات بۆ خوێنەری بەرێز بگێڕینەوە و بابەتێکی پوخت و بەپێزی بخەینە بەردەم و بەدووری بگرین لە بابەتگەلێکی زمانەوانی و جیاوازی فیقهی و فرەیی راوبۆچوون کە ئاتاج نییە پێیان، ئێمە لەم وەرگێڕانەدا شانمان داداوە لەسەر ئەو چاپەی (شعيب الأرنؤوط و عبدالقادر الأرنؤوط) فەرموودەکەیان تەخریج کردووە و قسەی خۆیان لەسەر کردووە، و (مكتبة المؤيد و مكتبة دار البيان) بە چاپیان گەیاندووە، چاپی دووەم (١٩٩٢)، خوێنەر بۆ زانیاری زیاتر و رادەی بەهێزی و لاوازی فەرموودەکان دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوە.

لە خودا دەپاڕێمەوە بیکات بە زەخیرەیەك بۆ دانەر و وەرگێڕ و خوێنەری کتێبەکە و لە هەڵە و تێکەوتنەکانی منیش ببوورێت.

وەرگێڕ

سلێمانی

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

رب يسر وأعن، وصلى الله على محمد وآله وسلم

ئیمامی زانا شێخی"ابن قيم"(رەحمەتی خودای لێ بێت) دەفەرموێت:

ئەم کتێبەم ناونا: **(جلاء الافهام في الصلاة والسلام على خير الأنام).**

کتێبەکە شەش دەروازەیە

لە مانایدا ناوازەیە، بەهۆی زۆری سوودەکانی و بەپێزییەوە، تیایدا ئەو فەرموودانەمان روون کردۆتەوە لەمەڕ "الصلاة والسلام" لەسەر پێغەمبەر هاتوون (ﷺ)، سەحیحەکانمان لە حەسەن و مەعلول جیاکردۆتەوە، ئەو فەرموودانەی مەعلولن هۆیەکانمان رۆشن کردۆتەوە بە رۆشنکردنەوەیەکی تێرو تەواو، پاشان باسی نهێنییەکانی ئەم دوعایە (مەبەستی صەڵەواتە) و شکۆمەندیمان کردووە، هەروەها ئەو حیکمەت و سوودانەی لەم دوعایەدا، پاشان ئەو شوێن و جێگانەی صەڵەواتیان تێدا دەدرێت، پاشان قسەکردن لە بڕی پێویست لە صەڵەوات و جیاوازی ئەهلی زانست تیایدا و پارسەنگکردنی پارسەنگدراو و دەرخستنی بێبنەمایی بێکەڵکەکانی، هەواڵی ئەم کتێبە لەسەرو وەسفییەوەیە، والحمد لله رب العالمين.

دەروازەی یەکەم

ئەوەی هاتووە لەمەڕ صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)

ئیبن مەسعود (حوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ: پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامان و ئێمە لە مەجلیسێکی سەعدی کوڕی عوبادەدا (حوا لێی رازی بێت) دانیشتبووین، بەشیری کوڕی سەعد (خوا لێی رازی بێت) بە پێغەمبەری(ﷺ) وت: خودا فەرمانی پێکردووین صەڵەوات لە دیدارت بدەین، چۆن صەڵەوات لە دیدارت بدەین؟ فەرمووی: بڵێن:

((ألهم صل على محمد وعلى آل محمد، كما صليت على إبراهيم، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم {في العالمين إنك حميد مجيد})) سەلامیش بەو جۆرەیە کە زانیوتانە.

"الإمام أحمد ومسلم والنسائي والترمذي"ریوایەتیان کردووە و "الترمذي" بە سەحیحی داناوە.

ئیمامی ئەحمەد لە ریوایەتێکی تردا هاوشێوەی ئەوە هێناویەتی: ((چۆن صەڵەواتت لە دیدار بدەین گەر لە نوێژەکانماندا صەڵەواتمان لێدا؟))

ئەوانەی فەرموودەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەریان (ﷺ)ریوایەت کردووە:

ئەوانەی صەڵەواتیان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ریوایەت کردووە بریتین لە:

(أبو مسعود الأنصاري البدري، وكعب بن عجرة، و أبـو حميـد السـاعدي، و لأبـو سعيد الخدري، و طلحة بن عبيدالله، و زيرد بن حارثـة، دەشـوترێت: لـبن خارجـة، و علي بن أبي طالب، وأبو هريرة، و بريدة بن الحصيب، وسهل بـن سـعد السـاعدي، و ابن مسعود، و فضالة بن عبيد، و أبو طلحة الأنصاري، و أنس بن مالك، و عمـر بـن الخطاب، و عامر بن ربيعة، و عبدالرحمن بن عوف، و أبي بن كعب، و أوس بن أوس، و الحسن والحسين دوو كوڕەكـەی علـي بـن أبـي طالـب، و فاطمـة بنـت رسـول الله، والبراء بن عازب، و رويفع بن ثابت الأنصاري، و جابر بن عبد الله، و أبو رافع مـولى رسول الله، و عبد الله بن أبي أوفى، و أبو أمامة الباهلي، و عبـدالرحمن بـن بشـير بـن مسعود، و أبو بردة بن نيار، و عمار بن ياسر، و جابر بن سمرة، و أبو أمامة بـن سـهل بن حنيف، و مالك بن الحوريث، وعبد الله بن {الحارث} بن جزء الزبيدي، و عبـدالله بن عباس، و أبو ذر، و وائلة بن الأسـقع، و أبـوبكر الصـديق، و عبـدالله بـن عمـرو، وسعيد بن عمير الأنصاري عن أبيه عن عمير–ئەو لـە بەدریـەكان بـوو–، و حبـان بـن منقذ–خوایان لێ رازی بێت–)

فەرموودەكەی ئـیبن مەسـعود(خوا لێـی رازی بێـت) فەرموودەیـەكی سـەحیحە و "مسلم" لە سەحیحەكەیدا ریوایەتی كردووە، هەر بەو جۆرە: "أبو داوود و الترمذي و النسائي"

زیادەكەی ئیمام ئەحمەدیش: ((چۆن صەڵەواتت لە دیدار بدەین گەر لە نوێژەكانماندا صەڵەواتمان لێدا؟)) لە "أبي مسعود"ەوە ریوایەتی كردووە، دەفەرموێت: ((پیاوێك هات و لەبەردەم پێغەمبەری خودادا (ﷺ) دانیشت ئێمەش لە خزمەتیدا بووین، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، سەلامكردن لە تۆ زانیمان، ئەی چۆن صەڵەواتت لە دیدار بدەین گەر لە نوێژەكانماندا صەڵەواتمان لێدا، خودا صەڵەواتت لەسەر بدات؟ پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، تا پێمان خۆش بوو ئەو پیاوە پرسیارەكەی نەكردبایە، دواتر فەرمووی: گەر صەڵەواتتان لەسەر من لێدا بڵێن:(أللهم صل على محمد النبي الأمي، وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم...))

فەرموودەكەی "كعب بن عجرة" (خوا لێی رازی بێت) خاوەن سەحیحەكان و خاوەن سونەنەكان و خاوەن مەسانیدەكان لە "عبدالرحمن بن أبي ليلى"ەوە ریوایەتیان كردووە و هیچ تانە و نەنگییەكی تێدا نییە، الحمد لله.

لە دوو سەحیحەكەدا: لە "ابن أبي ليلى"ەوە دەڵێت: "كعب بن عجرة"م پێگەیشت، فەرمووی: هەدیەیەكت پێ ببەخشم؟: پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لامان، وتمان: زانیمان چۆن سەلامت لێ بكەین، ئەی چۆن صەڵەواتت لەدیدار بدەین؟ فەرمووی: بڵێن: ((أللهم صل على محمد وعلى آل محمد، كما صليت على آل إبراهيم، إنك حميد مجيد، أللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على آل إبراهيم إنك حميد مجيد))

"كعب بن عجرة" لە فەرموودەیەكی تردا حاكم لە "المستدرك"دا ریوایەتی كردووە، دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ئامادەبن، ئێمەش

ئامادەبووین، کە سەرکەوتە سەر پلەی یەکەمی مینبەرەکەی فەرمووی: آمین، پاشان بەسەر پلەی دووەمدا سەرکەوت و فەرمووی: آمین،، پاشان بەسەر پلەی سێیەمدا سەرکەوت و فەرمووی: آمین، کاتێك لە مینبەر دابەزی وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمڕۆ شتێکمان لێ بیستی پێشتر نەمانبیستبوو، فەرمووی: جبریل (عليه السلام) ئەمانەی بۆ خستمە ڕوو و وتی: دووربێت (واتە لە بەزەیی خودا) ئەو کەسەی دەگات بە رەمەزان و لێیخۆش نابن، منیش وتم: ئامین، کاتێك سەرکەوتمە سەر پلەی دووەم، فەرمووی: دووربێت ئەو کەسەی ناوی تۆی لا دەهێنن و صەلەواتت لە دیدار نادات، منیش وتم: ئامین، کاتێك سەرکەوتمە سەر پلەی سێیەم، فەرمووی: دووربێت ئەو کەسەی لە پیریدا بە دایك و باوکی یان بە یەکێکیان دەگات ناچێتە بەهەشتەوە، منیش وتم: ئامین)) حاکم دەڵێ: ئیسنادەکەی سەحیحە.

"کعب بن عجرة" بە "أبا محمد" ناسراوە، ئەم ئایەتە لەسەر ئەو دابەزیوە: ﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ البقرة: ١٩٦

نیشتەجێی کوفە بووە و لە مەدینە{لە ساڵی ٥١یان ٥٢ یان ٥٣ی کۆچی} لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ئەهلی مەدینە و کوفە فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە.

فەرموودەکەی"أبي حميد الساعدي" پرسیاریان کردووە: ((ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن صەلەواتت لەسەر بدەین؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڵێن: أللهم صل على محمد وأزواجه وذريته، كما صليت على آل إبراهيم، وبارك على محمد وأزواجه وذريته كما باركت على آل إبراهيم إنك حميد مجيد)) "مسلم" لە "ابن نمير" ریوایەتی کردووە، هەروەها "أبو داود و النسائي و ابن ماجة" بە ڕێگەی جیاواز ریوایەتیان کردووە.

"أبو حميد الساعدي" لە كۆتایی خەلافەتی "معاوية"دا كۆچی دوایی كردووە.

فەرموودەكەی "أبي أسيد و أبي حميد" "مسلم" لە "يحيى بن يحيى"ەوە ریوایەتی كردووە، گوێم لە "أبا حميد وأبا أسيد"بوو دەیانوت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: گەر یەكێك لە ئێوە چووە مزگەوتەوە با بڵێت: "أللهم افتح لي أبواب رحمتك" كاتێك لە مزگەوت چووە دەرەوە با بڵێت: "أللهم إني أسألك من فضلك".

فەرموودەكەی"أبي سعيد الخدري" (خوا لێی رازی بێت) دەڵێ: وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمە "السلام عليك"مان زانی، ئایا صەڵەواتدان لەسەرت چۆنە؟ فەرمووی: بڵێن: ((أللهم صل على محمد عبدك ورسولك، كما صليت على إبراهيم، وبارك على محمد وآل محمد كما باركت على إبراهيم)) بوخاری لە سەحیحەكەیدا "عبدالله بن يوسف"ەوە ریوایەتی كردووە، ئەم فەرموودەیە "النسائي" لە ڕێگەیەكی ترەوە ریوایەتی كردووە.

"أبو سعيد الخدري" ناوی سەعدی كوڕی مالیكی كوڕی سینانە، یەكەم غەزای لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) غەزوەی خەندق بووە، دوازدە غەزای لەگەڵ پێغەمبەر كردووە، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سوننەتی زۆری گێڕاوەتەوە، زانستێكی زۆریان لێوە باسكردووە و یەكێكە لە پیاوە شكۆمەند و زانا و چاكەكانی ئەنصار، ساڵی حەفتا و چواری كۆچی كۆچی مردووە و كۆمەڵێكی زۆر لە هاوەڵان و شوێنكەوتووان فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە.

فەرموودەكەی "طلحة بن عبيدالله" ئیمام ئەحمەد لە "محمد بن بشر"ەوە ریوایەتی كردووە، لە موسای كوڕی "طلحة"ەوە لە باوكیەوە دەفەرموێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا صەڵەواتدان لەسەر تۆ چۆنە؟ فەرمووی: بڵێ:

((أللهم صل على محمد وعلى آل محمد، كما صليت على إبراهيم إنك حميد مجيد، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على آل إبراهيم، إنك حميد مجيد))

"النسائي" لە "عبيدالله بن سعد"ەوە فەرموودەکە بە کەمێك گۆڕانەوە ریوایەت دەکات، لە موسای کوڕی "طلحة"ەوە لە باوکییەوە: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: چۆن صەڵەواتت لەسەر بدەین ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بڵێن:

((أللهم صل على محمد كما صليت على إبراهيم، إنك حميد مجيد، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم، إنك حميد مجيد))

"إسحاق بن محمد" هەواڵی پێدام لە "محمد بن بشر"ەوە تا دەگاتە سەر موسای کوڕی "طلحة" لە باوکیەوە، فەرمووی: وتمان ئەی پێغەمبەری خودا صەڵەوات لەسەر تۆ چۆنە؟ فەرمووی: بڵێن:

((أللهم صل على محمد كما صليت على إبراهيم وآل إبراهيم، إنك حميد مجيد، أللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وآل إبراهيم، إنك حميد مجيد))

ئیمامی بوخاری و مسلم بەڵگەیان هێناوەتەوە بە "عثمان بن عبدالله بن موهب" لە "موسى بن طلحة"ەوە.

فەرموودەکەی "زيد بن خارجة" ئیمام ئەحمەد لە "علي بن بحر"ەوە ریوایەتی کردووە تا دەگاتە سەر "عبدالحميد بن عبدالرحمن" کاتێك ژنی بۆ کوڕەکەی هێنا "موسى بن طلحة"ی بانگهێش کرد و وتی: باوکی عیسا صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) چۆنت پێگەیشتووە؟ موسا وتی: پرسیارم لە "زيد بن خارجة" کرد، فەرمووی: منیش پرسیارم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ)

كرد: صەڵەوات لەسەرت چۆنە؟ فەرمووی: صەڵەوات بدەن و تێبكۆشن، و پاشان بڵێن: ((أللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، إنك حميد مجيد))

بە رێگەیەكی تر كە دەچێتەوە سەر "موسى بن طلحة" لەویشەوە بۆ سەر "زيد بن حارثة" ئیمامی "النسائي"ش فەرموودەكەی ریوایەت كردووە، دروست "زيد بن خارجة"یە نەك "زيد بن حارثة" لە لە خەلافەتی "عثمان"دا كۆچی دوایی كردووە.

فەرموودەكەی "علي بن أبي طالب" (خوا لێی رازی بێت) ئیمامی "الترمذي" لە "يحيى بن موسى"ەوە تا دەگاتە سەر "عبدالله بن حسين بن علي بن أبي طالب" لە باوكیەوە(حسين بن علي) ئەویش لە (علي بن أبي طالب)ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەخیل ئەو كەسەیە ناوی منی لای دەهێنن و صەڵەواتم لەسەر نادات))

"الترمذي" دەفەرموێت فەرموودەیەكی حەسەنی سەحیحی غەریبە، ئیمامی"النسائي"یش ریوایەتی كردووە، هەروەها "ابن حبان" لە سەحیحەكەیدا و "الحاكم" لە "المستدرك"دا.

"الحسن بن عرفة" لە "الوليد بن بكير"ەوە فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە تا دەچێتە سەر "علي بن أبي طالب" لە پێغەمبەری خوداوە، فەرمووی: ((هەموو دوعایەك بە ئەندازەی نێوان ئاسمان و زەوی پەردەی لە نێوانداید تا صەڵەوات دەدات لەسەر محمد (ﷺ) كە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) درا پەردەكە كون دەبێت و دوعاكە وەڵام دەدرێتەوە، گەر صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) نەدرێت دوعا وەڵام نادرێتەوە))

بەڵام بۆ ئەم فەرموودە سێ عیللەت بوونی هەیە :

یەکەمیان: فەرموودەکە لە ریوایەتی "حارث الأعور"ە لە "علي"ەوە.

عیللەتی دووەم: "شعبة" دەڵێت: "أبو إسحاق السبيعي" لە "الحارث"ەوە تەنها چوار فەرموودەی ریوایەت کردووە، چوار فەرموودەکەی باس کرد ئەم فەرموودەی ئێرەی تێدا نەبوو، "العجلي" هەمان قسە دەکات.

عیللەتی سێیەم: ئەوەی جێگیر بووە لە "أبي إسحاق"ەوە فەرموودەکە لەسەر "علي بن أبي طالب" وەقفە.

"النسائي" لە مەسنەدەکەیدا لە "أبي أزهر"ەوە تا دەگاتە سەر "علي بن أبي طالب" دەفەرموێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس پێی خۆشە بە پێوانەی پڕاوپڕ و باشتر بۆی بپێورێت گەر صەڵەواتی لەسەرمان (مەبەستی لەسەر ئالوبەیتە) لێدا با بڵێت:

((ألللهم اجعل صلواتك وبركاتك على محمد النبي وأزواجه أمهات المؤمنين و ذريته وأهل بيته، كما صليت على إبراهيم إنك حميد مجيد))

"محمد بن إسحاق السراج" دەڵێت "أبو يحيى و أحمد بن محمد البرتي" دەڵێن: "عبدالله بن مسلمة قعنب" هەواڵی پێدایین تا دەگاتە سەر "أبي هريرة"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ: پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) کرد: چۆن صەڵەوات بدەین لە سەرت؟ فەرمووی: بڵێن:

((ألللهم صل على محمد وعلى آل محمد، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما صليت وباركت على إبراهيم وآل إبراهيم في العالمين إنك حميد مجيد" سەلامیش بەو جۆرەیە دەیزانن))

ئیسنادی ئەم فەرموودانە ئیسنادێکی دروستن لەسەر مەرجی ئیمامی بوخاری و ئیمامی مسلم.

ئیمامی "الشافعي" دەفەرموێت: "إبراهيم بن محمد" هەواڵی پێدام تا دەگاتە سەر "أبي هريرة" فەرموویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)، چۆن صەڵەواتت لەسەر بدەین؟ واتە لە نوێژدا، فەرمووی: دەڵێن:

(("أللهم صل على محمد وآل محمد، كما صليت على إبراهيم، وبارك على محمد وآل محمد كما باركت على إبراهيم" پاشان سەلامم لێ دەکەن))

چەند فەرموودەیەکی تر لەسەر صەڵەوات لە "أبي هريرة"ەوە ریوایەت کراوە:

لەوانە "العشاري" لە "محمد بن موسى"ەوە تا دەچێتە سەر "أبي هريرة"(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((هەر کەس لای گۆڕەکەم صەڵەوات لەسەرم بدات خودا فریشتەیەکی بۆ تەرخان دەکات پێم بگەیەنێت و کاروباری دونیا و دواڕۆژی دەستەبەر دەبێت، و لە رۆژی دواییدا بۆی دەبم بە شایەت یان تکاکار)).

بەڵام "محمد بن موسى" بریتییە لە "محمد بن يونس بن موسى الكديمي" فەرموودەی لێ وەرناگیرێت.

لەوانە فەرموودەکەی"صالح مولى التوأمة" لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((هەر دەستەیەك دابنیشن و یادی خودای تەعالا نەکەن و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرەکەیان لێ نەدەن لە رۆژی دواییدا دانیشتنەکەیان دەبێت بە پەشیمانی لەسەریان، گەر بیەوێت لێیان خۆشدەبێت، گەر بیشەوێت –بەو کارەیان– دەیانگرێت))

ئەم فەرموودەیە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە "الترمذي و ابن إسحاق و أبو داود و النسائي و ابن حبان" ریوایەتیان کردووە، "الحاكم"یش لە "المستدرك"دا ریوایەتیان کردووە.

"إسماعيل" لە کتابی "الصلاة على النبي"دا دەڵێت "سليمان بن حرب" هەواڵی پێداین تا دەچێتەوە سەر "أبي هريرة" دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((صەڵەواتم لەسەر بدەن، چونکە صەڵەواتی ئێوە لەسەر من زەکات ە(پاکژبوونەوەیە) بۆ ئێوە، هەروەها فەرمووی: داوای وەسیلەم لە خودا بۆ بکەن))، دەڵێت: یان خۆی بۆی باسکردین، یان پرسیارمان لێکرد فەرمووی: ((وەسیلە بەرزترین پلەی بەهەشتە تەنها یەك پیاو بەدەستی دەهێنێت، من رجام وایە ئەو پیاوە بم))

"إسماعيل بن إسحاق" دیسان دەڵێت: لە "محمد بن أبي بكر المقدمي"ەوە تا دەچێتە سەر "أبي هريرة": پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((صەڵەوات لەسەر پێغەمبەران و پەیامهێنانی خودا بدەن، خودا ئەوانی ڕەوانە کردووە وەك چۆن منی ڕەوانە کردووە، صەڵەوات و سەلامی خودایان لەسەر بێت))

فەرموودەکەی "أبي هريرة"(خوا لێی ڕازی بێت) لە صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) کە "الترمذي" ریوایەتی کردووە: لە "أبي هريرة"ەوە دەڵێت: پێغەمبەر فەرمووی: ((لوتی پیاوێك خۆڵاویی بێت ناوی منیان لا هێنا و صەڵەواتم لەسەر نەدات، لوتی پیاوێك خۆڵاوی بێت ڕەمەزان لێی بێتە ژوورەوە و بەر لەوەی خودا لێیخۆش ببێت ڕەمەزان لێی دابڕنرێت(واتە لێی جیا ببێتەوە)، لوتی پیاوێك خۆڵاویی بێت باوك و دایکی یان یەکێکیان بەپیری پێی گەیشتن و نەیانبردە بەهەشتەوە))

هەندێ لە ئەهلی زانست دەڵێن: (گەر پیاوێك لە مەجلیسەکەدا یەك جار صەڵەواتی دا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بەشی ئەوەی دەکات لە مەجلیسەکەدایە)

"إسماعيل بن إسحاق القاضي" لە "أبي هريرة"ەوە ریوایەتی کردووە: پێغەمبەر(ﷺ) سەرکەوتە سەر مینبەر و فەرمووی: "آمین، آمین، آمین"، پێیوترا: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمەت پێشتر نەکردووە؟ فەرمووی: جبریل(عليه السلام) پێی فەرمووم: لوتی پیاوێك خۆڵاوی بێت رەمەزان لێی بێتە ژوورەوە و خودا لێیخۆش نەبێت، منیش وتم آمین، پاشان فەرمووی: لوتی پیاوێك خۆڵاویی بێت بە باوك و دایکی پیری دەگات یان بە یەکێکیان و پێی ناچێتە بەهەشتەوە، منیش وتم: آمین، پاشان فەرمووی لوتی پیاوێك خۆڵاویی بێت ناوی منی لا دەهێنرێت و صەڵەوات لەسەرم نادات، منیش وتم: آمین.

"ابن حبان" لە سەحیحەکەیدا لە "أبي هريرة"ەوە ریوایەتی کردووە، فەرموودەکەی باسکردووە و تیایدا دەفەرموێت: ((کەسێك ناوی منی لا بهێنرێت و صەڵەوات لەسەرم نەدات و بمرێت بچێتە ناو ئاگرەوە و خودا دووری بخاتەوە، بڵێ: آمین، منیش وتم: آمین.))

لە فەرموودەکانی تری "أبي هريرة" ئەوەیە "مسلم" لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە: لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس یەك صەڵەوات لەسەر من بدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر دەدات))، هەر بەو جۆرە "أبو داود، والترمذي، و النسائي، و ابن حبان" لە سەحیحەکەیدا ریوایەتیان کردووە، "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە، لە هەندێ لە گوزارەکانیدا هاتووە:((هەر کەس یەك جار صەڵەواتم لەسەر بدات، بەو کارەی دە چاکەی بۆ دەنوسرێت)) "ابن حبان" باسی کردووە.

لەو فەرموودانەی "أبي هريرة" گێڕاویەتییەوە ئەوەیە کە "ابن خزيمة" لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە: لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە رۆیشتە ناو مزگەوت با سەلام لە پێغەمبەر بکات و بڵێت: خودایە دەرگاکانی رەحمەتی خۆتم بۆ بکەرەوە، کاتێك لە مزگەوت هاتە دەرەوە با سەلام لە پێغەمبەر بکات و بڵێت: خودایە لە شەیتان پەنام بدە))

هەروەها لە فەرموودەکانی "أبي هريرة" ئەوەیە کە "الحسن بن أحمد بن إبراهيم بن فيل" ریوایەتی کردووە: لە "أبي هريرة"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: ((ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، گۆڕەکەم مەکەن بە جێگەی جەژن (بۆنە) و صەڵەواتم لەسەر بدەن، صەڵەواتەکانتان پێم دەگات لە هەرکوێبن))

هەروەها لە فەرموودەکانی ئەوەیە "مسلم بن إبراهيم" ریوایەتی کردووە: لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((کۆمەڵە فریشتەیەکی گەڕۆك هەن بۆ خودا، کاتێك بە پاڵ ئەڵقەی زیکردا تێدەپەڕن هەندێکیان بە هەندێکیان دەڵێن: دابنیشن، گەر ئەم دەستەیە دوعایان کرد ئامین بکەن لەسەر دوعاکانیان، کاتێك صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر لێدەدەن ئێوەش صەڵەواتیان لەگەڵ لێبدەن تا تەواو دەبن، پاشان هەندێکیان بە هەندێکیان دەڵێن: لەوانە پیرۆز بێت دەگەڕێنەوە و خودا لێیان خۆشبووە)) "أبو سعيد القاص"یش لە "فوائد"ەکەیدا ریوایەتی کردووە.

هەروەها لە فەرموودەکانی ئەوەیە "الإمام أحمد و أبو داود" ریوایەتیان کردووە: لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەری خوداوە فەرمووی: ((هەر موسڵمانێك سەلامم لێ بکات، خودا رۆحم بۆ دەگێڕێتەوە تاکو وەڵامی سەلامەکەی بدەمەوە))

"أبو الشيخ" لە کتێبەکەیدا "الصلاة على النبي" لە "أبي هريرة" ەوە(خوا لێی رازی **بێت)** لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس لای گۆڕەکەم صەلەواتم لەسەر بدات گوێم لێی دەبێت، هەر کەس لە دوورەوە سەلامم لێ بکات ئاگادار دەکرێمەوە)) ئەم فەرموودەیە زۆر غەریبە.

هەروەها لەو فەرموودانەی لە "أبي هريرة" ەوە "أبو نعيم" لە "الطبراني" ەوە تا دەچێتە سەر "أبي هريرة"(خوا لێی رازی بێت) ریواتکراون: دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەر موسڵمانێك لە رۆژهەڵات یان لە رۆژئاوا سەلامم لێ دەکات من و فریشتەکانی پەروەردگارم وەڵامی سەلامەکەی دەدەینەوە، یەکێك پێی وت: ئەی پێغەمبەری خودا ئەهلی مەدینە چییانە؟ فەرمووی: چی دەوترێت بە بەرێزێکی بەخشندە لە جیرانییەکان و جیرانەکەیدا، ئەوە ئەوەیە فەرمانی پارێزگاری ئاوسێیی و پارێزگاری جیرانی پێکراوە))

"محمد بن عثمان الحافظ" دەڵێت: ئەمە لەو بەناو فەرموودانەیە کە "ابن محمد العمري" داینناوە، ئەو بەو جۆرەیە وەسفکراوە، ئەم ئیسنادە شانناداتە ژێر ئەم فەرموودەیە.

فەرموودەکەی "بريدة بن الحصيب" "الحسن بن مكرم" ریوایەتی کردووە: لە "بريدة" ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: ((وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) زانیمان چۆن سەلامت لەسەر بکەین، ئەی صەلەوات لەسەرت چۆنە؟ فەرمووی: بڵێن:

"أللهم اجعل صلواتك ورحمتك على محمد و على آل محمد، كما جعلتها على إبراهيم، إنك حميد مجيد"))

فەرموودەکەی: "سهل بن سعد الساعدي" "الطبراني" ریوایەتی کردووە: لە "سهل بن سعد"ەوە(خوا لێی رازی بێت) پێغەمبەر فەرمووی: ((نوێژ بۆ کەسێك نییە دەستنوێژی نەبێت، دەسنوێژ بۆ کەسێك نییە ناوی خودای لەسەر نەهێنابێت، نوێژیش بۆ کەسێك نییە صەڵەوات لەسەر من نەدات، نوێژ بۆ کەسێك نییە "الأنصار"ی خۆش ناوێت))

"ابن ماجة" لە "عبدالمهيمن بن عباس" برای "أبي بن عباس"ەوە ریوایەتی کردووە.

"سهل بن سعد الساعدي" فەرموودەیەکی تری هەیە "عبدالله بن محمد البغوي" ریوایەتی کردووە: لە "سهل بن سعد"ەوە وتی: ((پێغەمبەر هاتە دەرەوە لە ناکاو "أبا طلحة"م بینی هەستایە سەرپێی و پێشوازی لێکرد، بە پێغەمبەری فەرموو: دایك و باوکم فیدات بێت ئەی پێغەمبەری خودا، سرور و خۆشی لە روخسارت دەبینم، فەرمووی: بەڵێ وایە هەر ئێستا جبریل (عليه السلام) هات بۆ لام و فەرمووی: ئەی محمد هەر کەس یەکجار صەڵەوات-یان وتی یەك صەڵەوات- لەسەرت بدات خودا بەوە دە چاکەی بۆ دەنووسێت و دە خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە و دە پلە بەوە پلەی بەرز دەکاتەوە))

"ابن حبيب" دەڵێت: دەزانم ئەمەشی وت: ((فریشتەکان دە جار صەڵەواتی لەسەر دەدەن))، ئەم فەرموودەیە بە مەسنەدی "سهل"ە پێشتر بە مەسنەدی"أبي طلحة" بوو.

فەرموودەکەی "ابن مسعود" "الحاكم" لە "المستدرك"دا ریوایەتی کردووە: لە "ابن مسعود"ەوە(خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەری خوداوە فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە لە نوێژدا تەحیاتی خوێند با بڵێت: "أللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت وباركت وترحمت على إبراهيم و آل إبراهيم إنك حميد مجيد")) "البيهقي" لە "السنن"دا ریوایەتی کردووە.

"الدار قطني" لە "ابن أبي ليلى يان أبي معمر"ەوە ريوايەتی كردووە، دەڵێت: ((ئيبن مەسعود فێری تەحياتی كردم و فەرمووی: پێغەمبەر فێری كردووم وەك چۆن سورەتێك لە قورئانی فێر دەكردين:

"التحيات لله والصلوات والطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، أللهم صل على محمد وعلى آل بيت محمد كما صليت على إبراهيم، إنك حميد مجيد، أللهم صل علينا معهم، أللهم بارك على محمد وعلى أهل بيته كما باركت على آل إبراهيم، إنك حميد مجيد/ أللهم بارك علينا معهم صلوات الله وصلوات المؤمنين على محمد النبي الأمي، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته"))

دەڵێت: "مجاهد" دەيوت: كاتێك سەلامی لێدا و گەيشتە "وعلى عبادالله الصالحين" ئەوا سەلامی لە ئەهلی ئاسمان و زەوی كردووە.

هەروەها لەو فەرموودانەی "ابن مسعود" ريوايەتی كردوون ئەو فەرموودەيە "محمد بن حمدان المروزي" ريوايەتی كردووە: لە "ابن مسعود"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر كەس صەڵەوات لە ديدارم نەدات دينی بۆ نييە))

"الترمذي" لە جاميعەكەيدا لە "ابن مسعود"ەوە(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر فەرمووی: ((نزيكترين كەس لە منەوە لە رۆژی دواييدا ئەوەيانە زۆرترين صەڵەواتی لەسەر من دابێت)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەيەكی حەسەنی غەريبە.

هەر بەو جۆرە "ابن حبان" لە سەحيحەكەيدا بە سەنەدێكی جياواز ريوايەتی كردووە.

بە هەمان شێوە لە "مسند البزار"دا بە سەنەدێکی جیاواز کە هەموویان دەچنەوە سەر "ابن مسعود" ریوایەتکراوە.

"ابن ماجة" لە سونەنەکەیدا لە "عبدالله بن مسعود"موە فەرمووی: کاتێك صەڵەوات دەدەن لەسەر پێغەمبەری خودا بە باشترین شێوە صەڵەواتی لەسەر بدەن، ئێوە چووزانن لەوانەیە ئەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بخرێتە روو، دەڵێت: پێیان وت: دەی فێرمان بکە، فەرمووی: بڵێن:

((أللهم اجعل صلواتك ورحمتك وبركاتك على سيد المرسلين وإمام المتقين، وخاتم النبيين محمد عبدك ورسولك، إمام الخير وقائد الخير ورسول الرحمة، أللهم ابعثه مقاما محمودا يغبطه به الأولون والآخرون، أللهم صل على محمد، أللهم بارك على محمد، كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد، أللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، إنك حميد مجيد))

هەروەها لە فەرموودەکانی ئەوەیە "النسائي" ریوایەتی کردووە: لە "عبدالله بن مسعود"موە(خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: ((کۆمەڵێك فریشتەی گەڕۆك بۆ خودا هەن سەلامی ئوممەتەکەم پێ دەگەیەنن)) ئەم فەرموودە ئیسنادەکەی سەحیحە.

"أبو حاتم بن حبان" لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە.

فەرموودەکەی "فضالة بن عبيد"(خوا لێی رازی بێت) ئیمام ئەحمەد دەفەرموێ "أبو عبدالرحمن المقريء" بۆی باس کردم تا دەچێتە سەر "فضالة بن عبيد" هاوەڵی پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لە پیاوێك بوو {لە نوێژەکەیدا}

دوعـای دەکـرد و تەمجیدی(شـکۆمەندکردن) خـودای نـەکرد و صـەڵەواتی لەسـەر پێغەمبەر نەدا، پێغەمبـەر فـەرمووی: ئـەوە پەلـەی کـرد، پاشـان بـانگی کـرد و پێـی فەرموو یان بە کەسێکی تری فەرموو: "گەر یەکێك لە ئێوە نوێژی کرد با بە تەمجیدی پەروەردگاری و سەناکردنی دەست پێ بکات پاشان صەڵەوات لەسەر پێغەمبـەر (ﷺ) بدات پاشان ئەوەی دەیەوێت داوای بکات))

فەرموودەکەی "أبي طلحة الأنصاري"(خـوا لێـی رازی بێـت) ئیمـام ئەحمـەد لـە "مسند"دا دەفـەرموێت "شـریح"بۆی بـاس کـردین تـا دەچـێتەوە سـەر"أبـي طلحـة الأنصاري"، فەرمووی: ((رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو لە روخساریدا مژدە و خۆشی دەبینرا، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەم بەیانییە زۆر خۆشحاڵ دیاری و لـە روخسارتدا مژدە و خۆشی دەبینرێت؟ فەرمووی: وایە، لای پەروەرگارمەوە(عز وجل) کەسێك هات بۆ لام و وتی: هەر کەس لە ئوممەتەکەت یـەك صـەڵەواتت لەسـەر بـدات خودا بەوە "دە" چـاکەی بـۆ دەنووسـێت و دە خراپـەی لـێ دەسـڕێتەوە، و دە پلـە پایەی بەرز دەکاتەوە و بە وێنەی ئەوە وەڵام دەدرێتەوە))

لە "عبدالله بن أبي طلحة"ەوە لە باوکییەوە: پێغەمبـەر(ﷺ) رۆژێـك هـات و خۆشـی لەسەر روخساری دەبینرا، وتیان ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە خۆشی لەسەر روخسارت دەبینین؟ فەرموی: ئەوە بەهۆی هاتنی فریشتەیەکەوەیە کە هـات بـۆ لام وتـی: ئـەی محەمەد، ئایا رازی نابیت پەروەردگارت (عز وجل) دەفەرموێ: هەر کەس لە ئوممەتت صـەڵەواتێکت لەسـەر بـدات مـن دە صـەڵەواتی لەسـەر دەدەم، هـەر کـەس لـە ئوممەتەکەت سەلامت لێ بکات دە سەلامی لێ دەکـەم، فـەرمووی: بـەڵێ)) هـەروەها "النسائي و "ابن حبان" ریوایەتیان کردووە.

فەرموودەکەی "أنس بن مالك"(خوا لێی رازی بێت) "النسائي" دەڵێت: "محمد بن مثنى" هەواڵی پێداین تا دەچێتەوە سەر "أنس بن مالك"(خوا لێی رازی بێت): پێغەمبەر فەرمووی: ((هەر کەس ناوی منی لا بهێنن و با صەڵەوات بدات لەسەرم، هەر کەس یەك جار صەڵەوات بدات لەسەرم خودا دە صەڵەواتی لەسەر دەدات))

هەروەها لە ئەنەسەوە گوێی لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((هەر کەس یەك صەڵەواتم لەسەر بدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر دەدات و بەوەش دە خراپەی لێ هەڵدەوەرێنێ و دە پلە پایەی بەرز دەکاتەوە))

ئیمام ئەحمەد و "ابن حبان" لە سەحیحەکەیدا و ""الحاكم" لە ""المستدرك"دا بە رێگەی جیاواز ریوایەتیان کردووە.

ابن إسحاق لە " أنس بن مالك"ەوە: "أبو طلحة" (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا رۆژێك هاتە دەرەوە بۆ لایان، مژدە و خۆشییان لە روخساریدا دەبینی، وتیان: ئێمە ئێستا مژدە و خۆشی لە روخسارت دەبینین، پاشان فەرموودەکەی پێشەوەی باس کرد.

"العشاري" لە "أنس بن مالك"ەوە ریوایەتی کردووە وتی: پێغەمبەری خودا فەرمووی: هەر کەس لە رۆژێکدا هەزار جار صەڵواتم لەسەر بدات نامرێت تا شوێنەکەی خۆی لە بەهەشتدا نەبینێت.

"جعفر الفريابي" دەڵێت"أبوبكر بن أبي شيبة" بۆی باسکردین تا دەچێتە سەر "أنس بن مالك" دەفەرموێ: پێغەمبەر سەرکەوتە سەر مینبەر و فەرمووی: آمین، پاشان پلەیەکی تر سەرکەوتوو فەرمووی: آمین، پاشان سەرکەوتە سەر پلەی سێیەم

و فەرمووی: آمـین، هـاوەڵانی پێیـان فـەرموو: ئـەی پێغەمبـەری خـودا، لەسـەر چی ئامینت كرد؟ فەرمووی: جریل هاتە لام و فەرمووی: لـوتی خـۆڵاوی بێـت كەسـێك بـە دایك و باوكی پیری دەگات یان بە یەكێكیان و ناچێتە بەهەشتەوە، منیش وتم: ئامین، لوتی خۆڵاوی بێت كەسێك بە رەمەزان دەگات و خودا لە گوناهـەكانی خـۆش نابێـت، وتم: ئـامین، {فـەرمووی} لـوتی خـۆڵاوی بێـت كەسـێك نـاوی مـنی لا دەهێنرێـت و صەڵەواتم لەسەر نادات، منیش وتم: ئامین.

هەروەها لە فەرموودەكانی "أنس" ئەو فەرموودەیە "أبو يعلى الموصلي" لە "شباب خليفة بن خياط"ەوە ریوایەتی كردووە تا دەچێتە سەر "أنس"(خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبـەری خـوداوە فـەرمووی: ((هـەر دوو بەندەیـەك كـە یـەكتریان خۆشـدەوێت و یەكێكیان ئەویتریان پێشوازی لێ دەكات و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر دەدەن لەیەكتر جیانابنـەوە تـا خـودا لـە گونـاهی هـەردووكیان خۆشـدەبێت، ئـەوەی پـێش خۆیـان خستووە و ئەوەی دوای خۆیان دەخەن))

هەروەها لە فەرموودەكانی "أنس" ئەو فەرموودەیە "ابن أبي العاص": لە "أنس بن مالـك"ەوە(خوا لێی رازی بێـت) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـودا فـەرمووی: صـەڵەوات لەسەرم لێ بدەن، صەڵەوات لەسەر من كـەفارەتی گوناهـەكانی ئێوەیـە، هـەر كـەس صەڵەوات لەسەر من لێبدات خودا صەڵەواتی لەسەر لێ دەدات))

هەروەها لە فەرموودەكانی ئەوەیە "ابن شاهين" لە "أنس بن مالك"ەوە ریوایەتی كردووە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((هەر كەس لە رۆژێكدا هـەزار جـار صـەڵەوات لەسـەرم بـدات نامرێـت تـا شـوێنی خـۆی لـە بەهەشـتدا نـەبینێت)) ئـەم فەرموودەیە لە رێگەی جیاوازەوە پێشتر خراوەتە روو.

فەرموودەکەی "عمر بن خطاب"(خوا لێی رازی بێت) "إبن إسحاق" دەفەرموێ: "عبدالله بن مسلمة" بۆی باسکردم تا دەچێتە سەر "أنس بن مالك"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ: پێغەمبەر هاتە دەرەوە و خۆی بۆ سەفەر ئامادە کردبوو، کەس نەبوو شوێنی بکەوێت عومەر ترسی لێنیشت، بۆیە بە جەوەندەیە ئاوەوە شوێنی کەوت، بینی پێغەمبەر(ﷺ) بە تینوێتییەوە سوجدەی بردووە، عومەر پەڕی سەند و لەدواوە دانیشت تا سەری بەرز کردەوە، دەڵێ: فەرمووی: کارێکی باشت کرد ئەی عومەر کاتێك منت بینی لە سوژدەدام لێم دوورکەوتییەوە: جبریل هات بۆ لام و فەرمووی: ((هەر کەس یەك صەڵەوات لەسەرت لێ بدات خودا دە صەڵەوات لەسەری لێ دەدا و دە پلە پایەی بەرز دەکاتەوە))

"إبن إسحاق" دەڵێت: "يعقوب بن حميد" بۆی باسکردم تا دەچێتە سەر "عمر بن خطاب"(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەر هاتە دەرەوە خۆی ئامادە کردبوو، منیش بە جەوەندەیە ئاوەوە شوێنی کەوتم، بینیم بە تینوێتییەوە سوژدەی بردووە، بۆیە لام لێسەند، کاتێك تەواو بوو سەری بەرز کردەوە و فەرمووی: کارێکی باشت کرد ئەی عومەر کاتێك لێم دوورکەوتییەوە، جبریل هاتە لام و فەرمووی: هەر کەس صەڵەواتێك لەسەر تۆ لێبدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر لێ دەدات و دە پلە بەرزی دەکاتەوە))

"أبوبكر الإسماعيلي" لە کتێبی "مسند عمر"دا دەڵێت: "عبدالرحمن بن عبدالمؤمن" بۆی باسکردم تا دەچێتە سەر"أنس بن مالك" دەفەرموێت: ((پێغەمبەر هاتە دەرەوە و عومەری کوڕی خەتابی لەگەڵ بوو بە جەوەندەیە ئاوەوە و بەردی نووسینی پێبوو، بینی تەواو بوو، هەروەها بینی بە تینوێتییەوە سوژدەی بردبوو، عومەر لای لێ سەند)) فەرموودەکەی باس کرد.

"إبن شاهين" دەڵێت: "العباس بن العباس بن المغيرة" بۆی باسكردم تا دەگاتە سەر "عمر بن الخطاب" لە پێغەمبەری خوداوە فەرمووی: ((هەر كەس صەڵەواتێك لەسەر من بدەن خودا بەوە دە صەڵەواتی لەسەر دەدات، با لێرە بەدواوە بەندەیەك صەڵەوات -كەم یان زۆر- لەسەرم لێ بدات))

هەروەها لە فەرموودەكانی عومەر (خوا لێی رازی بێت) كە "الترمذي" لە "جامع"ەكەیدا ریوایەتی دەكات: لە عومەری كوڕی خەتابەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: ((دوعا لە نێوان ئاسمان و زەویدا رادەگیرێت و شتێكی لێ سەرناكەوێت هەتا صەڵەوات دەدەی لەسەر پێغەمبەرەكەت-صلى الله عليه وسلم)) بەم جۆرە و بە "موقوف"ی ریوایەتی كردووە.

هەروەها دەفەرموێ: "الحسن" هەواڵی پێدام تا دەگاتە سەر "سعيد بن المسيب" دەفەرموێ: عومەری كوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: هەر مرۆیەكی باوەڕدار بگاتە زەوییەكی بەرین و دوو ركات نوێژی چێشتەنگاوی تێدا ئەنجام بدات و پاشان بڵێت:

"أللهم أصبحت عبدك على عهدك و وعدك، خلقتني ولم أك شيئا، أستغفرك لذنبي، فإني قد أرهقتني ذنوبي، وأحاطت بي إلا أن تغفرها، فاغفر لي يا رحمن" خودا لەو شوێنەدا لە گوناهەكانی خۆش دەبێت با گوناهەكانیشی وەك كەفی دەریا وابن))

هەروەها عومەری كوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: بۆم باسكراوە دوعا لە نێوان ئاسمان و زەویدا شتێكی لێ بەرز نابێتەوە تا صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرەكەت لێ دەدەیت))

دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب فەرمووی: بۆم باسکراوە کردەوەکان شانازی دەکەن بەسەر یەکتردا، صەدەقە دەڵێت: من لە هەمووتان باشترم.

عومەر دەفەرموێت: هەر مرۆیەکی موسڵمان بە دوو جۆر لە ماڵەکەی صەدەقە بکات دەرگاوانی بەهەشت بەپەلە دەچن بە دەمیەوە.

"الطبراني" دەڵێت: "محمد بن عبدالرحيم بن مجبر" لە میسر بۆی باسکردم تا دەگاتە سەر عومەر بن خەتاب (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: ((پێغەمبەر بۆ پێویستی خۆی چووە دەرەوە، منیش بە جەوەندەیە ئاوەوە هاتم بۆ لای، پێغەمبەری بینی بە تینوێتییەوە سوژدەی برد بوو، عومەر لە دواوە کەناری لێ سەند تا سەری هەڵبڕی و فەرمووی: ئەی عومەر کارێکی باشت کرد کاتێك منت بینی بە سوژدەدا چووم کەنارت لێم گرت، جبریل هات بۆ لام و فەرمووی: هەر کەس لە ئومەتەکەت یەك صەڵەوات لەسەرت بدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر دەدات و بەوە دە پلە بەرزی دەکاتەوە))

"محمد بن جعفر" بۆی باسکردم تا دەگاتە سەر "عامر بن ربيعة" لە باوکییەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بوو لەسەر مینبەرەوە وتاری دەدا و دەیفەرموو: ((هەر کەس صەڵەواتێك لەسەرم بدات، بەردەوام فریشتەکان صەڵەوات لەسەری دەدەن تا ئەو صەڵەوات لەسەر من بدات، با بەندەیەك کەم تا زۆری لێ ئەنجام بدات))

"ابن ماجة"ش بە رێگەیەکی تر ریوایەتی کردووە.

"عبدالرزاق" لە "عبدالله بن عامر"ەوە لە باوکییەوە بە گوزارەیەکی تر ریوایەتی کردووە: ((هەر کەس صەڵەواتێك لەسەرم بدات خودا صەڵەواتی لەسەر دەدات، بۆیە زۆر و کەمی لێ بکەن))

فەرموودەكەی "عبدالرحمن بن عوف"(خوا لێی رازی بێت) ئیمام ئەحمەد لە "مسند"ەكەیدا دەڵێت:"أبو سلمة منصور بن سلمة الخزاعي" بۆی باس كردین تا دەچێتەوە سەر "عبدالرحمن بن عوف" فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) هاتە دەرەوە و منیش شوێنی كەوتم تا چووە ناو باخە دارخورمایەك، و سوژدەی برد و سوژدەكەی درێژەی كێشا، تا ترسام یان ترسام لەوەی خودا مراندبێتی یان گیانی كێشا بێت، دەڵێ: هاتم تەماشای بكەم، لەو كاتەدا سەری بەرزكردەوە و فەرمووی: چیتە "عبدالرحمن"؟ دەڵێ: ئەوەم بۆ باس كرد، ئەوجا دەڵێت: فەرمووی: جبریل پێی وتم: دەتەوێ مژدەت پێ بدەم، خودا (عز وجل) دەفەرموێت: هەر كەس صەڵەواتت لەسەر بدات صەڵەواتی لەسەر دەدەم، هەر كەس سەلامت لێ بكات سەلامی لێ دەكەم))

"أبو سعيد مولى بني هاشم" بۆی باسكردین تا دەچێتەوە سەر "عبدالرحمن بن عوف" فەرموودەكەی باس كرد و ئەمەشی تێدایە كە پێغەمبەر دەفەرموێ: ((منیش سوژدەی شوكرم بۆ خودا برد)). "الحاكم" و "ابن أبي الدنيا"ش ریوایەتیان كردووە.

"زيد بن الحباب" بۆی باسكردین تا دەچێتەوە سەر "عبدالرحمن بن عوف"، فەرمووی: پێغەمبەر سوژدەیەكی برد و زۆر درێژی كردەوە، منیش پرسیاری ئەوەم لێ كرد، ئەویش فەرمووی: من ئەو سوژدەیەم وەك شوكر بۆ خودا (عز وجل) برد بەوەی لە نیعمەت پێی بەخشیوم لە ئوممەتەكەمدا، هەر كەس صەڵەواتێكم لەسەر بدات خودا بەو كارەی دە صەڵەواتی لەسەر دەدات)).

"المخلص" دەڵێت: "البغوي" بۆی باس كردم تا دەچێتەوە سەر "عبدالرحمن بن عوف"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر فەرمووی: (("جبریل"م پێگەیشت، مژدەی پێدام خودا(عز وجل) پێت دەفەرموێت: هەر كەس صەڵەواتێكت

لەسەر بدات صەڵەواتی لەسەر دەدەم، هەر کەس سەلامت لێ بکات سەلامی لێ دەکەم، منیش بۆ ئەوە سوژدەم برد)).

فەرموودەکەی "أبي بن كعب"(خوا لێی رازی بێت) "عبد بن حميد" لە "مسند"ەکەیدا دەڵێت: "قبيضة بن عقبة" بۆی باس کردین تا دەچێتە سەر "أبي بن كعب"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ: ((پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك چارەکێ لە شەو تێدەپەڕی هەڵدەستا و دەیفەرموو: خەڵکینە، یادی خودا بکەن، یادی خودا بکەن، "الراجفة" هات و "الرادفة" بەدوایدا دێت، مردن و ئەوەی تێیدایە هاتووە، مردن و ئەوەی تێیدایە هاتووە، –أبي بن كعب دەڵێت– وتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ): من زۆر صەڵەوات لەسەر تۆ دەدەم، چەندە لە دوعاکانم بۆ صەڵەوات دابنێم؟ فەرمووی: چەند دەتوانی، وتم: چارەکێك؟ فەرمووی: چەند دەتوانی، گەر زیادی بکەیت ئەوە خێرترە، وتم: نیوە؟ فەرمووی: چەند دەتوانی، گەر زیادی بکەیت ئەوە خێرترە، وتم دوو سێ یەك؟ فەرمووی: چەند دەتوانی، گەر زیادی بکەیت ئەوە خێرترە، وتی: هەموو دوعاکانم بۆ تۆ تەرخان دەکەم (واتە بۆ صەڵەواتدان لەسەر تۆ)، فەرمووی: کەوابوو بەشی خەم و پەژارەت دەکات (واتە نایانهێڵێت) و لە گوناهەکانت خۆشدەبن)).

فەرموودەکەی "أوس بن أوس"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((باشترین رۆژەکانی ئێوە رۆژی جومعەیە، ئادەمی تێدا دروستکرا، "النفخة–نەفخی صور"ی تێدایە، و "الصعقة–قریشکە یان زیرە"ی تێدایە، بۆیە صەڵەواتی زۆرم لەسەر بدەن، صەڵەواتەکانتان بە من دەگات، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) چۆن صەڵەواتەکانمان بە تۆ دەگات لە کاتێکدا تۆ لە خاکدا

رزاویـت؟ فـەرمووی: خـودا(عز وجـل) حـەرامی كـردووە لەسـەر زەوی جەسـتەی پێغەمبەران بخوات)).

فەرموودەكەی "أبي هريرة" فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((خێرترین رۆژێك خۆری تێدا هەڵبێت رۆژی جومعەیە، تیایدا ئادەم دروستكرا، تیایدا دابەزی{لە بەهەشت دەركرا}، تیایدا خودا تەوبەی لێ قبووڵ كرد و تیایدا مرد، و تیایدا قیامەت هەڵدەستێ، هەرچی گیاندارە كە رۆژی جومعە دێت و خۆر هەڵدێت گوێ بۆ دەنگی هەستانی قیامەت دەگرن جگە لە مرۆڤ و جینی، لە رۆژی هەینیدا ساتێك هەیە هەر بەندەیەكی موسڵمان پێی بگات و تیایدا دوعا بكات و داوای شتێك لە خودا بكات خودا پێی دەبەخشێت)).

فەرموودەكەی "أبي الدرداء"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا فـەرمووی: ((لـە رۆژی جومعـەدا صـەڵەواتی زۆرم لەسـەر بـدەن، چـونكە رۆژێكـی مەشهودە و فریشتەكانی تێدا ئامادە دەبێت، هەر كـەس صـەڵەواتم لەسـەر لـێ بدات صەڵەواتەكەی پێم دەگات تا تەواو دەبێت، دەڵێ: وتم: لە دوای مردنیش؟ فـەرمووی: خودا حەرامی كردووە لەسەر زەوی جەستەی پێغەمبەران بخوات، بۆیـە پێغەمبـەری خودا زیندووە و رۆزی پێدەدرێت)) ئەم فەرموودەی "أبي الدرداء" بە سەنەدێكی تـر "الطبراني" هێناویەتی، و "ابن ماجة"ش ریوایەتی كردووە.

فەرموودەكەی "أبي أمامة"، "البيهقي" دەڵێت: لە "أبي أمامة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) دەفـەرموێت: پێغەمبـەری خودا (ﷺ) دەفـەرموێت: ((لـە هـەموو رۆژێكـی جومعـەدا صەڵەواتی زۆرم لەسـەر بـدەن، چونكە صـەڵەواتی ئوممەتەكـەم بۆم دەخرێنـە روو، هەركامیان صەڵەواتی زۆرترم لەسەر بدات لە هەموویان پلە و پایەی لە من نزیكترە)).

فەرموودەکەی "أنس": "الطبراني" دەڵێت: لە "أنس"ەوە(خوا لێی رازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: ((صەڵەواتی زۆرم لەسەر بدەن لە رۆژی جومعەدا، جبریل لە پەروەردگارییەوە(عز وجل) ئێستا هات بۆ لام و فەرمووی: هەر موسڵمانێك لەسەر زەوی یەك جار صەڵەوات لەسەرت بدات من و فریشتەکانم دە صەڵەواتی لەسەر دەدەین)).

هەروەها لە "أنس"ەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((لە رۆژی جومعەدا صەڵەواتی زۆرم لەسەر بدەن، چونکە صەڵەواتەکانتان بۆم دەخرێنە روو)).

ئەم دوو فەرموودەیە هەرچەند لاوازن، بەڵام شایەنی بەڵگەهێنانە و ئاماژە بۆکردنن.

"ابن أبي السري"یش ریوایەتی کردووە لە "أنس"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەفەرموێت: ((لە رۆژی جومعەدا صەڵەواتم لەسەر بدەن))

هاوەڵان صەڵەواتیان لە رۆژی جومعەدا لا باش و پەسەند بوو.

زەیدی کوڕی وەهب دەڵێت: "ابن مسعود"(خوا لێی رازی بێت) پێی وتم: ئەی زەیدی کوڕی وەهب لە رۆژی جومعەدا هەزار جار صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) واز لێ مەهێنە، بڵێیت: "أللهم صل على محمد النبي الأمي"

فەرموودەکەی "الحسين بن علي"(خوا لێی رازی بێت): "أبو يعلى" لە مەسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە تا دەگاتە سەر "العلاء بن عبدالرحمن" دەڵێت: گوێم لە "الحسين بن علي بن أبي طالب" دەیفەرموو: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((لە ماڵەکانتاندا صەڵەوات لێ بدەن و مەیانکەن بە گۆڕستان، ماڵەکەم مەکەن بە جێ جەژن و جێ بۆنە، صەڵەواتم لەسەر بدەن و سەلامم لێ بکەن، صەڵەوات و سەلامی ئێوە لە هەر شوێنێك بن پێم دەگات)).

"الطبراني" لە "المعجم الكبير"دا لە "حسين بن حسن بن علي بن أبي طالب"ەوە لە باوكييەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: لە هەر شوێنێك هەن صەڵەواتم لێ بدەن، صەڵەواتەكانتان بە من دەگات)).

فەرموودەكەی "الحسين"ی برای(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: هەر كەس ناوی منی لاهێنرا و لەدەستی چوو صەڵەواتم لەسەر بدات، رێگەی بەهەشتی لەدەست دەچێت)).

النسائي" دەفەرموێت: لە "علي بن حسين"ەوە لە باوكييەوە لە باپیرییەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: (بەخیل كەسێكە ناوی منی لا بهێنرێت و صەڵەواتم لەسەر نەدات)).

فەرموودەكەی "فاطمة"(خوا لێی رازی بێت) "أبو العباس الثقفي" دەڵێت: "أبو رجاء" بۆی باسكردین تا دەچێتە سەر "عبدالله بن الحسن" لە دایكییەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە "فاطمة"ی كچی(خوا لێی رازی بێت): ((گەر چوویە ناو مگەوتەوە بڵێ: "بسم الله، والحمد لله، أللهم صل على محمد وسلم، أللهم اغفر لي، وسهل لي أبواب رحمتك" كاتێك رۆیشتییە دەرەوە لە مزگەوت هەمان شت بڵێ، جگە لەوەی فەرمووی: "وسهل لي أبواب رزقك"))

هەروەها "الترمذي" لە "علي بن حجر" لە "إسماعيل بن إبراهيم" ریوایەتی كردووە تا دەگاتە سەر "فاطمة الكبرى"(خوا لێی رازی بێت) "إسماعيل" دەڵێت: گەیشتم بە "عبدالله بن الحسن" لە مەكە، پرسیاری ئەم فەرموودەیەم لێكرد، ئەویش بۆی گێڕامەوە.

فەرموودەکەی "البراء بن عازب"(خوا لێی رازی بێت) "أحمد بن عمرو بن أبي عاصم" لە "البراء"ەوە(خوا لێی رازی بێت): پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس صەڵەواتم لەسەر لێ بدات دە چاکەی بۆ دەنووسرێ و دە خراپەی بەهۆیەوە لێ هەڵدەوەرێت، و دە پلە بەرزی دەکاتەوە، وەك ئازادکردنی دە کۆیلە وان بۆی))

فەرموودەکەی "جابر بن عبدالله"(خوا لێی رازی بێت) "النسائي" لە "سننه الكبير" دەڵێت: "أحمد بن عبدالله بن سويد ابن منجوف" بۆی باسکردین تا دەگاتە سەر "جابر بن عبدالله"(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((هەر دەستەیەك کۆدەبنەوە و پاشان بەبێ یادی خودا (عز وجل) و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بلاوەی لێ دەکەن ئەوا لەسەر بۆگەنترین لاشەی تۆپیو هەڵدەستن))

هەروەها "أحمد بن عمرو بن أبي عاصم" دەڵێت: "أحمد بن عصام" بۆی باسکردین تا دەگاتە سەر "جابر"(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((مەمکەن بە مەتارەی سوار (دەفرێك بووە ئاوی تێدا هەڵگیراوە)، سوار مەتارەکەی پڕ دەکات، کە تەواو دەبێت و شتەکانی بە وڵاخەکەیدا هەڵدەواسێت، گەر ئاوی تێدا بێت دەیخواتەوە بەپێویستی خۆی یان دەستنوێژی لێ هەڵدەگرێت، ئەگەر نە، مەتارەکە دەڕێژێت بمخەنە سەرەتا و ناوەڕاستی دوعاوە مەمخەنە کۆتاییەکەیەوە))

"الطبراني" دەڵێت: "إسحاق الدبرى" بۆی باسکردین تا دەگاتە سەر "جابر": فەرموودەکەی باس کرد، جگە لەوەی دەڵێت: "بمخەنە سەرەتای دوعا و ناوەڕاستی دوعا و کۆتاییەکەیەوە"

فەرموودەکەی "أبی رافع" مەولای پێغەمبەر (ﷺ) "الطبراني" دەڵێت: "نصر بن

عبدالملك السنجاري" بۆی باسكردین تا دەگاتە سەر "أبي رافع" دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: ((گەر گوێی یەكێك لە ئێوە زرنگایەوە با یادم بكات و صەڵەواتم لەسەر بدات))

هەروەها "محمد بن إسحاق بن خزيمة" دەفەرموێت: "زياد بن يحيى الحساني" بۆی باسكردین تا دەگاتە سەر "أبي رافع" دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: گەر گوێی یەكێك لە ئێوە زرنگایەوە با یادم بكات و صەڵەواتم لەسەر بدات و بڵێت: خودا یادی ئەو كەسە بكات یادم دەكات))

فەرموودەكەی "عبدالله بن أبي أوفى"(خوا لێی رازی بێت) "الترمذي" لە "الجامع"كەیدا دەڵێت: "علي بن عيسى بن يزيد البغدادي" بۆی باسكردین تا دەگاتە سەر "عبدالله بن أبي أوفى" فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر كەس پێویستییەكی هەبوو لەلای خودا یان لەلای كەسێك لە رۆڵەكانی ئادەم، با دەستنوێژ هەڵبگرێت و دەستنوێژەكەی زۆر باش هەڵبگرێت، پاشان دوو ركات نوێژ بكات، پاشان مەدح و سەنای خودا بكات و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێبدات، پاشان بڵێت: "لا إله إلا الله الحليم الكريم، سبحان الله رب العرش العظيم، الحمد لله رب العالمين، أسألك موجبات رحمتك وعزائم مغفرتك، والغنيمة من كل بر، والسلامة من كل إثم، لا تدع لي ذنبا إلا غفرته، ولا هما إلا فرجته، ولا حاجة هي لك رضا إلا قضيتها يا أرحم الراحمين"))

فەرموودەكەی "رويفع بن ثابت"(خوا لێی رازی بێت) "الطبراني" لە "المعجم الكبير"دا دەڵێت: "عبدالملك بن يحيى بن بكير المصري" بۆی باسكردین تا دەگاتە "رويفع بن ثابت الأنصاري" دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر

کەس بڵێت: "أللهم صل على محمد، وأنزله المقعد المقرب عندك يوم القيامة–واتە: "أللهم صل على محمد" خودایە لە پلە و پایەی نزیککراوە لە خۆت لە رۆژی دواییدا دایبنێیت" شفاعەتی منی بۆ شایستە دەبێت))

فەرموودەکەی "أبي أمامة"(خوا لێی رازی بێت) "الطبراني" دەڵێت: "محمد بن إبراهيم بن عوف" بۆی باسکردین تا دەگاتە سەر "أبي أمامة": فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەر دەستەیەك لە مەجلیسێکدا دانیشتن و پاشان لێی هەستان و یادی خودایان نەکرد و صەڵەواتیان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێنەدا ئەوا ئەو مەجلیسە بۆیان دەبێت بە پەشیمانی))

"الطبراني" هەر لە "أبي أمامة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس صەڵەوات لەسەرم بدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر دەدات، فریشتەیەکی پێ تایبەتکراوە تا بەمنی بگەیەنێت))

"إسماعيل ابن إسحاق" لە کتێبەکەیدا: لە عبدالرحمن بن بشر بن مسعودەوە فەرمووی: ((وترا: ئەی پێغەمبەری خودا فەرمانت پێکردین سەلامت لێ بکەین ئێمە زانیمان چۆن سەلامەتت لێ بکەین، ئەی چۆن صەڵەواتت لەسەر لێ بدەین؟ فەرمووی: دەڵێن: "أللهم صل على آل محمد كما صليت على آل إبراهيم، أللهم بارك على آل محمد كما باركت على آل إبراهيم"))

هەر لە "عبدالرحمن بن بشر بن مسعود"ەوە(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: وتمان، یان وترا بە پێغەمبەر (ﷺ): فەرمانمان پێکرا صەڵەوات و سەلامت لەسەر بدەین، "سەلام"مان زانی، بەڵام چۆن صەڵەواتت لەسەر بدەین؟ فەرمووی: دەڵێن: "أللهم صل على محمد كما صليت على آل إبراهيم" وەك ئەویتر باسی کرد.

فەرموودەكەی "أبي بردة بن نيار"(خوا لێی رازی بێت) "النسائي" لە "أبي بردة بن نيار"ەوە: دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: ((هەركەس لە ئوممەتم صەڵەواتم لەسەر بدات صەڵەواتێكی موخلیسانە لە دڵەوە خودا بەوە دە صەڵەواتی لەسەر دەدات، دە پلە پایەی بەرز دەكاتەوە و بەوە دە چاكەی بۆ دەنوسێت و دە خراپەی لەسەر هەڵدەوەرێنێت))

"الطبراني" لە "المعجم الكبير"دا لە "سعيد بن عمير بن عقبة بن نيار الأنصاري"ەوە لە مامیەوە "أبي بردة بن نيار"ەوە هەمان فەرموودە ریوایەت دەكات.

فەرموودەكەی "عمار بن ياسر"(خوا لێی رازی بێت) "أبو الشيخ الأصبهاني" لە "عمار بن ياسر"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((خودا (تبارك وتعالى) فریشتەی هەیە كە گوێی بیستنی دروستكراوەكانی پێداوە، ئەو لەسەر گۆڕەكەم وەستاوە كە مردم، هەركەس صەڵەواتێكم لەسەر بدات پێم دەڵێت: ئەی محمد فلانی كوڕی فلان صەڵەواتی دا لەسەرت، فەرمووی: خودا (تبارك وتعالى) صەڵەوات لەسەر ئەو پیاوە بدات بە هەر دانەیەك دە دانە))

"الطبراني" لە "المعجم الكبير"دا لە "ابن الحميري"ەوە دەڵێت: "عمار بن ياسر" پێی وتم: ئەی "ابن الحميري" پێتخۆشە دەربارەی خۆشەویستەكەم پێغەمبەر (ﷺ) باست بۆ بكەم؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: ((پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ئەی عەمار خودا فریشتەی هەیە گوێی بیستنی هەموو دروستكراوەكانی پێداوە و لەسەر گۆڕەكەم راوەستاوە كاتێك دەمرم هەتا رۆژی دوایی، هەر كەسێك لە ئوممەتم صەڵەواتێكم لەسەر بدات فریشتەكە بەناوی خۆی و باوكیەوە ناوی دەهێنێت و دەڵێت: ئەی محەمەد، فلان ئەوەندە و ئەوەندە صەڵەواتی لەسەرت دا، خودا (عز وجل) بە هەر دانەیەك دە دانە صەڵەوات لەسەر ئەو پیاوە دەدات))

هەر لە "عمار بن ياسر"ەوە دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: خودا فریشتەیەکی هەیە گوێی بیستنی بەندەکانی پێداوە، هەر کەس صەڵەواتێك لەسەرم بدات پێم دەگەیەنێت، منیش داوام لە پەروەردگارم کردووە هەر بەندەیەك صەڵەواتێکم لەسەر دەدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر بدات))

فەرموودەکەی "أبی أمامه بن سهل بن حنيف (خوا لێی رازی بێت) "الشافعي" لە مەسنەدەکەیدا دەفەرموێت: لە "أبي أمامة بن سهل بن حنيف"ەوە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پێداوە: سوننەت لە نوێژی جەنازەدا ئەوەیە: ئیمام "الله أكبر" بکات پاشان سورەتی "الفاتحة" بخوێنێت لە دوای "الله أكبر"ی یەکەم (بە نهێنی لە نەفسی خۆیدا بیخوێنێت)، پاشان صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لێ بدات، لە "الله أكبر"ەکانی تردا دوعا بۆ مردووەکە یەکلابکاتەوە، لە شتێك لەوانەدا قورئان ناخوێنێت، پاشان بە نهێنی لە نەفسی خۆیدا سەلام دەداتەوە))

"إسماعيل بن إسحاق" دیسان لە "أبي أمامة بن سهل بن حنيف" کە قسەی بۆ "سعيد بن المسيب" کردووە، فەرمووی: سوننەت لە نوێژی جەنازەدا ئەوەیە: سورەتی "الفاتحة" بخوێنیت و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لێ بدەیت پاشان دوعا بۆ مردووەکە بکەیت تا تەواو دەبیت، تەنها یەك جار قورئان دەخوێنرێت، پاشان لە نەفسی خۆیدا سەلام بداتەوە. "النسائي" لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە و ئەم فەرموودە ئیسنادەکەی دروستە.

فەرموودەکەی "جابر بن سمرة"(خوا لێی رازی بێت) "الدقيقي" دەڵێت: لە "جابر بن سمرة"ەوە وتی: ((پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر مینبەر، و فەرمووی: آمین، آمین، بۆیە وترا: ئەی پێغەمبەری خودا، پێشتر ئەوەت نەکردووە(نەفەرمووە)؟ فەرمووی: جبریل

پێی فەرمووم–(فەرموودەکەی باس کرد) و تیایدا فەرمووی: ئەی محەمەد هەر کەس تۆی لا باسبکرێت و صەڵەواتت لەسەر نەدات و بمرێت ئەوا چووەتە ئاگرەوە، خودا دووری بخاتەوە، بڵێ: آمین، منیش وتم: آمین))

فەرموودەکەی "مالك بن الحوريث"(خوای لێ رازی بێت) "أبو حاتم البستي" لە سەحیحەکەیدا لە "مالك بن الحويرث" لە باوکیەوە، لە باپیریەوە: فەرمووی: ((پێغەمبەر سەرکەوتە سەر مینبەر، کە سەرکەوتە سەر پلەی یەکەم فەرمووی: آمین، کاتێك سەرکەوتە سەر پلەی دووەم فەرمووی: آمین، پاشان سەرکەوتە سەر پلەی سێیەم و فەرمووی: آمین، پاشان فەرمووی: جبریل هات بۆ لام و فەرمووی: ئەی محەمەد، هەر کەس گەیشتە رەمەزان و خودا لێی خۆش نەبوو خودا دووری بخاتەوە، منیش وتم: ئامین، فەرمووی: هەر کەس بە دایك و باوکی گەیشت یان بە یەکێکیان و چووە ناو ئاگرەوە خودا دووری بخاتەوە، منیش وتم: ئامین، هەروەها فەرمووی: هەر کەس ناوی تۆی لا هێنرا و صەڵەواتی لەسەر نەدایت خودا دووری بخاتەوە، بڵێ: ئامین، منیش وتم: ئامین.

فەرموودەکەی "عبدالله بن جزء الزبيدي"(خوا لێی رازی بێت) جعفر الفريابی: لە " عبدالله بن الحارث جزء الزبيدي"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) رۆیشتە مزگەوت و سەرکەوتە سەر مینبەر، کاتێك سەرکەوتە سەر یەکەم پلە فەرمووی: ئامین، پاشان سەرکەوتە سەر پلەی دووەم و فەرمووی: ئامین، و پاشان سەرکەوتە سەر سێیەم و فەرمووی: ئامین، کاتێك دابەزی پێی وترا: بینیمان شتێکت کرد پێشتر نەتکردبوو؟ فەرمووی: جبریل لە یەکەم پلەدا بۆم دەرکەوت و فەرمووی: ئەی محەمەد، هەر کەس گەیشت بە یەکێك لە دایك و باوکی و نەیانبردە بەهەشتەوە خودا دووری بخاتەوە، فەرمووی: وتم:

ئامین، پاشان لە دووەمدا فەرمووی: هەر کەس گەیشتە مانگی رەمەزان و خودا لێی خۆش نەبوو، خودا دووری بخاتەوە، منیش وتم: ئامین، لە سێیەمدا فەرمووی: هەر کەس ناوی تۆی لا هێنرا و صەلەواتی لەسەر نەدای خودا دووری بخاتەوە پاشان خودا دووری بخاتەوە، منیش وتم: ئامین))

فەرموودەکەی "ابن عباس"(خوا لێی رازی بێت) "الطبراني" لە "المعجم"دا لە "ابن عباس"ەوە–خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت– فەرمووی: ((کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەر بوو سێ جار فەرمووی: ئامین، لەوبارەیەوە پرسیاری لێکرا، و فەرمووی: جبریل هات بۆ لام و فەرمووی: هەر کەس منی لا باسکرا و صەلەواتی نەدا لەسەرم خودا دووری بخاتەوە، بڵێ: ئامین، منیش وتم: ئامین، فەرمووی: هەر کەس گەیشت بە دایك و باوکی یان بە یەکێکیان و بمرێ و خودا لێی خۆش نەبێت خودا دووری بخاتەوە، بڵێ: ئامین، منیش وتم: ئامین، هەر کەس گەیشتە رەمەزان و خودا لێی خۆش نەبوو، خودا دووری بخاتەوە، بڵێ: ئامین، منیش وتم: ئامین))

هەروەها لە فەرموودەکانی "ابن عباس"(خوایان لێ رازی بێت): پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس لە نووسراوێکدا صەلەوات لەسەرم بدات بەردەوام صەلەواتەکە جاری دەبێت تا ناوی من لەو نووسراوەدا بێت))

فەرموودەیەکی تر "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی.... فەرموودەکەی باس کرد.

بە مەوقوف لە "محمد بن حمير"ەوە گێڕراوەتەوە: دەڵێت: ((هەر کەس لە نوسراوێکدا صەلەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بدات، فریشتەکان بەیانیان و ئێواران صەلەواتی لەسەر دەدەن هەتا ناوی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەو نووسراوەدا بێت))

"عبدالله بن صالح" دەڵێت: هەندێ لە ئەهلی فەرموودە لە خەوندا بینران، پێیوترا: خودا چی لەگەڵ کردی؟ وتی: لێم خۆش بوو، وترا: بەچی؟ وتی: بەو صەڵەواتانە لە نوسراوەکانمدا لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەمنووسی.

هەروەها لە فەرموودەکانی "ابن عباس" ئەوەیە "الطبراني" لە "المعجم"دا ریوایەتی کردووە: لە "ابن عباس"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس صەڵەواتی لەسەر من لەبیر بچێت ڕێگەی بەهەشتی لێتێکچووە)) هەروەها "ابن ماجة" لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە.

فەرموودەکەی "محمد بن الحنفية"(خوا لێی ڕازی بێت) "ابن أبي عاصم" لە کتێبی: "الصلاة على النبي"دا دەڵێت: لە "جعفر بن محمد" لە باوکیەوە فەرمووی: ((پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەس ناوی منی لابهێنرێت و لەبیری چوو صەڵەواتم لەسەر بدات ئەوا ڕێگەی بەهەشتی لێ هەڵە بووە))

فەرموودەکەی "أبی هریرە"(خوا لێی ڕازی بێت) لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی ڕازی بێت): ((هەر کەس لەبیری چوو صەڵەواتم لەسەر بدات ڕێگەی بەهەشتی هەڵەکردووە))

فەرموودەکەی"أبي ذر"(خوا لێی ڕازی بێت) لە "أبي ذر"ەوە(خوا لێی ڕازی بێت): پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((بەخیلترین مرۆڤ ئەو کەسەیە ناوی منی لابهێنرێت و صەڵەواتم لەسەر نەدات))

"ابن أبي عاصم" لە کتێبی "الصلاة على النبي (ﷺ) "دا دەڵێت: لە "أبي ذر"ەوە(خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: ((ڕۆژێك چوومە دەرەوە و هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((دەتانەوێ هەوڵتان پێ بدەم دەربارەی بەخیلترین

کەس؟ وتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: هەر کەس ناوی منی لا بهێنرێت و صەڵەواتم لەسەر نەدات، ئەوە بەخیلترین کەسە))

فەرموودەکەی "وائلة بن الأسقع"(خوا لێی رازی بێت) لە "وائلة بن الأسقع"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ): ((هەر دەستەیەك لە دانیشتنێکدا دابنیشن و پاشان بلاوەی لێ بکەن پێش ئەوەی یادی خودا بکەن و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بدەن، ئەوا ئەو دانیشتنە لە رۆژی دواییدا دەبێتە پەشیمانی لەسەریان))

فەرموودەکەی "أبي بكر الصديق"(خوا لێی رازی بێت) "ابن شاهين" دەڵێت: لە "أبي بكر الصديق"ەوە(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((هەر کەس صەڵەواتم لەسەر بدات لە رۆژی دواییدا دەبم بە تکاکاری (شفاعەتکاری)))

"ابن أبي داود" دەڵێت: لە "أبي بكر الصديق"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بوو لە حەجی ماڵئاواییدا دەیفەرموو: ((خودا (عز وجل) بە داوای لێخۆشبوون گوناهەکانتان پێ دەبەخشێتەوە، هەر کەس بە نیێتی راستگۆیانە داوای لێخۆشبوون بکات خودا لێی دەبورێت، هەر کەسیش بڵێت: "لا إلـه إلا الله" ترازووەکەی پارسەنگ دەدرێت، هەر کەس صەڵەواتم لەسەر بدات لە رۆژی دواییدا دەبمە تکاکاری))

فەرموودەکەی "عائشة"(خوا لێی رازی بێت) "إبراهيم بن رشيد بن مسلم" دەڵێت: لە "عائشة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر بەندەیەك صەڵەواتێکم لەسەر دەدات فریشتەیەك بەرزی دەکاتەوە تا دەیگەیەنێتە رووی "الرحمن"(عز وجل) پەروەردگارمان (تبارك وتعالى) دەفەرموێت:

بیبەن بۆ لای گۆڕی بەندەکەم داوای لێخۆشبوون بۆ خاوەنەکەی بکات و چاوی بەوە ڕۆشن ببێتەوە))

"أبو نعيم" دەڵێت: لە "عائشة"ەوە(خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس صەڵەواتم لەسەر بدات فریشتەکان صەڵەواتی لەسەر دەدەن تا ئەو لە صەڵەواتداندا بێت لەسەر من، با بەندەیەك زۆری بکات یان کەمی بکات))

فەرموودەکەی "عبدالله بن عمرو"(خوا لێی ڕازی بێت) "أبو داود" لە سونەنەکەیدا لە "عبدالله عمرو بن عاص"ەوە گوێی لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بوو فەرمووی: ((گەر گوێتان لە بانگوێژ بوو هەروەك ئەو دەیڵێت بیڵێنەوە پاشان صەڵەواتم لەسەر بدەن، هەر کەس صەڵەواتێکم لەسەر بدات خودا دە صەڵەوات لەسەری دەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن، چونکە ئەوە پلە و پایەیەکە لە بەهەشتدا تەنها بە بەندەیەك لە بەندەکانی خودا دەدرێت، ڕجام وایە من ئەو کەسە بم، هەر کەس داوای وەسیلەم بۆ بکات شفاعەتی منی بۆ پێویست دەبێت)) هەروەها "مسلم" لە "محمد بن مسلمة"ەوە ڕیوایەتی کردووە.

فەرموودەیەکی تر هەیە: "أبو قيس" دەڵێت: گوێم لە "عبدالله بن عمرو بن العاص" بوو دەیفەرموو: ((هەر کەس لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) صەڵەواتێك لێ بدات خودا و فریشتەکانی بەو صەڵەواتە حەفتا صەڵەواتی لەسەر دەدەن، با (کەسێك) کەم یان زۆر صەڵەوات بدات))

فەرموودەیەکی تری مەوقوف هەیە: لە "عبدالله بن عمرو"ەوە فەرمووی: ((هەر کەس پێویستییەکی لەلای خودا هەبوو با چوارشەممە و پێنج شەممە و جومعە بەڕۆژوو بێت،

كاتێك گەیشتە رۆژی جومعە خۆی پاك دەكاتەوە و دەچێت بۆ مزگەوت و صەدەقەیەك ئەنجام دەدات كەم یان زۆر، كاتێك نوێژی جومعەی كرد بڵێت: "أللهم إني أسألك باسمك، بسم الله الرحمن الرحيم الذي لا إله إلا هو الحي القيوم لا تأخذه سنة ولا نوم الذي ملأت عظمته السموات والأرض الذي عنت له الوجوه وخشعت له الأصوات و وجلت القلوب من خشيته: أن تصلي على محمد (ﷺ) وأن تعطيني حاجتي وهي كذا وكذا" ئەو دوعایەی وەڵام دەدرێتەوە إنشاء الله، فەرمووی: دەوترا: خەڵكە نەفامەكان فێر مەكەن بەم دوعایە نەوەك داوایەكی خراپ یان بڕینی رەحمی پێ بكەن))

فەرموودەكەی "أبي الدرداء"(خوا لێی رازی بێت) "الطبراني" لە "المعجم الكبير"دا دەڵێت: لە "أبي الدرداء"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر كەس كە رۆژی لێ دەبێتەوە و كاتێك ئێوارەی بەسەردا دێت دە صەڵەواتم لەسەر بدات شفاعەتی منی دەگاتێ))

"الطبراني" دەڵێت: لە "أبي الدرداء"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((لە رۆژی جومعەدا صەڵەواتی زۆرم لەسەر بدەن، ئەو رۆژە رۆژێكی مەشهودە، فریشتەی تێدا ئامادە دەبێت، هەر بەندەیەك صەڵەواتم لەسەر بدات دەنگەكەیم دەگاتێ لە هەر شوێنێك بێت، وتمان: لەدوای مردنیشت؟ فەرمووی: لەدوای مردنیشم، خودا حەرامی كردووە لەسەر زەوی جەستەی پێغەمبەران بخوات))

فەرموودەكەی "سعيد بن عمير الأنصاري البدري"(خوا لێی رازی بێت) "عبدالباقي بن قانع" دەڵێت: لە "سعيد بن عمير" لە باوكیەوە، فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەر كەس راستگۆیانە لە نەفسی خۆیدا صەڵەواتم لەسەر بدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر دەدات و دە پلە پایەی بەرز دەكاتەوە و بەهۆیەوە دە چاكەی بۆ دەنوسرێت))

دەروازەی دووەم

لە "مرسل"[١] و "موقوف"ەکان[٢]

لە "يزيد الرقاشي"ەوە دەڵێت: ((فریشتەیەك لە رۆژی جمعەدا تەرخانکراوە، هەرکەس صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بدات بە پێغەمبەری دەگەیەنێت (ﷺ) و دەڵێت: فلان لە ئومەتەکەت صەڵەواتت لەسەر دەدات)) ئەم فەرموودەیە مەوقوفە.

"مبارك" لە پێغەمبەری خوداوە، فەرمووی: ((لە رۆژی جومعەدا صەڵەواتی زۆرم لەسەر بدەن))

لە "أيوب"ەوە فەرمووی: دەڵێت: پێم گەیشتووە -خودا زاناترە- فریشتەیەك تەرخانکراوە بە هەر کەسێك صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێدەدات تا دەیگەنێتە پێغەمبەر (ﷺ).

---

١. فەرموودەی مورسەل: ئەو فەرموودەیە شوێنکەوتوویەك (تابعی) ریوایەتی دەکات لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) واتە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) وای فەرمووە، بەبێ ئەوەی ناوی یەکێك لە هاوەڵان بهێنێت.(وەرگێڕ)

٢. فەرموودەي مەوقوف: ئەو فەرموودەیە بدرێتە پاڵ یەکێك لە هاوەڵان و لەو تێنەپەڕێت بۆ پێغەمبەری خودا (ﷺ) واتە هاوەڵەکە نەڵێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) وای فەرمووە.(وەرگێڕ)

لە "سهيل"ەوە دەڵێت: هاتم سەلامێك بكەم لە پێغەمبەر(ﷺ) "حسن"ی كوڕی حسین لە ماڵێك لای پێغەمبەر(ﷺ) ئێوارەی دەكردەوە، بانگهێشی كردم، منیش چووم بۆ لای، وتی: نزیك بەرەوە و نانی ئێوارە بخۆ، دەڵێ: وتم نامەوێت، وتی: چیتە دەبینم وەستای؟ دەڵێ: هاتم سەلامێك لە پێغەمبەر(ﷺ) بكەم، وتی: گەر چوویە ناو مزگەوتەوە سەلام لە پێغەمبەر(ﷺ) بكە، پاشان وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە ماڵەكانتاندا نوێژ بكەن و ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕستان، خودا نەفرەتی كرد لە یەهود گۆڕی پێغەمبەرانیان كرد بە مزگەوت، صەڵەواتم لەسەر بدەن، چونكە صەڵەواتەكانتان بە من دەگات لە هەر كوێ بن))

لە "جرير بن حازم"ەوە دەڵێت: گوێم لە "الحسن" بوو دەیوت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەسە بەخیلی بۆ كەسێك من لەلای باسبكرێم و صەڵەواتم لەسەر نەدات))

لە "الحسن"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((بەسە ژەنگوژار بۆی، دەستەیەك باسی من بكەن و صەڵەواتم لەسەر نەدەن))

لە "الحسن"ەوە بەرزی دەكاتەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ): ((لە رۆژی جومعەدا صەڵەواتی زۆرم لەسەر بدەن))

لە "جعفر"ەوە لە باوكیەوە بەرزی دەكاتەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ((هەركەس صەڵەوات لەسەر من لەبیر بكات رێگەی بەهەشتی هەڵەكردووە))

"محمد بن علي" دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر كەس منی لا باسبكرێت و صەڵەواتم لەسەر نەدات رێگەی بەهەشتی لێ تێكچووە))

لە "محمد بن علي"ەوە بەرزی دەكاتەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ((هەر كەس لەبیری چوو صەڵەواتم لەسەر بدات رێگەی بەهەشتی لێتێكچووە))

لـه "جعفـر"ەوە لـه باوکییـەوە پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: ((هـەر کـەس مـنی لا باسبکرێت و صەڵەواتم لەسەر نەدات ئەوا رێگەی بەهەشتی لێ تێکچووە))

لـه "عبـدالله بـن عمـرو"ەوە فـەرمووی: پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: ((هـەر کـەس صـەڵەواتم لەسـەر بـدات، یـان داوای وەسـیلەم لـه خـودا بـۆ بکـات لـه رۆژی دواییـدا شەفاعەتی منی بۆ حەڵاڵ دەبێت))

له "یەزید بن عبدالله"ەوە لایان پەسەند بوو بڵێن: ((أللهم صل محمد الـنبي الأمـي عليه السلام))

له "عبدالله"ەوە وتوویەتی: ((گـەر صـەڵەواتتان لەسـەر پێغەمبـەر(ﷺ) لێـدا ئـەوا بەباشی صەڵەوات لێبدەن، ئێوە نـازانن لەوانەیـە بـۆ پێغەمبـەر بخرێتـە روو، وتیـان: فێرمان بکە، وتی: بڵێن:

"أللهم اجعل صلواتك ورحمتك وبركاتك على سيد المرسلين و إمام المتقين وخاتم النبين محمد عبدك ورسولك، إمام الخير وقائد الخير ورسول الرحمة، أللهم ابعثه مقاما محمودا يغبطه به الأولون والآخرون، أللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، إنك حميد مجيد، أللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، إنك حميد مجيد"))

"يونس مولى بني هاشم" وتی: وتم به "عبدالله بـن عمـر" یـان "ابـن عمـر": چۆن صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بدەین؟ فـەرمووی: ((أللهم اجعل صلواتك وبركاتـك ورحمتك على سيد المرسلين وإمام المتقين وخاتم النبيين محمد عبدك ورسولك إمـام الخـير وقائد الخير، أللهم ابعثه يوم القيامة مقاما محمودا يغبطه الأولون والآخرون، وصل علـى محمد وعلى آل محمد، كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم))

لە "إبراهيم"ەوە وتی: وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) زانیمان چۆن سەلامت لێ بکەین، ئەی چۆن صەڵەواتت لەسەر بدەین؟ فەرمووی: بڵێن: "أللهم صل على محمد عبدك ورسولك وأهل بيته، كما صليت على إبراهيم إنك حميد مجيد"

"السري بن يحيى" وتی: گوێم لە "الحسن" بوو وتی: کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: "إن الله وملائكته يصلون على النبي ياأيها الذين آمنوا صلوا عليه وسلموا تسليما" وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، زانیمان چۆن سەلام بکرێت، چۆن فەرمانمان پێ دەکەی صەڵەواتت لەسەر بدەین؟ فەرمووی: دەڵێن: "أللهم اجعل صلواتك وبركاتك على آل محمد، كما جعلتها على آل إبراهيم إنك حميد مجيد"

"سعيد بن المسيب" دەڵێت: ((هەر دوعایەك سەرەتاکەی صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) تێدا لێ نەدرێت لە نێوان ئاسمان و زەویدا رادەگیرێت))

لە "الترمذي" لە "عمر"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: ((دوعا لە نێوان ئاسمان و زەویدا راگیراوە و هیچی لێ بەرز نابێتەوە تا صەڵەوات دەدەی لەسەر پێغەمبەرەکەت (ﷺ)))

لە "علي"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: ((هەموو دوعایەك لە نێوان ئەو و ئاسماندا پەردەیەك هەیە تا صەڵەوات لەسەر محمد (ﷺ) دەدرێت، کاتێك صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێدا پەردەکە کون دەبێت و دوعاکە وەڵام دەدرێتەوە، گەر صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێ نەدا وەڵامی دوعاکەی نادرێتەوە))

لە "نبيه بن وهب"ەوە: کەعب رۆیشتە ژوورەوە بۆ خزمەتی "عائشة"(خوا لێی رازی بێت) باسی پێغەمبەری خودایان کرد (ﷺ) کەعب وتی: هەر بەیانییەك هەڵدێت حەفتا هەزار فریشتە دادەبەزێت تا دەوری گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن و باڵەکانیان

بەسەر گۆڕەکەدا دەدەن و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن تا ئێوارەیان بەسەر دێت و بەرزدەبنەوە، و حەفتا هەزاری تر دادەبارێن تا دەوری گۆڕەکە دەدەن و باڵەکانیان دەدەن بەسەر گۆڕەکەدا و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن، حەفتا هەزار بە شەو و حەفتا هەزار بە ڕۆژ تا زەوی بۆی شەق دەبات لەناو حەفتا هەزار فریشتەوە دێتە دەرەوە پەلە دەکەن لە ڕۆیشتنیان))

مسلم بن إبراهيم" بۆی باس کردین لە " تا دەگاتە سەر "علقمة" دەڵێت: "الوليد بن عقبة" ڕۆژی جەژن هاتە دەرەوە بۆ لای "ابن مسعود و أبو موسى و حذيفة" و پێی وتن: ((جەژن نزیك بووەتەوە چۆن تەکبیری تێدا دەکرێت؟ "عبدالله" وتی: سەرەتا "الله أكبر"ێك دەکەی و نوێژەکەی پێ دادەبەستی، و حەمدی پەروەردگارت دەکەی و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرەکەت محەمەد (ﷺ) دەدەیت پاشان دوعا دەکەی و "الله أكبر" دەکەی و هەمان شت دووبارە دەکەیەوە، پاشان "الله أكبر" دەکەی و هەمان شت دووبارە دەکەیەوە، پاشان "الفاتحة" دەخوێنێت، پاشان ألله أكبر دەکەی و دەچیتە ڕکوعەوە، پاشان بەرز دەبییەوە دەخوێنێت (مەبەستی "الفاتحة"یە) و ڕکوع دەبەیەوە و حەمدی خودا دەکەی و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێدەدەی، پاشان دوعا دەکەی و "الله أكبر" دەکەی، هەمان شت دووبارە دەکەیەوە، پاشان "الله أكبر" دەکەی و هەمان شت دووبارە دەکەیەوە، پاشان "الله أكبر" دەکەی و پاشان ڕکوع دەبەی، "حذيفة"و "أبو موسى" دەڵێن: "أبو عبدالرحمن" ڕاستی فەرموو))

لە "عبدالله بن أبي بكر"ەوە دەڵێت: لە "خەیف" بووین و "عبدالله بن أبي عتبة"مان لەگەڵ بوو، حەمدی خودای کرد و سەنای لەسەر کرد و صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێدا و کۆمەڵێك دوعای خوێند و پاشان هەستا و نوێژی پێکردین))

"القاسم بن محمد" دەڵێت: پەسەند بوو لەلای کەسێك کە لە "تلبية" تەواو دەبێت صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێبدا.

لە "علي بن حسين"ەوە فەرمووی: "علي بن أبي طالب"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: ((گەر بە پاڵ مزگەوتدا گوزەرتان کرد صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێبدەن))

"سعيد بن ذي حدان" وتی: وتم بە "علقمة": چی بڵێم گەر چوومە ناو مزگەوتەوە؟ فەرمووی: دەڵێیت: "صلى الله وملائكته على محمد، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته"

لە "وهب بن الأجدع"ەوە وتی: گوێم لە عومەری کوڕی خەتاب بوو(خوا لێی رازی بێت) دەیفەرموو: گەر هاتن(بۆ کەعبە) حەوت جار تەواف کەعبە بکەن و لە مەقامدا دوو رکات نوێژ بکەن، پاشان بچن بۆ صەفا لەو شوێنەدا لەسەری بوەستن کە کەعبەتان لێوە دیارە، حەوت تەکبیرە لێ بدەن، لە نێوان هەر دوو تەکبیرێکدا حەمدی خودا بکەن و سەنای لەسەر بکەن و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێ بدەن و داوا بۆ خۆت بکە و لەسەر "مەروە"ش بە هەمان شێوە))

لە "عبدالرحمن بن عمرو"ەوە وتی: ((هەر کەس صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێبدات خودا دە چاکەی بۆ دەنوسێت و دە خراپەی لێ دەسڕێتەوە و دە پلە پایەی بەرز دەبێتەوە))

لە "يعقوب بن زيد بن طلحة التيمي"ەوە وتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کەسێك لەلای پەروەردگارمەوە هات بۆ لام، و وتی: هەر بەندەیەك صەڵەواتێکت لەسەر بدات خودا بەوە دە صەڵەواتی لەسەر دەدات، پیاوێك هەستا بۆ خزمەتی و فەرمووی: ئەی

پێغەمبەری خودا نیوەی دوعاکانم بۆ تۆ تەرخان بکەم؟ فەرمووی: گەر بتەوێ، فەرمووی: دوو سێ یەکی دوعاکانمت بۆ تەرخان بکەم؟ فەرمووی: گەر بتەوێ، فەرمووی هەموو دوعاکانمت بۆ تەرخان دەکەم، فەرمووی: کەوابوو خودا خەم و پەژارەی دونیا و دوارۆژت لە کۆڵ دەکاتەوە))

لە "يزيد الرقاشي"ەوە دەڵێ: فریشتەیەك لە رۆژی جومعەدا تەرخانکراوە بەوانەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دەدەن، بە پێغەمبەری دەگەیەنێت (ﷺ) دەڵێت: فلاّن لە ئوممەتەکەت صەڵەواتت لەسەر دەدات))

لە "ابن طاووس"ەوە لە باوکیەوە دەڵێت: گوێم لە "ابن عباس" بوو (خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت) دەیفەرموو: خودایە شفاعەتی گەورەی محمد (ﷺ) قبووڵ بفەرموو، پلە و پایە بڵندەکەی بەرز بکەرەوە، ئەوەی داوای دەکات لە یەکەمجار و دواجاردا پێی ببەخشە، وەك چۆن بە "ئیبراهیم و موسا"ت بەخشی(سەلامی خودایان لەسەر بێت)))

لە "أبي سعيد"ەوە فەرمووی: ((هەر دەستەیەك دابنیشن و پاشان هەستن و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) نەدەن لە رۆژی دواییدا دەبێت بە حەسرەت بۆیان، گەر بچنە بەهەشتەوە پاداشتەکە دەبینن))

دەروازەی سێیەم

ڕۆشنکردنەوەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) و صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر(ﷺ) لێکدانەوەی مانای "ئال"

ڕۆشنکردنەوەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) و صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر(ﷺ) لێکدانەوەی مانای "ئال" و ڕووی لێکچوونی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر و صەڵەوات لەسەر ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم لە نێوان هەموو پێغەمبەراندا، و کۆتاهێنانی صەڵەوات بە دوو ناوی تایبەتی خودا کە بریتین لە "الحميد والمجيد" و ڕۆشنکردنەوەی مانای سەلام لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) و ڕەحمەت و بەرەکەت و مانای ناوی "محمد"(ﷺ).

بۆیە ئەم دەروازەیە بریتییە لە چەندین بەش:

بەشی یەکەم

کردنەوەی صەڵەواتی صەڵەوا تخوێن بە وشەی "أللهم"

جیاوازی لەوەدا نییە وشەی "أللهم" ماناکەی بریتییە لە "یا ألله" بۆیە تەنها لە داوادا بەکاردەهێنرێت، ناوترێت "أللهم غفور رحيم" بەڵکو دەوترێت: "أللهم اغفر لي وارحمني"

ئەهلی نەحو جیاوازیان لە نێواندا هەیە دەربارەی ئەو "الميم المشددة" لە کۆتایی ناوەکە (أللهم)دا، "سیبویە" دەڵێت: زیادکراوە وەك باربووکردنەوەیەك بۆ "حرف النداء"، بۆیە کۆکردنەوەیان–لەلای ئەو– لە هەڵبژاردنی کەلامدا گونجاو نییە، ناوترێت: "یا أللهم" مەگەر زۆر دەگمەن، وەك قسەی شاعیرێك:

إني إذا ما حث ألما أقول يا أللهم يا أللهما

بەکارهێنانی ئەم ناوە (أللهم) لە شوێنێکدا دوعا بەدوایدا نەیەت دروستە وەك فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ): ((أللهم لك الحمد وإليك المشتكى وأنت المستعان وبك المستغاث وعليك التكلان، ولا حول ولا قوة إلا بك))

هەروەها فەرموودەی: ((أللهم إني أصبحت أشهدك وأشهد حملة عرشك وملائكتك وجميع خلقك أنك أنت الله لا إله إلا أنت وحدك لا شريك لك، وأن محمدا عبدك ورسولك))

هەروەها ئایەتی: ﴿ لِلَّهِ ٱلشَّهۡرُ ٱلۡحَرَامُ بِٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ وَٱلۡحُرُمَٰتُ قِصَاصٞۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾ آل عمران: ٢٦

هەروەها ئایەتی: ﴿ لِلَّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ۖ وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ ۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ۚ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ۚ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ ۗ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ۗ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ الزمر: ٤٦

هەروەها فەرموودەکەی پێغەمبەر لە رکوع و سوژدەدا: ((سبحانك اللهم ربنا وبحمدك أللهم اغفر لي))

لکاندنی ئەم "میم"ە بە کۆتایی ئەم ناوەوە (الله) کە بۆ هەموو داوا و پێویستییەك رووی تێدەکرێت وەك داواکردن وایە بە هەموو ناو و سیفەتەکانی خودا، بۆیە کاتێك داواکەر دەڵێت: "أللهم إني أسألك" وەك ئەوە وایە وتبێتی: داوا لە خودا دەکەم کە خاوەنی ناوە جوانەکان و سیفەتە بەرز و بڵندەکانە بە هەموو ناو و سیفەتەکانییەوە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکی سەحیحدا دەفەرموێت: هەر بەندەیەك خەم و پەژارەیەکی تووشبوو و وتی: "أللهم إني عبدك ابن عبدك ابن أمتك، ناصيتي بيدك ماض في حكمك، عدل في قضائك، أسألك بكل اسم هو لك سميت به نفسك أو أنزلت في كتابك أو علمته أحدا من خلقك أو استأثرت به في عالم الغيب عندك أن تجعل القرآن ربيع قلوبي ونور صدري وجلاء حزني وذهاب همي وغمي" خودا خەم و پەژارەکەی لا دەبات و جێگەی بە دڵخۆشی دەگیرێتەوە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فێری ببین؟ فەرمووی: بەڵێ، پێویستە ئەو کەسەی دەیبیستێت فێری ببێت)).

بۆیە پەسەندە داواکەر بە ناوەکان و سیفەتە بەرز و بڵندەکانی خودا داوا لە خودا بکات وەك لە مەزنترین ناودا: ((أللهم إني أسألك بأن لك الحمد لا إله إلا أنت الحنان المنان بديع السموات والأرض يا ذا الجلال والإكرام يا حي يا قيوم)) ئەم چەند وشەیە ناوە جوانەکانی خودای تێدایە کە لە شوێنی تردا جگە لێرە باسکراوە.

دوعا سێ بەشە:

یەكەمیان: داوا لە خودا بكات بە ناوەكانی و سیفەتەكانی، ئەمە یەكێكە لەو دوو تەئویلە بۆ ئایەتی: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ الأعراف: ١٨٠

دووەم: داوای لێ بكەیت بە پێویستییەكان و هەژارییەكانت وەك بڵێیت: من بەندەیەكی هەژاری گەدام بێهیوا و زەلیلم و هانا و پەناه بۆ تۆ هێناوە و هاوشێوەی ئەمانە.

سێیەم: داوای پێویستییەكەت بكەیت ئەوەی یەكەم و دووەم باس نەكەیت، یەكەمیان لە دووەمیان كاملتره، و دووەم لە سێیەم كاملتره، گەر دوعا ئەو سێ بارەی تێدا كۆبوویەوە كاملترینە.

ئەمە بریتییە لە دوعاكانی پێغەمبەر (ﷺ) بەگشتی، لەو دوعایەی كە صدیقی ئەم ئومەتە (خوای لێ رازی بێت) پێ فێركردووە هەر سێ بەشەكەی تێدایە، لە یەكەمیاندا فەرمووی: (ظلمت نفسي ظلما كثيرا) ئەمە بریتییە لە حاڵی داواكەر، پاشان فەرمووی: (وإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت) ئەمە بریتییە لە حاڵی داوالێكراو (خودا)، پاشان فەرمووی: (فاغفر لي) باسی پێویستییەكەی خۆی كرد و دوعاكەی بە دوو ناو لە ناوە جوانەكانی خودا كۆتایی پێهێنا كە لەگەڵ داواكەدا گونجاون و داوای دەكەن.

بەشی دووەم

ڕۆشنکردنەوەی مانای صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)

بنەڕەتی ئەم وشەیە (الصلاة) بۆ دوو مانا دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان: دوعا و فەڕدارکردن.

دووەم: عیبادەت.

بۆ یەکەمیان ئایەتی:﴿ خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيۡهِمۡۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٞ لَّهُمۡ ﴾التوبة:١٠٣، هەروەها دەرحەق دووڕوان دەفەرموێت:﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓ ﴾التوبة: ٨٤، فەرموودەکەی پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: ((گەر یەکێك لە ئێوە بانهێشکرا بۆ خواردن با وەڵام بداتەوە، گەر بەڕۆژوو بوو با صەڵەوات لێ بدات)) واتە "با داوای بەرەکەتیان بۆ بکات" هەروەها وتراوە: "با لە ماڵیان نوێژ بکات لە جێگەی خواردن"

هەروەها وتراوە: "الصلاة" لە زمانەوانیدا مانای دوعای هەیە.

دوعاش دوو جۆرە:

دوعا بە مانای عیبادەت و دوعا بە مانای داوا، "عابد" بریتییە لە "داع"، وەك چۆن داواکەریش بریتییە لە "داع" بەو دوانە ئەم ئایەتە تەفسیرکراوە: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ ﴾غافر: ٦٠، وتراوە گوێڕایەڵم بن پاداشتان دەدەمەوە، هەروەها وتراوە: داوام لێبکەن پێتان دەبەخشم، ئەم ئایەتەش بەو دوانە لێکدراوەتەوە:﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾البقرة: ١٨٦

دروست ئەوەیە: دوعا هەردوو جۆرەكە لەخۆ دەگرێت، وشەیەكە یەكانگیری تێدایە و هاوبەشی تێدا نییە، لە بەكارهێنانەكانی دوعا بە مانای عیبادەت ئایەتی:﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأۡتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِۖ لَا يَعۡزُبُ عَنۡهُ مِثۡقَالُ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ سبأ: ٣، هەروەها ئایەتی:﴿ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ٢٠ ﴾ النحل: ٢٠، هەروەها:﴿ قُلۡ مَا يَعۡبَؤُاْ بِكُمۡ رَبِّي لَوۡلَا دُعَآؤُكُمۡ ﴾الفرقان: ٧٧

ئەوەی دروستە لە دوو قسەكەوە: "لولا أنكم تدعونه وتعبدونه –گەر داواتان لێ نەكردبایە و عیبادەتتان نەكردبایە"، واتە"أي شيء يعبأ بكم لولا عبادتكم إياه" بۆیە "مصدر"ەكە دراوەتە پاڵ "فاعل"ەكە، هەروەها دەفەرموێت:﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ٥٥ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًا ﴾ الأعراف:٥٥-٥٦، هەروەها وەك هەواڵ دەربارەی پێغەمبەران دەفەرموێت: ﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗا ﴾الأنبياء:٩٠، ئەم ڕێگەیە لە ڕێگەكەی یەكەم باشترە، داوای جیاوازی لە ناونراوی دوعادایە، بەمەش تەمومژو لێڵی هاتوو بەسەر ناوی "الصلاة"ی شەرعیدا دەسڕێتەوە، ئایا لە شوێنی خۆیەوە گوازراوەتەوە لەزمانەوانیدا ئەو كات ببێتە راستەقینەیەكی شەرعی یان مەجازێكی شەرعی.

لەسەر ئەمە "الصلاة" لەسەر ناونراوی خۆی لە زمانەوانیدا دەمێنێتەوە: ئەوەش بریتییە لە دوعا، دوعاش دوعای عیبادەت و دوعای داوایە، كەسی نوێژگەر لە تەكبیری نوێژ دابەستنەوە بۆ سەلامدانەوەی لە نێوان دوعای عیبادەت و دوعای داوادایە، ئەو لە ناو "صلاة"ی راستەقینەدایە نەك مەجازی، و گوازراوە، بەڵام ناوی

"صلاة" تایبەتکراوە بەم عیبادەتە تایبەتە وەك هەموو وشەکانی تر کە ئەهلی زمان و عورف تایبەتیان کردوون بە ناولێنراوەکانی تر، وەك "الدابة" و "الرأس" و هاوشێوەکانیان، ئەمە ئامانجەکەی بریتییە لە تایبەتکردنی وشە و کورتکردنەوەی بۆ هەندێ لە بابەتەکانی، بۆیە گواستنەوە و دەرچوون لە بابەتە بنەڕەتییەکەی پێویست ناکات، خودا باشتر دەزانێت.

"صلاة"ی خوداش (ﷻ) لەسەر بەندەکەی

ئەمە بریتی بوو لە "صلاة"ی مرۆڤ، "صلاة"ی خوداش (ﷻ) لەسەر بەندەکەی دوو جۆرە: **گشتی و تایبەت.**

گشتییەکەی: بریتییە لە "صلاة"ی خودا لەسەر باوەڕداران، خودا دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٤٣، هەروەها لە دوعاکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە "صلاة" لەسەر دانە دانەیەکی باوەڕداران، وەك: ((أللهم صل على آل أبي أوفى))، هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا: ئافرەتێك وتی: صەڵەوات لەسەر من و مێردەکەم بدە، پێغەمبەر فەرمووی: "صلى الله عليك وعلى زوجك–خودا صەڵەوات لەسەر خۆت و مێردەکەت بدات"، دواتر باسی ئەم فەرموودە و هاوشێوەکانیان دەکەین إنشاءالله.

جۆری دووەم: صەڵەواتی تایبەتی خودا لەسەر پێغەمبەرانی و لەسەر دوایین پێغەمبەر و خێرترین پێغەمبەریان محمد (ﷺ).

خەڵکی جیاوازیان هەیە لەسەر مانای ''الصلاه'' لە خوداوە(ﷻ) بە چەندین قسە :

یەکەمیان: صەڵەواتی خودا بریتییە لە رەحمەتی خودا، "الضحاك" دەڵێت: صەڵەواتی خودا بریتییە لە رەحمەتی خودا، صەڵەواتی فریشتەکان بریتییە لە دوعا، "المبرد" دەڵێ: ریشەی "الصلاة" بریتییە لە "الرحم–بەزەیی" لە خوداوە رەحمەتە و لە فریشتەوە سۆز و داواکردنی رەحمەتە لە خودا، ئەم قسەیە لای زۆرێك لە پاشینان زانراو و باوە.

قسەی دووەم: صەڵەواتی خودا بریتییە لێخۆشبوونی خودا، لە "الضحاك"ەوە ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ ﴾ الأحزاب: ٤٣، دەڵێ: صەڵەواتی خودا بریتییە لە لێخۆشبوونی خودا، صەڵەواتی فریشتەکان بریتییە لە دوعا.

ئەم قسە وەك ئەوەی پێش خۆی وایە، هەردووکیان لە چەندین رووەوە لاوازن:

یەکەمیان: خودا جیاوازی کردووە لە نێوان صەڵەواتی لەسەر بەندەکانی و رەحمەتی خۆی، دەفەرموێت: ﴿ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ البقرة: ١٥٥ – ١٥٧

رووی دووەم: صەڵەواتی خودا تایبەتە بە پێغەمبەرانی و بەندە باوەڕدارەکانی خۆی، بەڵام رەحمەتی خودا هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بۆیە صەڵەوات هاوواتای رەحمەت نییە، بەڵام رەحمەت لە پێویستییەکانی صەڵەوات و داخوازییەکان و بەروبوومەکانییەتی، هەر کەس بە رەحمەت تەفسیری کردووە ئەوا بە هەندێ لە بەرەکەی و مەرامەکەی تەفسیری کردووە، ئەمەش زۆرجار لە لێکدانەوەی وشەکانی

قورئان و فەرموودەی پێغەمبەردا (ﷺ) روودەدات بە لێکدانەوەی وشەکە بە پێویستی و بەشێکی ماناکەی، وەك لێکدانەوەی "الريب" بە "الشك" "الشك" بەشێکە لە ناولێنراوی "الريب"، هەروەها لێکدانەوەی "المغفرة" بە "الستر"، هەروەها لێکدانەوەی "الرحمة" بە ویستی چاکە کە پێویستی رەحمەتە، هاوشێوەکانی ئەمەی باسمان کرد لە ئوسولی تەفسیردا زۆرن.

رووی سێیەم: ناکۆکی نییە لەسەر گونجاوی رەحم پێکردنی باوەڕداران، پێشین و پاشین جیاوازیان هەیە لە گونجاوی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەران (عليهم السلام) دواتر بە پشتیوانی خودا باسیان لێوە دەکەین، دەزانرێت ئەو دوانە(صەڵەوات و رەحمەت) هاوواتای یەکتر نین.

رووی چوارەم: گەر صەڵەوات بە مانای رەحمەت بوایە ئەوا لە راپەڕاندنی فەرمانەکاندا لە جێگەی دادەنیشت، ئەوکات پێویستبوون بەردەبوویەوە لەلای ئەو کەسەی صەڵەوات لێدانی پێویست کردووە گەر کەسەکە بڵێت: "أللهم ارحم محمدا وآل محمد"، بەڵام بەو جۆرە نییە.

رووی پێنجەم: کەسێك بەزەیی بە کەسانی تر دەکات و سۆزیان بۆ دەنوێنێت و خواردنی پێ دەدا و پاراوی دەکا و پۆشتەی دەکاتەوە پێی ناوترێت صەڵەواتی لەسەردراوە، بەڵکو دەوترێت: رەحمی پێکردووە.

رووی شەشەم: مرۆڤ هەندێ جار رەحم بە کەسێك دەکات کە رقی لێیەتی و نەیاری دەکات، بەڵام لە دڵیدا بەرانبەری هەست بە بوونی رەحمێك دەکات، بەڵام صەڵەواتی لەسەر نادات.

رووی حەوتەم: صەڵەوات هەر دەبێ کەلامی تێدا بێت، لە صەڵەواتدەرەوە بریتییە لە سەنا لەسەر ئەو کەسەی صەڵەواتی لەسەر دەدات، و ئاماژەپێکردنی و باسی چاکەکان و سەروەریەکان و یادکردنی.

"البخاري" لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە: صەڵەواتی خودا لەسەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەناکردنیەتی لای فریشتەکان.

"إسماعيل" لە کتێبکەیدا: لە "أبي العالية"ەوە ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ﴾ الأحزاب: ٥٦، دەڵێت: صەڵەواتی خودا(عز وجل) بریتییە لە سەنا لەسەر کردنی، صەڵەواتی فریشتەکان لەسەری بریتییە لە "دوعا بۆ کردنی.

رووی هەشتەم: خودا(ﷻ)جیاوازی کردووە لە نێوان صەڵەواتی خۆی و صەڵەواتی فریشتەکانی و هەردووکیانی لە یەك فرماندا کۆکردۆتەوە ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ﴾الأحزاب: ٥٦، ئەم صەڵەواتدانە نابێت بریتی بێت لە رەحمەت، بەڵکو بریتییە لە مەدح و سەنای خودا و فریشتەکانی، ناوترێت: "الصلاة" وشەیەکی هاوبەشە و دەتوانرێت بۆ هەردوو ماناکەی پێکەوە بەکاربهێنرێت، چونکە لەوەدا چەندین ترسناکی تێدایە:

یەکەم: هاوبەشبوون پێچەوانەی بنەڕەتە، بەڵکو نازانراوە لە یەك دانەرەوە لە زماندا روویدابێت، وەك پێشەوایانی زمان دەیڵێن.

دووەم: زۆرینە بەکارهێنانی وشەی هاوبەش بۆ دوو مانا نە بەڕێگەی حەقیقەت و نە بە ڕێگەی مەجاز بە دروست نابینن.

گەر مانای "الصلاة": بریتی بێت لە مەدح و سەنا لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و گرنگی پێدانی و دەرخستنی گەورەیی و پلە و پایە و حورمەتی ئەو وەك لەم وشەیەوە زانراوە،

ئەوا وشەی "الصلاة" لە ئایەتەکەدا هاوبەشێك نییە هەردوو ماناکەی هەڵگرتبێت، بەڵکو هەندێ جار بۆ یەك مانا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بریتییە لە بنەڕەت، دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ﴾ الأحزاب: ٥٦.

رووی نۆیەم: خودا دوای ئەوەی رایدەگەیەنێت خودا و فریشتەکانی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن فەرمان دەکات بە باوەڕداران صەڵەواتی لەسەر بدەن، ماناکە: گەر خودا و فریشتەکانی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرەکەی دەدەن ئەوا ئێوەش صەڵەواتی لەسەر بدەن، ئێوە لەپێشترن بە صەڵەوات لەسەردانی، و سەلام لێکردنی بەهۆی ئەو فەڕو بەرەکەتەی لە پەیامەکەیەوە بەدەستتان هێناوە، و خێر و فەڕی نوێنەرایەتی ئەو کە لە دونیا و دواڕۆژدا شەرەف و گەورەییتان پێ دەبەخشێت، ئاشکرایە گەر لەم شوێنەدا ئەم مانایەی بە رەحمەت گوزارەی لێبدارابایە شوێنەکەی گونجاو نەدەبوو، و رێکخستنەکەش شیاو نەدەبوو، ئەو کات وشە و ماناکە هەڵدەوەشانەوە، وەك ئەوە وابوو بوترێت: خودا و فریشتەکانی رەحم بە پێغەمبەر دەکەن و داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن ئێوەش دوعای بۆ بکەن و سەلام بکەن، ئەمەش هەرگیز ئەو مەرامە نییە ئایەتەکە دەیەوێت بیگەیەنێت، بەڵکو ئەو صەڵەواتە فەرمانپێکراوە داوایەکە لە خوداوە کە هەواڵی پێ دەدا لەسەر صەڵەواتی خۆی و صەڵەواتی فریشتەکانی ئەوەش بریتییە لە مەدح و سەناکردنی، و دەرخستنی فەزڵ و گەورەیی و ویستی رێزلێنان و نزیکردنەوەی، بۆیە خێر و داوا لەخۆ دەگرێت، ئەم داوا و دوعایە لە ئێمەوە ناونرا صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە دوو رووەوە:

یەکەم: مەدح و سەنای صەڵەواتدەر لەسەری لەخۆ دەگرێت، هەروەها باسی شەرەف و فەزڵ و ویست و خۆشەویستی بۆ ئەوە لە خوداوە، بۆیە هەواڵ و داوای لەخۆ گرت.

رووی دووەم: ئەوە لە ئێمەوە ناونراوە صەڵەوات بەهۆی داوامان لە خودا تاکو صەڵەواتی لەسەر بدات، بۆیە صەڵەواتی خودا لەسەری: بریتییە لە مەدح و سەنا و ویستی بەرزکردنەوەی یادی و نزیکردنەوەی، صەڵەواتی ئێمەش لەسەری داوامانە لە خودا ئەو کارە بکات بۆ پێغەمبەرەکەی، دژی ئەمە لە نەفرەت کردنی خودا لە دوژمنەکانی نەیار بەوەی هێناویەتی، ئەمەش دەدرێتە پاڵ خودا و پاڵ بەندە، وەك ئایەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩ ﴾ البقرة: ١٥٩، بۆیە لەعنەتی خودا بۆ ئەوان زەمکردن و دوورخستنەوە و رق لێیان لەخۆ دەگرێت، لەعنەتی بەندەش داواکردن لە خودا بۆ ئەوەی نەعلەت بکات لەوانەی ئەهلی نەعلەتن لەخۆ دەگرێت.

گەر ئەمە سەلما ئاشکرایە گەر "الصلاة" بریتی بێت لە "الرحمة" دروست نییە بە داواکەرەکەی بوترێت "المصلي" بەڵکو پێویستە پێی بوترێت: "مسترحم له"

گەر بوترێت: صەڵەواتی بەندە لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) مانای رەحم پێکردنی ناگەیەنێت، بەڵکو مانای داوای رەحمەتی هەیە لە خوداوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەوترێت **ئەمەش لە چەند رووبەکەوە پووچ و بێبنەمایە:**

یەکەمیان: داوای رەحمەت بۆ هەموو موسڵمانێك داواکراوە و داوای صەڵەوات لە خودا تایبەتی پێغەمبەرانییەتی (صلوات الله وسلامه عليهم). لەلای زۆرێك لە خەڵکی، وەك باسی لەبارەوە دەکەین بە پشتیوانی خودا.

دووەم: گەر داواكەری بەزەیی بە صەڵەواتلێدەر ناوببرێت ئەوا داواكەری مەغفیرەت بە غافر و داواكەری عەفو بە "عافي" و داواكەری "الصفح" بە "صافح" ناودەبرێت.

گەر بوترێت: ئێوە داواكەری "الصلاة"تان ناوە "المصلي"؟!

دەوترێت: ناونرا بە "المصلي" بەهۆی بوونی حەقیقەتی "الصلاة" لە ئەوەوە، حەقیقەتەكەی بریتییە لە سەنا و ویستی ڕێزلێنان و نزیكردنەوە و بەرزكردنەوەی پلە و پایە، ئەمەش لە "صلاه"ی بەندەكەوە بەدەست دێت، بەڵام بەندە ئەوەی لە خوداوە گەرەكە، خوداش (ﷻ) ئەوەی لە خودی خۆی گەرەكە ئەوە بە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بكات.

ڕووی دووەم: ناونراوە بە "المصلي" بەهۆی داواكردنی ئەوە لە خودا، لەبەر ئەوەی "صلاة" جۆرێكە لە قسەی داخوازیانەی ڕاگەیاندن بەویست ئەوەش لە "مصلي" دەبینرێت بە پێچەوانەی "المغفرة" و "الرحمة" ئەوانە كردارگەلێكن لە داواكەرەكەوە بەدەست نایەن، بەڵكو لە داواليكراوەوە بەدەست دێن، خودا باشتر دەزانێت.

ڕووی دەیەم: لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە فەرموودەیەكی سەحیحدا كە "مسلم" ریوایەتی كردووە و جێگیر بووە، فەرموویەتی: ((هەر كەس یەكجار صەڵەواتم لەسەر بدات خودا بەوە دە جار صەڵەواتی لەسەر دەدات)) خودا (ﷻ) بە پێغەمبەرەكەی فەرمووە: ((هەر كەس لە ئوممەتەكەت یەك صەڵەواتت لەسەر بدات بەوە دە صەڵەواتی لەسەر دەدەم))، ئەمەش تەبایە لەگەڵ ڕێسای چەسپیو لە شەریعەتدا كە پاداشت و سزا لە ڕەگەزی كارەكەیە، صەڵەواتی خودا لەسەر ئەو كەسانەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن پاداشتی صەڵەواتەكەیانە لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ئاشكرایە صەڵەواتی بەندە لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بریتی نییە لە ڕەحمەت لە

بەندەوە، بۆ ئەوەی صەڵەواتی خودا لەسەری لە رەگەزی ئەوە بێت، بەڵکو بریتییە لە مەدح و سەنا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) و داواکردن لە خودا بۆ ئەوەی یادی بەرز رابگرێت و شەرەف و مەزنییەکەی زیاد بکات، پاداشت لە جۆری کرداره، هەر کەس سەنای پێغەمبەر(ﷺ) بکات خودا لە جۆری کارەکەی پاداشتی دەداتەوە بەوەی مەدح و سەنای دەکات و شەرەف و گەورەیی زیاد دەکات.

بۆیە گرێدانی پاداشت بە کردارەوە و هاوشێوەکردنیان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر دروستە.

وەك فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) ((هەرکەس ئاسانکارییەك بکات بۆ کەسێکی بارگران خودا لە دونیا و دوارۆژدا ئاسانکاری بۆ دەکات، هەر کەس موسڵمانێك داپۆشێت خودا لە دونیا و دوارۆژدا دایدەپۆشێت، هەر کەس گرفتێك لە گرفتەکانی دونیا لەسەر باوەڕدارێك لابدات خودا گرفتێك لە گرفتەکانی رۆژی دوایی لەسەر لادەبات، خودا لە کۆمەکی بەندەکەیدایە هەتا بەندە لە کۆمەکی براکەیدا بێت، هەر کەس رێگەیەك بگرێتە بەر زانستی تێدا بەدەست بهێنێت خودا رێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، هەر کەس پرسیاری زانستێکی لێبکرێت کە دەیزانێت و بیشارێتەوە لە رۆژی دواییدا لەغاوێکی ئاگری لە دەم دەکرێت)) هەروەها ((هەر کەس یەکجار صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بدات خودا بەوە دە صەڵەواتی لەسەر دەدات))

رووی یازدەهەم: گەر یەکێك بڵێت لە پێغەمبەری خوداوە"رەحمەتی خودای لێ بێت" یان بڵێت: پێغەمبەر رەحمەتی خودای لێ بێت فەرمووی لە جێگەی ئەوەی بڵێت: "صلى الله عليه وسلم" ئەوا ئوممەت کارەکەی بە نەشیاو دەزانن و بە بیدعەچی ناوی دەبەن و پێیان وایە پێغەمبەری(ﷺ) بە مەزن تەماشانەکردووە و

ئەوەی شایستەیەتی باسی نەکردووە، کەسەکە بە وتنی ئەوە شایستە نابێت دە صەڵەواتی لەلای خوداوە لەسەر بدرێت، گەر صەڵەوات لە خوداوە رەحمەت بێت هیچ کام لەوانە رێگری لێ نەدەکرا.

رووی دوازدەیەم: خودا(ﷻ)دەفەرموێت: ﴿ لَّا تَجْعَلُوا۟ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ﴾ النور: ٦٣، خودا(ﷻ) فەرمانی کردووە بانگ لە پێغەمبەر (ﷺ) نەکرێت وەك چۆن خەڵکی هەندێکیان هەندێکی تریان بانگ دەکەن، بەڵکو دەوترێت: ئەی پێغەمبەری خودا، ناوترێت، ئەی محەمەد، چونکە گەر وا بڵێیت وەك بێباوەڕان بانگت لێکردووە، بەڵام موسڵمانان بە ئەی پێغەمبەری خودا قسەیان لەگەڵ دەکرد، گەر ئەمە لە کاتی قسەکردن لەگەڵیدا بێت ئەوا لە کاتی نادیاربوونی دروست نییە بۆمان چۆن یەکتری بانگ دەکەین بەو جۆرەش لەگەڵ ئەو مامەڵە بکەین، بەڵکو بە جوانترین و بەرزترین دوعا دوعای بۆ دەکەین ئەوەش بریتییە لە صەڵەواتدان لەسەری، ئاشکرایە رەحمەت بۆ هەموو موسڵمانێك لە خودا داوادەکرێت، بەڵکو بۆ گیاندارانی تریش جگە لە مرۆڤ، وەك لە دوعای نوێژەبارانەدا ((خودایە رەحم بە بەندەکانت و ولاّت و گیاندارانت بکە)).

رووی سیازدەهەم: ئەم وشەیە لە مانای بنەڕەتیدا بە مانای "الرحمة" ناناسرێت، ئەوەی لای عەرەب زانراوە ماناکەی بریتییە لە دوعا و موبارەککردن و مەدح و سەنا، عەرەب دەڵێت: وإن ذكرت صلى عليها وزمزما.

واتە: بەرەکەتی بەسەردا داباران و مەدحی کرد، هەرگیز عەرەب"صلى عليه" بە مانای "الرحمة" نەناسیوە، بۆیە پێویستە لە زمانەوانیدا ماناکەی چی بوو ئێمە هەڵیبدەینە سەر ئەو مانایە.

رووی چواردەهەم: دروستە بەڵكو پەسەندە هەموو كەسێك داوای رەحمەت لە خودا بكات و بڵێت: خودایە رەحمم پێ بكەیت، وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) دوعاكەری فێركردووە بڵێت: "أللهم اغفر لي وارحمني، وعافني ورزقني" كاتێك لەبەری كرد فەرمووی: "ئەو كەسە هەردوو دەستی پڕكردووە لە خێر"

ئاشكرایە دروست نییە بۆ هیچ كەسێك بڵێت: خودایە صەڵەواتم لەسەر بدە، بەڵكو دوعاكەر بەو دوعایە سنووربەزێنی كردووە، خودا سنووربەزێنانی خۆشناوێت، بە پێچەوانەی داوای رەحمەتەوە خودا پێی خۆشە بەندەكەی داوای لێخۆشبوون و رەحمەتی لێ بكات، بۆیە زانرا مانای ئەو دوانە وەك یەكنین.

رووی پانزدەهەم: زۆربەی شوێنەكان كە وشەی "الرحمة"یان تێدا بەكارهێنراوە شیاو نییە وشەی "الصلاة"یان لە جێگە دابنرێت ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾الأعراف: ١٥٦، هەروەها فەرموودەی قودسی: (رەحمەتم پێش تووڕەبوونم كەوتووە)، هەروەها:﴿ إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ ﴾ الأعراف:٥٦، هەروەها:﴿وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا﴾ الأحزاب: ٤٣، هەروەها: ﴿إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ التوبة: ١١٧، فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) ((خودا لە دایك بە رۆڵەكەی بە رەحمترە بە بەندەكانی))، هەروەها فەرموودەی: ((رەحم بەوانە بكەن لە زەویدان ئەوانەی لە ئاسماندان رەحمتان پێ دەكەن))، هەروەها فەرموودەی: ((هەر كەس رەحم نەكات رەحمی پێ ناكرێت))، هەروەها: ((رەحم لە مرۆڤی بەدبەخت وەردەگیرێتەوە))، هەروەها: ((گیاندار (كاوڕ) گەر رەحمت پێكرد خودا رەحمت پێ دەكات))

بۆیە شوێنەكانی بەكارهێنانی رەحمەت لە حەقی خودا و ماڤی بەندەكاندا لە زۆربەیاندا شیاو نییە صەڵەواتی لە جێگە دابنرێت، بۆیە لێكدانەوەی "الصلاة" بە "الرحمة" دروست نییە، خودا باشتر دەزانێت.

ابن عباس (خودا لە خۆی و باوکی رازی بێت) دەفەرموێت: ((''إن الله وملائكته يصلون على النبي'' واتە بەرەکەتی بەسەردا دادەبارێنن)) ئەمەش نەرێی ئەوە ناکات بە ''مەدح و سەنا'' صەڵەوات لێکبدرێتەوە، هەروەها ویستی رێزلێنان و بەمەزنراگرتنی، چونکە تەبریك لە خوداوە ئەوانە لەئامێز دەگرێت، بۆیە ''الصلاة'' لەسەری و ''التبريك'' لەسەری لەیەکتر نزیك کردەوە، فریشتەکان بە ''ئیبراهیم''یان فەرموو:﴿ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ﴾هود: ٧٣، هەروەها مەسیح دەفەرموێت:﴿ وَجَعَلَنِى مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ ﴾ مریم: ٣١، زیاتر لە یەکێك لە پێشینی چاکان دەڵێن (مانای ئایەتەکە): فێرکەری خێرم لە هەر شوێنێك بم، ئەمە ئەو بەشە ناونراوەیە، موبارەك کەسێکە خێری زۆر لە ناخیدا هەبێت و بە فێرکردن و ئامۆژگاری و ویست و تێکۆشان بە کەسانی تری ببەخشێت، بۆیە بەندەکە موبارەك دەردەچێت، چونکە خودا بەرەکەتی تێخستووە و ئەوی کردووە بە بەرەکەت، خودای موتەعالیش دەبێت بە ''متبارك'' چونکە هەرچی بەرەکەتە لە ئەوەوەیە، بەندەکەی موبارەکە و خوداش متبارك''، قورئان دەفەرموێت: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾ ﴾ الفرقان: ١، هەروەها دەفەرموێت:﴿ تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ ﴾ الملك: ١، بە زووی دەگەڕێینەوە بۆ ئەم مانایە بە پشتیوانی خودا.

بەشی سێیەم

مانای ناوی پێغەمبەر و داتاشراوەکانی

ئەم ناوە (محمد) بەناوبانگترین ناوەکانی پێغەمبەری خودایە (ﷺ) ناوێکی گوازراوەیە لە "حمد"ەوە، لە بنەڕەتدا "اسم مفعول"ە لە "الحمد"، لەسەر کێشی "مفعل" وەك "معظم، محبب، مسود، مبجل" و هاوشێوەکانیان بیناکراوە، چونکە ئەم جۆرە کێشانە بۆ "تکثیر" دانراون، گەر "اسم فاعل"ی لێ داتاشرا ماناکەی کەسێکە کارەکەی جار لە دوای جار و بەزۆری لێی بوەشێتەوە، وەك (مبین، و مخلص، و مفرج)، گەر "اسم مفعول"ی لێ داتاشرا ماناکەی ئەوەیە کەسێك دووبارەبوونەوەی کارەکەی بەزۆری بەسەردا گوزەر بکات، بۆیە "محمد" ئەو کەسەیە کە حەمدی حەمدکەرانی جار لە دوای جار بۆ هەیە و کەسێکە شایستەیە جار لە دوای جار حەمد بکرێت.

هەروەها دەوترێت "حُمد–حەمدکرا" و کەسەکە دەبێت بە "محمد" هەروەك "علم" و کەسەکە دەبێت بە "معلم"، بۆیە ئەم ناوە لەلایەکەوە ناوێکی تایبەت (إسم علم) و لەلایەکی ترەوە سیفەتە، هەردوو بارەکەی تێدا کۆبووەتەوە، هەرچەند ناوێکی عەلەمی رووتە بۆ کەسانێك بە ناوی "محمد" ناو دەنرێن.

ئەمەش شانوشکۆی ناوەکانی پەروەردگار و ناوی کتێبەکەی و ناوی پێغەمبەرەکەیەتی، ئەوانە ئاماژە دەکەن بۆ ماناگەلێك کە ئەو مانانە پێیانەوە وەسفن، دژایەتی لە نێوان عەلەمییەتی و وەسفدا نییە، بە پێچەوانەی ناوی دروستکراوەکانەوە، بۆیە خودا "الله، الخالق، الباريء، المصور، القهار" ئەم ناوانە ئاماژە دەکەن بۆ ماناگەلێك کە بریتین لە سیفەتەکانی، هەر بەو جۆرە "القرآن، الفرقان، الكتاب المبين" و ناوەکانی تریش.

بە هەمان شێوە ناوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) "محمد، أحمد، الماحي" لە فەرموودەکەی "جبير بن مطعم"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((من چەند ناوێکم هەیە: من محمدم، من ئەحمەدم، و من ماحیم کە خودا بێباوەڕی بە من مەحو دەکاتەوە (دەسڕێتەوە))).

خودا ئەم ناوانەی باس کرد وەك ڕۆشنکردنەوەیەك بۆ ئەو فەزڵەی خودا ئەوی پێ تایبەت کردووە و ئاماژەی بە ماناکانیان کردووە، ئەگینا گەر تەنها ناوی عەلەم بوونایە مانایان نەدەبوو، و ئاماژەیان نەدەکرد بە مەدح.

هەر بەو جۆرە ناوەکانی پەروەردگار هەموویان ناوی مەدحن، گەر تەنها ناوی ڕووت بوونایە مانایان نەدەبوو، و ئاماژەیان نەدەکردە سەر مەدح، بۆیە خودا(سبحانه) هەموو ئەو ناوانەی بە "الحسنى" وەسف کردووەو دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾ الأعراف:١٨٠، ئەو ناوانە تەنها بە گوزارەکەیان "الحسنى" نین، بەڵکو بە ئاماژەیان لەسەر وەسفی کەماڵ، بۆیە کاتێك عەرەب گوێیان لە خوێنەرێکی قورئان بوو ئەم ئایەتەی دەخوێند: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓا۟ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ﴾المائدة: ٣٨، لە کۆتایی ئایەتەکەدا وتی: "والله غفور رحيم" بابای عەرەب وتی: ئەو کەلامە کەلامی خودا نییە، خوێنەری قورئانەکە وتی: کەلامی خودا بەدرۆ دەزانیت؟ وتی: نەخێر، بەڵام ئەوەی تۆ خوێندتەوە کەلامی خودا نەبوو، هاتەوە بیری و وتی: "والله عزيز حكيم" بابای ئەعرابی وتی: ڕاستت وت: "عز فحكم فقطع–عەزیزە و حوکمی کردن و دەستی بڕی"، گەر "غفر و رحم" بوایە "لما قطع–دەستی نەدەبڕی".

بۆیە گەر ئایەتی رەحمەت بە ناوی سزا کۆتایی پێ بهێنیت، یان بە پێچەوانەوە، دوورکەوتنەوە لە کەلامدا سەریهەڵدەدا و رشتەی دروستی تێکدەچوو.

لە "السنن"دا لە فەرموودەی "أبي بن كعب": ((خوێندنەوەی قورئان لەسەر حەوت لەهجەیە، پاشان فەرمووی: هەمووی شافی و کافییە، گەر بڵێیت: "سميعا، عليما، عزيزا، حكيما" گەر ئایەتی سزا بە رەحمەت کۆتایی پێ نەهێنیت، یان ئایەتی رەحمەت بە سزا کۆتایی پێ نەیەنیت))

هەروەها خودا هۆ بۆ حوکمەکان و کردارەکانی دەهێنێتەوە بە ناوەکانی خۆی، وەك:﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ ﴾ نوح: ١٠، هەروەها:﴿ لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢٦﴾ وَإِنْ عَزَمُوا۟ ٱلطَّلَٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٧﴾ ﴾ البقرة: ٢٢٦-٢٢٧، حوکمی "الفيء" کە بریتییە لە پەشیمانبوونەوە و گەڕانەوە بۆ لای رازیبوونی ژنەکە و چاکە لەگەڵی بە "غفور رحيم" کۆتایی پێهێنا، بە مەغفیرەت و رەحمەت بەسەر بەندەکەدا دەشکێتەوە گەر بگەڕێتەوە بۆ لای، پاداشت لە جۆری کارەکەیە، وەك چۆن ئەو گەڕایەوە بۆ ئەو شتەی باشترین کارە خودا بە مەغفیرەت و رەحمەت بۆ لای ئەو گەڕایەوە، "وَإِنْ عَزَمُوا۟ ٱلطَّلَٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ"، لەبەر ئەوەی تەلاق گوزارەیەکە دەبیسترێت و مانایەکە بەمەبەست دەگیرێت، کۆتایی بەناوی "السميع" بۆ گوزارەکەو "العليم" بۆ مەبەستەکە (ناوەرۆکەکە) هێنا.

ئەمە بریتییە لە شێوازی قورئان، بەراورد دەکات لە نێوان ناوەکانی رجا و ناوەکانی سزادا، وەك:﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٨﴾ ﴾ المائدة: ٩٨، ئەهلی بەهەشت دەڵێن:﴿ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾ ﴾ فاطر: ٣٤، کاتێك گەیشتن بەرێز و پلەو پایە بە لێخۆشبوونی گوناهەکانیان و شوکرکردنی

چاکەکانیان وتیان: ﴿إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾﴾ فاطر: ٣٤، لەمەدا مانای هۆهێنانەوەی تێدایە، واتە لێخۆشبوون و شوکری ئەو گەیشتینە خانەی ڕێز و پلە و پایە، ئەو لە خراپەکانمان خۆشبوو و شوکری چاکەکانی کردین، هەروەها دەفەرموێت:﴿ مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ﴿١٤٧﴾﴾ النساء: ١٤٧، ئەمە بریتییە لە پاداشتی شوکرەکەیان، واتە: گەر شوکری پەروەردگارتان بکەن ئەویش شوکرتان دەکات ئەو زانایە بە شوکری ئێوە و ئەو کەسەی شوکری دەکات و ئەوەی کوفری دەکات لای خودا شاراوە نییە.

قورئان پڕە لەمانە، تەنها مەبەستمان ئاگادارکردنەوەیە لێیان، هەروەها خودا ئاماژە دەکات بە ناوەکانی لەسەر یەکتاپەرستی خۆی و نەرێکردنی هاوەڵ لەگەڵی، گەر ناوەکان مانایان نەبوایە ئاماژەی پێ نەدەکردن، وەك فەرموودەکەی هاروون (عليه السلام) بۆ گوێرەکە پەرستان:﴿ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ ﴾ طه: ٩٠، هەروەها ئایەتی:﴿ إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ وَسِعَ كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ﴿٩٨﴾﴾ طه: ٩٨، هەروەها ئایەتی: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾ البقرة: ١٦٣، هەروەها ئایەتەکانی کۆتایی سورەتی "الحشر":﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۖ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾﴾ الحشر:٢٢-٢٣، "سبح" خودا خۆی لە هاوەڵدانانی هاوەڵدانەران پاکڕاگرتووە لە دوای خۆمەدحکردنی بە ناوە جوانەکانی کە داوای یەکتاپەرستی خودا دەکەن و نەشیاویی هاوەڵدانان بۆ خودا جێگیر دەکەن.

هەر کەس ئەم مانایەی قورئان تێبگات نیشتەجێی باخچەیەك لە زانست دەبێت و خودا لە هەموو درۆزنێکی پشتهەڵکردوو لە کتێبەکەی خۆی و وەرگری هیدایەتەکەی دەپپارێزێت، گەر لە قورئانەکەماندا تەنها ئەم بەشە بوونی هەبوایە ئەوا بەس بوو بۆ ئەو کەسەی چێژ و مەعریفەی هەبێت، خودا رێنیشاندەرە بۆ راستی.

هەروەها خودا کارپێکراوەکانی رەوشەکان و "الجار و المجرور" و شتانی تریش بە ناوەکانی خۆیەوە دەبەستێتەوە، گەر ئەو ناوانە تەنها ناوی عەلەم بوونایە ئەوەیان تێدا دروست نەبوو، وەك:﴿ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴿١٦﴾ ﴾ الحجرات: ١٦﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧﴾ ﴾ الجمعة: ٧﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٦٣﴾ ﴾ آل عمران: ٦٣﴿ وَكَانَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَحِيمٗا ﴿٤٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٤٣﴿ إِنَّهُۥ بِهِمۡ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٧﴾ ﴾ التوبة: ١١٧﴿ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿١٨٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٨٩﴿ وَٱللَّهُ مُحِيطُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ ﴾ البقرة: ١٩﴿ وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمۡ عَلِيمٗا ﴿٣٩﴾ ﴾ النساء: ٣٩ ﴿ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴿٤٥﴾ ﴾ الكهف: ٤٥﴿ إِنَّهُۥ بِمَا يَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴿١١١﴾ ﴾ هود: ١١١﴿ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الحجرات: ١٨﴿ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرُۢ بَصِيرٞ ﴿٢٧﴾ ﴾ الشورى: ٢٧

هەروەها خودا(سبحانه) دەکات بە بەڵگەی ئەوەی سەرپێچیکەران نەرێی دەکەن لە سیفەتی کەماڵی، وەك: ﴿ أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾ الملك: ١٤

ئەوانەی تێڕوانین لەم ناوانە دەکەن جیاوازیان لە نێواندایە ئایا ئەم ناوانە لەیەکتر جودان بە سەرنجدان لە جیاوازی ماناکانیان، هەر ناوێك ئاماژە دەکات بە مانایەك جیاواز لەوەی ئەویتر ئاماژەی پێدەکات، یان ئەم ناوانە هاوواتان، چونکە ئاماژە بە یەك خود (ذات) دەکەن، ناکۆکییەکە لەوەدا گوزارەییە.

راستییەکەی ئەوەیە بوترێت: ئەو ناوانە بە سەرنجدان لە خود هاوواتان و بە سەرنجدان لە سیفەتەکان لەیەکتر جیاوازن، هەر ناوێك لەو ناوانە ئاماژە دەکەن بە

زاتێکی وەسفکراو بەو سیفەتە بە پڕاوپڕی (بالمطابقة) هەروەها ئاماژە دەکەن بە یەکێکیان بە تەنها بە ئامێزگری (بالتضمن)، و لەسەر سیفەتێکی تریان بە پابەندکردن (بالإلتزام).

ناونانی پێغەمبەر (ﷺ) بە "محمد"

گەر ئەمە جێگیر بوو ئەوا ناونانی پێغەمبەر (ﷺ) بە "محمد" بۆ ئەوەیە ناوەڕۆکەکە لەخۆی دەگرێت کە برتییە لە "الحمد"، ئەو (ﷺ) لای خودا "محمود"ە و لای فریشتەکان "محمود"ە و لای براکانی لە پێغەمبەران "محمود"ە و لای هەموو ئەهلی زەوی "محمود"ە با هەندێکیشیان پێی بێباوەڕ بن، ئەو سیفەتە کەمالآنەی لە پێغەمبەردایە (ﷺ) لای هەموو کەسێکی ژیر "محمود"ە با ژیرییەکەشی لوتبەرزی و سەرپێچی بنوێنێت، یان نەزانی هەبێت لە خۆڕازاندنەوەی بەوانە، گەر خۆڕازاندنەوەی ئەوی بەو سیفەتانە بزانیبایە ئەوا حەمدی دەکرد، چونکە هەر کەس بە سیفەتی کەماڵ رازابێتەوە حەمد دەکرێت، با بوونی ئەو سیفەتانەش لە ئەودا نەزانرابێت، ئەو کەسە لە راستەقینەدا حەمدکەری ئەوە، ئەو (ﷺ) تایبەتکراوە بە ناوەڕۆکی حەمد کە خەڵکانی تر بۆیان کۆنەبووەتەوە، بۆیە ناوی "محمد" و "أحمد"ە، ئوممەتەکەشی زۆر حەمدی خودا دەکەن لە خۆشی و ناخۆشیدا، نوێژی ئوممەتەکەی بە حەمد دەست پێدەکات و وتارەکەی بە حەمد، کتێبەکەی بە حەمد دەستپێدەکات، هەر بەو جۆرە لەلای خودا و لە "اللوح المحفوظ"دا، خەلیفەکان و هاوەڵەکانی مەسحەفەکەیان بە حەمد نووسییەوە، لە رۆژی دواییدا لیوای حەمد بەدەستی پێغەمبەرەوەیە، کاتێك لە بەردەم خودادا بۆ شفاعەت دەچێت بە سوژدەدا و خودا مۆڵەتی دەدات حەمدی

پەروەردگاری دەکات بە کۆمەڵە حەمدێك کە لەو کاتەدا بەڕوویدا دەکرێتەوە، ئەو (ﷺ) خاوەنی مەقامی مەحمودە کە سەرەتاکان و دواییەکان خۆزگەی پێ دەخوازن، قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحۡمُودًا ﴿٧٩﴾ ﴾ الإسراء: ٧٩

هەر کەس پێیخۆشە لەسەر مانای "المقام المحمود" بوەستێت با لەسەر ئەوەی پێشینی ئەم ئومەتە لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان وتویانە دەربارەی لێکدانەوەی "المقام المحمود" بوەستێت، وەك تەفسیری "ابن أبي حاتم و ابن جرير و عبد بن حميد" ئەمانە و تەفسیرەکانی تری پێشینان.

کە لەو مەقامەدا راوەستا هەموو ئەهلی وەستان حەمدی دەکەن بە موسڵمان و بێباوەڕەوە، یەکەمین و دواهەمینیان، ئەو (ﷺ) مەحمودە بەوەی زەوی لە هیدایەت و ئیمان و زانستی بەسوود و کرداری چاکە پڕکردووە، دڵانی پێ فەتح کردووە و تاریکی ئەهلی زەوی پێ رامالیوە و لە کۆت و بەندی شەیتان رزگاری کردوون، هەر بەو جۆرە لە هاوەڵدانان و بێباوەڕی بە خودا و نەزانی پێی تا شوێنکەوتوانی گەورەیی دونیا و دواڕۆژیان پێ بەدەستهێنا، پەیامەکەی بەشی هەموو ئەهلی زەوی کرد کە لە ئاتاجترین باردا بوون پێی، ئەوان بەندایەتی بتەکان و خاچ و ئاگر و ئەستێرەیان دەکرد، لەلای خوداوە خەشمیان لێگیرا بوو، سەرگەردان بوون و پەروەردگاریان نەدەناسی تا بیپەرستن و نەشیان نەدەزانی بە چی بیپەرستن، مرۆڤەکان هەندێکیان هەندێکی تریان دەخوارد، هەر کەس شتێکی بە باش بزانیبایە بانگی بۆ دەکرد و لەگەڵ سەرپێچیکەرانیدا دەجەنگا، لەسەر زەویدا جێپێیەك نەبوو بە نووری پەیامی خودا رۆشن بووبێتەوە، خودا (سبحانه) ئەو کات تەماشای ئەهلی سەر زەوی کرد،

هـەموویانی بـە چـاوی خەشـم تەماشـا دەکـرد مەگـەر کەسـانێکی کـەم کـە لەسـەر ئاسـەواری ئـاینێکی دروسـت مابوونـەوە، خـودا ولاتـان و بەنـدەکانی پـێ پـەنادا و تاریکییەکانی پێ رامالّی، و مرۆڤی لـە دوای مـردن پـێ زینـدوو کـردەوە، خـەڵکی لـە گومڕایی پێ قوتار کـرد و نـەزانانی پـێ فێـری زانسـت کـرد، ئـەهلی ئیمـانی لـە دوای کەمبوون پێ زۆر کرد، زەلیلانی پێ عەزیز کرد، هەژارانی پێ دەوڵەمەنـد کـرد، چـاوە کوێرەکان و گـوێ کـەڕەکان و دڵـە رەقـەکانی پـێ کـردەوە، خـەڵکی پـەروەردگاریی پەرستراو (معبود)یان ناسـی، تـا ئەوپـەڕی هێـز و توانایـەك مەعریفـە بیگـاتێ، خـودا دەستی پـێ کرد و دووبارەی کردەوە، زۆر باسی ناوەکان و سیفەتەکان و کردارەکـانی پەروەردگاری بۆ دەکردن، تا مەعریفەی خودا (سبحانه) لە دڵی بەندە باوەڕدارەکانیدا جیلەوەی کرد و هەوری شك و گومان لە دڵیاندا لەمەڕ ئیمان بە خودا رەوایـەوە، وەك چۆن هەوری رەش لەڕووی مانگی چواردە لا دەدرێت، پێویستییەکی بۆ ئوممەتەکەی بەجێنەهێلاّ ئاتاج بن بەوانەی پێش خۆیان یان بەوانەی دوای خۆیان، بـەڵکو بێنیـازی کردن لە هەر کەسێك لـەم دەروازەیـەوە قسـە دەکـات: ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ العنكبوت: ٥١.

"أبو داود" لە فەرموودە مورسەلەکانیدا ریوایەتی کردووە، لە پێغەمبـەری خـوداوە بە دەستی هەندێ لە هاوەڵانییـەوە پارچـەیە لـە تـەوراتی بینی، فـەرمووی: ((بەسـە گومڕایی بۆ دەستەیەك شوێنی کتێبێك بکەون جیا لە کتێبەکەی خۆیان کە دابـەزیوە بۆ سەر پێغەمبەرێکی تر جیا لە پێغەمبەرەکەی خۆیان، خودا راستی ئەو فەرموودەی دابەزانـد و فـەرمووی: ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ العنكبوت: ٥١))،

ئەمە حاڵی ئەو کەسەیە ئایینەکەی خۆی لە کتێبێکەوە وەردەگرێت بۆ سەر پێغەمبەرێکی تر دابەزیوە، ئەی دەبێ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت لە ئەقڵی فلاڵن و فلاڵن وەریدەگرێت، و بەسەر کەلامی خودا و پێغەمبەردا پێشی دەخات؟

ڕێگای گەیشتن بە پەروەردگار و ڕازیبوونی و خانەی ڕێز و شکۆی پێ ناساندن، فەرمانی پێکردن بە هەموو چاکەیەك و نەهی لێکردن لە هەموو خراپەیەك.

وەك دەفەرموێت (ﷺ): ((هەموو ئەو شتانەی لە بەهەشت نزیکتان دەکاتەوە فەرمانم پێکردوون، هەموو ئەو شتانەی لە ئاگر نزیکتان دەکاتەوە نەهیم لێکردوون))

"أبو ذر"(خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (پێغەمبەری خودا (ﷺ) مرد و باڵندەیەك بە ئاسماندا نافڕێت زانستێکی لێوە بۆ باس نەکردبین)

حاڵیانی باس کرد لە دوای گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار بە تەواوترین پێناسە، دۆخەکەی بۆ باس کردن و پەردەی لەسەر لادا، دەرگای هەموو زانستێکی بەسوود و نزیککەرەوە لە پەروەردگاری کردەوە، تەم و مژ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆشنکردەوە و لێکدایەوە، تا خودا دڵانی لە گومڕایی پێ هیدایەت دا و لە نەخۆشییەکان شیفای بۆ ناردن و لە نەزانیان پەنای دان، ئیتر چ مرۆڤێك شایستەترە بە حەمد لە ئەو (ﷺ) و خودا لە ئومەتەکەیەوەی بە باشترین پاداشت پاداشتی بداتەوە.

ڕاستترین بۆچوون لەسەر ئایەتی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾الأنبياء: ١٠٧، **ئەم ئایەتە لەسەر گشتاندنی خۆی و لەسەر ئەم بارە دوو ڕووی هەیە:**

یەکەم: گشت مرۆڤەکان "العالمين" سوودیان لە پەیامەکەی وەرگرتووە، بەڵام شوێنکەوتوانی ڕێزی دونیا و دواڕۆژیان پێ بەدەست هێناوە، دوژمنەکانیشی مردنیان پەلەی تێدا دەکرێت و مردنیان باشترە بۆیان لە ژیانیان، چونکە ژیانیان

زیادەیەکە لە توندبوونەوەی سزا لەسەریان لە خانەی دواڕۆژدا، ئەوان بەدبەختیان لەسەر نوسراوە، بۆیە خێرابوونی مردنیان باشترە بۆیان لە لە درێژبوونەوەی تەمەنیان لە بێباوەڕیدا، بەڵام هاوپەیمانان لەگەڵی لە دونیادا لەژێر سێبەر و پەیمان و ئەستۆی ئەودا ژیانیان بەسەر برد، ئەوان بەو پەیمانە شەڕیان کەمترە لە جەنگاوەران لەگەڵی.

دووڕوانیش بە راگەیاندنی ئیمان لە رووالەتیاندا نەڕژانی خوێنی خۆیان بەدەستهێنا و ماڵ و سامان و خانەوادەی خۆیان پاراست و رێزیان بۆ خۆیان لە دونیادا بەدەستهێنا و حوکمی موسڵمانان بەسەریاندا گوزەری کرد لە میراتگرتن و شتانی تریش، گەلانی دووریش لە ئیسلام خودا(سبحانه) بە پەیامەکەی سزای گشتی لەسەر ئەهلی سەر زەوی لابردووە، بۆیە هەموو جیهانان بە پەیامەکەی سوود و قازانجیان وەرگرتووە.

رووی دووەم: پێغەمبەر(ﷺ) بۆ هەموو کەسێك رەحمەت بووە، بەڵام باوەڕداران ئەم رەحمەتیانە وەرگرتووە و لە دونیا و دواڕۆژدا سودیان لێبینیوە، بێباوەڕان رەدیان کردەوە لەگەڵ ئەوەش لەوە دەرنەچوون بۆیان رەحمەت بێت، بەڵام قبووڵیان نەکرد، وەك دەوترێت ئەمە دەوای ئەو نەخۆشییەیە گەر نەخۆشەکە بەکاری نەهێنێت دەواکە لەوە بەدەر نابێت دەوای ئەو نەخۆشییە بێت.

هەروەها لەوانەی مەدحی دەکرێت لەسەری ئەو ئەخلاقە بەرز و بڵندانەیە خۆی پێڕازاندۆتەوە، هەر کەس تەماشای ئەخلاق و ئاکاری پێغەمبەر(ﷺ) بکات دەزانێت باشترین ئەخلاقی مرۆڤ و باڵاترین ئاکاریەتی، پێغەمبەر(ﷺ) زاناترین کەس بووە، و خاوەنی مەزنترین ئەمانەتداری بووە، و لە هەموو کەس راستگۆتر بووە و حەلیمترین

و بەخشندەترین بووە، ئارامگرتین کەس بووە و لە هەموو کەس زیاتر لێخۆشبوون و لێبووردنی هەبووە، توندی نەزانی خەڵك بەرانبەری حیلمی زیاد دەکرد، وەك بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی دەکات لە "عبدالله بن عمرو"ەوە –خوا لێیان رازی بێت– لەسەر سیفەتی پێغەمبەر(ﷺ) لە تەوراتدا دەفەرموێت: محەمەد بەندەی من و پێغەمبەری منە، ناوم ناوە "المتوكل" کەسێکی توند و دڵڕەق و دەمبەگاڵەی ناو بازاڕ نییە، خراپە بە خراپە پاڵپێوە نانێت، بەڵکو دەبورێ و سینەی ساف دەکات، نایمرێنم تا میللەتێکی چەوت و خواری پێ راست نەکەمەوە بەوەی بڵێن: "لا إلـه إلا الله"، و چاوانی کوێر و گوێیانی کەڕ و دڵانی داخراوی پێ بکەمەوە))

بەبەزەییترین کەس و بەسۆزترین کەسە بۆ ئەوان، لە هەموو کەس زۆرتر سوود و قازانج بە دین و دونیایان دەگەیەنێت، زمان پاراوترین دروستکراوی خودا بووە، رەوانبێژترین کەس بووە بۆ گوزارەدان لە مانای زۆر بە وشەی کەم و کورتی ئاماژەکەر بە مەرام، لە هەموو کەس زیاتر لە شوێنی ئارامگرتندا ئارامی گرتووە، لە هەموو کەس زیاتر راستگۆ بووە لە وەعد و بەڵێنی بەیەکترگەیشتندا، لە هەموو کەس زیاتر وەفادارتر بووە لە پەیماندارییدا، لە هەموو کەس زیاتر پاداشتی چاکەی داوەتەوە بە چەندین بەرانبەر، لە هەموو کەس زیاتر تەوازوعی هەبووە، پێویستی خەڵکی داوە بەسەر خۆیدا، زۆرترین بەرگری لە هاوەڵانی کردووە و پاراستوونی، راوەستاوترین کەس بووە بەوەی خۆی فەرمانی پێکردووە، دوورترین کەس بووە لەوەی نەهی لێکردووە، بەهێزترین کەس بووە لە گەیاندنی سیلەی رەحمدا.

"علي"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: ((پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموو کەس زیاتر سینەی والا بوو، راستترین گوفتاری هەبوو، سروشتی نەرم و نیان بوو، لە تێکەڵاویدا

خاوەن ڕێز و ڕێزدار بوو، هەر کەس یەکەمجار دەیبینی سامی لێ دەنیشت، هەر کەس تێکەڵی لەگەڵ دروست دەکرد خۆشیدەویست، وەسفکەرانی دەڵێن: نە پێشتر و نە دواتر نموونەی ئەوم (ﷺ) نەبینیوە–کان رسول الله (ﷺ) اجود الناس صدرا، و أصدق الناس لهجة، وألينهم عريكة، وأكرمهم عشرة، من راه بديهة هابه، ومن خالطه معرفة أحبه، يقول ناعته: لم ار قبله ولا بعده مثله (ﷺ))

وتنی: "لە هەموو کەس زیاتر سینەی والا بوو–أجود الناس صدرا" مەبەستی ئەوەیە: سینەی چاك و سەلامەت بوو، پڕ بوو لە خێر و چاکە، خێر لە سینەیەوە وەك کانیاو هەڵدەقولاً، سینەی هەموو ڕەفتارێکی جوان و کارێکی خێری لە ئامێز گرتبوو، وەك هەندێ لە ئەهلی زانست دەڵێن: هیچ شوێنێك لە دونیادا نەبوو بە ئەندازەی سینەی پێغەمبەر (ﷺ) پڕ لە خێر بێت، هەموو خێرێکی لە خۆیدا کۆکردبووەوە و لە سینەیدا داینابوو (ﷺ)

ئەو بەشەی قسەکەی کە دەفەرموێت "گوفتاری لە هەموو کەس ڕاستگۆیانەتر بوو "أصدق الناس لهجة" ئەمە ئەوەیە دوژنمە جەنگاوەرەکانی دانیان پیادا ناوە، هیچ یەکێك لە نەیارەکانی تەنها درۆیەکیان لێ نەبیستووە، واز لە شایەتی دۆستانی بهێنە بۆی لەسەر ئەو ڕاستگۆییە، هەموو ئەهلی سەر زەوی بەگژیداچوون بە چەندین جۆری بەگژداچوون، لەوانە هاوەڵدانەران و ئەهلی کیتاب، بەڵام هیچ کام لەوانە ڕۆژێك لە ڕۆژان تانەیان لێنەداوە بە بوونی درۆیەکی گەورە یان بچووك، "مسور بن مخرمة" دەڵێت: وتم بە "أبي جهل"–کە خاڵم بوو– ئەی خاڵم، بەر لەوەی محەمەد ئەمە بڵێت بە درۆ تۆمەتبارتان کردووە؟ وتی: سوێند بە خودا خوشکەزای خۆم محەمەد کاتێك لاو بوو لە نێوانمان پێمان دەوت ئەمین، کاتێك سیمای پیری لێ دەرکەوت هەرگیز درۆی

نەكردووە، وتم: ئەی خاڵە، ئەی بۆ شوێنی ناكەون؟ وتی: خوشكەزای خۆم، ئێمە و بەنی هاشم لەسەر گەورەیی كێبەركێمان لە نێواندایە، نان بە خەڵك دەدەن ئێمەش نان بە خەڵكی دەدەین، ئاو بە خەڵكی دەدەن ئێمەش ئاو بە خەڵكی دەدەین، پەنای خەڵكی دەدەن ئێمەش پەنای خەڵكی دەدەین، كاتێك كە هەردوو لامان هاتین بە چۆكدا و وەك دوو شۆڕەسواری پێشبڕكێمان لێهات وتیان: پێغەمبەر لە ئێمەیە، ئێمە چۆن پێغەمبەرێك بەرانبەریان بهێنین)) یان هاوشێوەی ئەم قسەیە.

خودا دڵنەوایی دەكات و قسەی دوژمنەكانی لەسەر ئاسان دەكات و پێی دەفەرموێت: ﴿ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ ۖ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا۟ عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا۟ وَأُوذُوا۟ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمْ نَصْرُنَا ۚ وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ ۚ وَلَقَدْ جَآءَكَ مِن نَّبَإِى۟ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣٤﴾ ﴾ الأنعام: ٣٣ – ٣٤

ئەو بەشەی فەرموودەكەی كە دەفەرموێت: "سروشتی نەرم و نیان بوو–ألينهم عريكة": واتە ئاسان و نەرم و نزیك بوو لە خەڵكییەوە، وەڵامی ئەو كەسەی دەدایەوە بانگی لێدەكرد، پێویستی ئەو كەسەی جێبەجێ دەكرد كە رووی لێ دەكرد، دڵنەوایی دڵی شكاویی ئەوانەی دەدایەوە روویان لێ دەكرد، بێبەشی نەدەكرد و بە دەستی خاڵی نەیدەناردەوە، گەر هاوەڵانی كارێكیان لێ بویستبایە رازی دەبوو لەگەڵیان و شوێنیان دەكەوت لەو كارەدا، گەر لەسەر كارێك یەكلا ببوایەتەوە خۆسەپێنی نەدەكرد، بەڵكو راوێژی پێ دەكردن و گفتوگۆی لەگەڵ دەكردن، لە چاكەكانیان شتی وەردەگرت و لە خراپەكانیان خۆشدەبوو.

ئەو بەشەی قسەكەی: "لە تێكەڵاوییدا خاوەن ڕێز و ڕێزدار بوو"أكرمهم عشرة" واتە: لەگەڵ هەر كەس دادەنیشت تێكەڵاوییەكەی تێر و تەواو و چاك و ڕێزدارانە

بوایە، روخساری گرژ نەدەکرد و قسەی رەق و توندی نەدەکرد و پێستی رەق و گرژ نەدەبوو، زمانی هەڵەی نەدەکرد، جەفا و بێ مەیلی لێ نەدەبینرا، بەڵکو لەگەڵ دەوروبەریدا بە چاکترین شێوە تێکەڵاوی دەکرد، ئازاری دەوروبەری هەڵدەگرت، تێکەڵاوی لەگەڵ ئەوان هەڵگرتنی ئازار و جەفای قسە و رەفتاریان بوو، سزای کەسی نەدەدا و لۆمەی کەسی نەدەکرد و بە شتێك بەڕوویدا نەدەهاتەوە لای گران بێت، هەر کەس تێکەڵی بوایە دەیوت: من خۆشەویستترین کەسم لەلای بەهۆی ئەو گشتە لوتفەی بۆی دەنواند و ئەو گشتە نزیکبوونەوە لێی و ئەو گشتە رووتێکردنە و ئەو گشتە گرنگیپێدانە، و قوربانی لە پێناویدا و چاکە لەگەڵی و هەڵگرتنی جەفا و مەینەتییەکانی، چ تێکەڵییەك رێزدارانە ترە لەم تێکەڵییە؟

"الحسين"(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: پرسیاری ژیانی پێغەمبەرم(ﷺ) لەگەڵ ئەهلی مەجلیسی لە باوکم کرد، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) هەمیشە روخساری کراوە و بە مژدە بوو، رەوشتی زۆر ئاسان بوو، کەسێکی مامەڵە ناخۆش نەبوو، توند و دڵرەق نەبوو، گاڵەگاڵی نەبوو و زمانی شڕ نەبوو، نەنگی لە شت دەرنەدەهێنا و مەدحی زۆری نەدەکرد، شتێك حەزی لێ نەبوایە خۆی لێ بێئاگا دەکرد، کەسێك رجای لای ئەو بوایە بێهیوای نەدەکرد، خۆی لە سێ شت بەدوور دەگرت: دەمەقاڵە و زیادەڕەوی و شتێك پەیوەندی بە ئەوەوە نەبوایە، زەمی هیچ کەسێکی نەدەکرد و نەنگی لێ دەرنەدەهێنا و بەدوای عەورەتەکانیدا نەدەگەڕا، قسەی لە شتێك دەکرد رجای راستی و دروستی بۆ هەبوایە، کاتێك قسەی دەکرد ئەهلی مەجلیسی بێدەنگ دەبوون وەك ئەوەی لەسەر سەریان باڵندە نیشتبێتەوە، کە بێدەنگ دەبوو قسەیان دەکرد و لە خزمەتیدا دەمەقاڵەیان نەدەکرد، هەر کەس لە خزمەتیدا قسەی بکردبایە ئەوان بێدەنگ دەبوون

تا تەواو دەبوو، گفتوگۆیان وەك گفتوگۆی یەکەمین کەسیان بوو، پێدەکەنی بەوەی ئەوان پێی پێدەکەنین، سەرسام دەبوو بەوەی ئەوان پێی سەرسام دەبوون، ئارامی دەگرت لەگەڵ غەریباندا لەگەڵوشکی قسە و داوا و پرسیاریاندا تەنانەت گەر هاوەڵانی بیانهێنابایە، و دەیفەرموو: گەر داواکەری پێویستییەکتان بینی داوای دەکرد کۆمەکی بکەن، سەنای تەنها لە چاکەگێڕەوە قبووڵ دەکرد، قسەی بە کەس نەدەبڕی تا سنووری دەبەزاند ئەو کات بە نەهی لێکردنی یان بە هەستان پێی دەبڕی.

ئەو بەشەی قسەکەی کە دەفەرموێت: " هەر کەس یەکەمجار دەیبینی سامی لێ دەنیشت، هەر کەس تێکەڵی لەگەڵ دروست دەکرد خۆشیدەویست،"من رآه بديهة هابه ومن خالطه معرفة أحبه" بە دوو سیفەت وەسفی کرد کە خودا ئەهلی صدق و ئیخلاصی پێ وەسف کردووە، ئەو دوانەش بریتین لە "الإجلال والمحبة" خودا هەیبەت و خۆشەویستی بەسەردا داباراند بوو، هەر کەس دەیبینی هەیبەتی لێ دەنیشت و بە گەورە و مەزن تەماشای دەکرد، و دڵی بە مەزنی ئەو پڕ دەبوو، با کەسەکەش دوژمنی ئەو بوایە، گەر لەگەڵی تێکەڵ بوایە و مامەڵەی بکردبایە لە هەرچی دروستکراوە لای خۆشەویستتر بوو، ئەو (ﷺ) بەمەزنکراوی خۆشەویستی ڕێزلێنراو بوو، ئەمەش کەماڵی خۆشەویستییە کاتێك لەگەڵ بەمەزن تەماشاکردن هەیبەتداری هاوتا ببێت، خۆشەویستی بێ هەیبەت و بەمەزن تەماشا کردن ناتەواوە، هەیبەت و بەمەزن زانین بەبێ خۆشەویستی وەك ئەوەی بۆ کەسی غەدرکەری ستەمکار هەیە دیسان ناتەواوە، کەماڵ لەوادایە خۆشەویستی و بەمەزن تەماشاکردن کۆببەنەوە، ئەمەش تەنها لە مەحبوبێکدا دەبینرێتەوە سیفاتی کەماڵی تێدا بێت کە شایستە دەبێت لە پێناویاندا بە مەزن تەماشا بکرێت و خۆشیان بوێت.

لەبەر ئەوەی خودا (ﷻ) لە هەموو کەس شایستەترە ئەوا شایستەیە بەوەی بە مەزن و گەورە رابگیرێت و لێی بترسین و خۆشمان بوێت، بە هەموو بەشێك لە بەشەکانی دڵمان، لەوەشدا هاوەڵی بۆ دانەنرێت، ئەمە ئەو هاوەڵدانانەیە کە خودا لێی خۆشنابێت، خوداو کەسانیتر لەو خۆشەویستییەدا یەکسان بکەیت، قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴾ البقرة: ١٦٥، هەواڵی پێداین هەر کەس شتێکی جگە لە خودا وەك خۆشویستنی خودا خۆشویست ئەوا ئەو شتەی کردووە بە "ند–دژ" بۆ خودا، ئەهلی ئاگردا دەڵێن: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾ الشعراء: ٩٧ – ٩٨، یەکسان کردنەکەیان ئەوە نەبوو لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و دروستکردنی ئەوان و باب و باپیرانیاندا بە خودایان یەکسان بکەن، بەڵکو لە خۆشەویستی بۆیان وەك چۆن خودایان خۆشدەوێت بە "رب العالمين" یەکسانیان کردن، چونکە راستەقینەی عیبادەت: بریتییە لە خۆشەویستی و زەلیلی، ئەمەش بریتییە لە بەمەزنراگرتن و ئیکرامێك کە خودا وەسفی نەفسی خۆی پێکردووە لە ئایەتی: ﴿ تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٧٨﴾ ﴾ الرحمن: ٧٨، راستترینی یەکێك لە دوو قسەی سەر ئەو ئایەتە ئەمەیە: "الجلال" بریتییە لە بەمەزنراگرتن، "الإكرام" بریتییە لە خۆشەویستی، ئەوەش نهێنی قسەی بەندەیە کە دەڵێت: "لا إله إلا الله، والله أكبر"، بۆ ئەو مەبەستە لە مەسنەدی ئیمام ئەحمەددا هاتووە لە "أنس"ەوە (خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: ((پابەندبن بە "يا ذا الجلال والإكرام")) واتە پێیەوە پابەندبن و زمانتان پێی پارلو بێت.

لە مەسنەدی "أبي يعلى الموصلي" لە هەندێ هاوەڵانەوە، داوای کردووە "اسم الله أعظم" بزانێت، لە خەوندا بینی لە ئاسماندا بە ئەستێرە نوسرا بوو: "يا بديع

السموات والأرض، يا ذا الجلال والإكرام" هەموو خۆشەویستی و بەمەزنزانینێك بۆ مرۆڤ كاتێك دروستە شوێنی خۆشەویستی خودا و بەمەزنراگرتنی خودا كەوتبێت، وەك خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و بەمەزن تەماشاكردنی، ئەو خۆشەویستی و بەمەزن تەماشاكردنە تەواوكاری خۆشەویستی و بە مەزنراگرتنە بۆ نێرەرەكەی (واتە خودا)، ئوممەتەكەی خۆشیان دەوێت بە هۆی خۆشەویستی خوداوە بۆ ئەو، بەمەزن تەماشای دەكەن بەهۆی بە گەورە و مەزن تەماشاكردنی خودا بۆ ئەو، ئەوە بریتییە لە خۆشەویستی بۆ خودا و پێویستییەكانی خۆشەویستی خودا، هەر بەو جۆرە خۆشەویستی بۆ ئەهلی زانست و ئیمان، و خۆشەویستی هاوەڵانی پێغەمبەر (خوایان لێ رازی بێت) و گەورە تەماشاكردنیان شوێنكەوتەی خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەكەیەتی بۆ ئەوان.

مەبەست: خودا هەیبەت و خۆشەویستی بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ) داباراند بوو، هەر باوەڕدارێكی موخلیص بەشی خۆی لەوەدا هەیە، "الحسن البصري"(رەحمەتی خودای لێ بێت) دەفەرموێت: ((كەسی باوەڕدار شیرینی و هەیبەتی پێدراوە)) واتە خۆشیان دەوێت و هەیبەتی لێ دەكەن و گەورە تەماشا دەكرێت بەوەی خودا لەبەری كردووە لە پۆشاكی ئیمان كە داوای ئەوە دەكات، بۆ ئەو مەبەستە هیچ مرۆڤێك لای هاوەڵان (خوایان لێ رازی بێت) خۆشەویستتر و مەزنتر لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) تەماشا نەكراوە.

"عمرو بن العاص" دەڵێت: پێش موسڵمان بوونم هیچ كەسێك لەلام بە ئەندازەی ئەو جێگەی رق و كینە نەبوو، كاتێك موسڵمان بووم هیچ كەسێك لەلام بە ئەندازەی ئەو خۆشەویست نەبووە، هەر بەو جۆرە هیچ كەسێك لەلام بە ئەندازەی ئەو مەزن و

گەورە نەبوو، گەر پرسیارم لێ بکەن بۆتان وەسف بکەم ئەوا ناتوانم، چونکە چاوەکانم تێر نەبوون لە سەیرکردنی بەهۆی هەیبەت و مەزنی ئەوەوە.

"عروة بن مسعود" وتی بە قورەیش: ((ئەی قەومەکەم، سوێند بە خودا بە وەفد چوومەتە لای کیسرا و قەیسەر و مەلیکەکان هیچ مەلیکێکم نەبینیوە هاوەڵانی وەك هاوەڵانی محەمەد بەمەزن تەماشای بکەن، تفێك ناکاتەوە هاوەڵانی هەڵیدەگرن و دەیهێنن بەسەر روخسار و سینەیاندا، کاتێك دەستنوێژ دەگرێت خەریکن لەسەر ئاوی دەستنوێژەکەی بەشەڕ دێن))

لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) هەموو ئەو سیفەتە مەزنانەی لەخۆ گرتووە کە جار لەنوای جار داوای حەمد دەکەن ناونرا "محمد"، ئەمە ناوێکە تەبایە لەگەڵ ناوەرۆکدا و وشەیەکە پڕاوپڕە لەگەڵ ماناکەی.

جیاوازی نێوان ناوی "أحمد" و "محمد" لە دوو رووەوەیە:

یەکەمیان "محمد" بریتییە لە "محمود–حەمدکراو" جار لەنوای جار، ناوەکە ئاماژەیە بۆ سەر زۆری حەمدی حەمدکەران بۆی، ئەوەش زۆری داواکارییەکانی حەمد تیایدا پێویست دەکات، "أحمد" "أفعل تفضيل"ە لە "الحمد" وەرگیراوە کە شایستەیە بە شتێك بالاتر و باشتر لە هەرکەسێك شایستەی بێت، "محمد" حەمدی زیادەیە لە چەندێتیدا، "أحمد" حەمدی زیادەیە لە چۆنێتیدا، بۆیە ئەو(ﷺ) حەمد دەکرێت بە زۆرترین و باشترین حەمدێك مرۆڤ ئەنجامی دابێت.

رووی دووەم: "محمد" بریتییە لە "محمود" بە حەمدێکی دووبارەوە بوو وەك پێشتر باسمان کرد، "أحمد"یش ئەو کەسەیە حەمدی پەروەردگاری کردووە باشتر و چاکتر لە حەمدی حەمدکەران، بۆیە یەکێك لە دوو ناوەکە کە "محمد"ە ئاماژەیە

لەسەر ئەوەی کەسێکی "محمودە-حەمدکراوە" و ناوی دووەم کە "أحمد"ە ئاماژەیە بەوەی کە باشترین و چاکترین کەسێکە لە حەمددا بۆ پەروەردگاری لەناو حەمدکەراندا.

با بگەڕێینەوە بۆ مەبەستەکە، پێغەمبەر(ﷺ) نانونرا "محمد" چونکە زیاتر لە هەر کەسێك حەمد دەکرێت، هەروەها ناونرا "أحمد" چونکە بە باشترین و چاکترین حەمد حەمد دەکرێت جیا لە کەسانی تر، هەردوو ناوەکە کەوتوون بەسەر "مفعول"دا ئەمە هەڵبژێراوەکەیانە، چونکە باشترین مەدح و تەواوترین مانا لەخۆ دەگرن، گەر مەبەست پێی مانای "فاعل" بوایە بە "الحماد" ناودەبرا کە بریتییە لە کەسێك زۆر حەمد دەکات، وەك چۆن ناونرا "محمد" کە حەمدی زۆری کراوە، ئەو(ﷺ) لە هەموو کەس زیاتر حەمدی پەروەردگاری کردووە، گەر ناوەکەی بۆ لای "فاعل" بوایە لەپێشتر بوو ناوی "الحماد"ی لێبنرێت، وەك چۆن ناوی ئومەتەکەی "الحمادون"ە.

هەروەها دوو ناوەکەی لە ئەخلاق و خەسڵەتە باش و حەمدکراوەکانییەوە وەرگیراوە، لەو پێناوەدا شایستە بووە ناوی "محمود" و "أحمد"ی لێ بنرێت، ئەو (ﷺ) ئەو کەسەیە ئەهلی دونیا و ئەهلی دوارۆژ حەمدی دەکەن، ئەهلی ئاسمان و زەوی حەمدی دەکەن، بەهۆی خەسڵەتە چاك و باش و حەمدکراوەکانییەوە کە نایەنە هەژماردن بە دوو ناو لە ناوەکانی حەمد ناونراوە، ئەو دوو ناوە داوای باشترین و زۆرترین دەکەن لە هەند و بڕ و سیفەدا، خودا باشتر دەزانێت.

ناونانی بە "أحمد" بەر لە ناونانیەتی بە "محمد" (ﷺ)

دەستەیەك وا گومان دەبەن لەوانە "أبو القاسم السهيلي" و کەسانی تریش ناونانی بە "أحمد" بەر لە ناونانیەتی بە "محمد"، بۆیە دەڵێن: مژدە درا بە "المسيح" (عليه السلام) بە ناوی "أحمد"، هەروەها لە فەرموودەیەکی دوورودرێژدا لە فەرموودەی موسا (عليه السلام) کاتێك فەرمووی بە پەروەردگاری (جل وعلا) ((من ئوممەتێك دەبینم شان و شکۆی ئاوا و ئاوایە، بیکە بە ئوممەتی من، فەرمووی: ئەوە ئوممەتی "أحمد"ە ئەی موسا، بۆیە فەرمووی: خودایە من بکە بە ئوممەتی "أحمد")) دەڵێن ناوی بە "محمد" تەنها لە قورئاندا هاتووە ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡ كَفَّرَ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَأَصۡلَحَ بَالَهُمۡ ٢ ﴾ محمد: ٢، لەسەر ئەمە ئەوەیان بینا کردووە ناوی "أحمد" "تفضيل"ە لە "فعل الفاعل"، واتە: باشترین و چاکترین حەمدکەرێکە بۆ پەروەردگاری، "محمد"یش بریتییە لە "محمود" کە دروستکراوەکان حەمدی دەکەن، دوای بوون و دەرکەوتنی لەسەر ئەم ناوە سەرهەڵدەدات، ئەو کات ئەهلی ئاسمان و زەوی حەمدی دەکەن، و لە رۆژی دواییشدا ئەهلی وەستانی مەحشەر حەمدی دەکەن، کاتێك ئەو ناوە (محمد) هاتە بوونەوە و دەرکەوت و ئەو هەموو خێرە لێیەوە سەریهەڵدا هەموو دروستکراوەکان بە حەمدی دووبارە و دووبارە حەمدیان کرد، بۆیە ناونانی بە "محمد" دوای ناونانی بە "أحمد" کەوتووە.

لەم قسەیەدا گفتوگۆیەك هەیە لە چەند رووبەکەوە:

یەکەمیان: پێغەمبەر(ﷺ) بەر لە ئینجیل بە "محمد" ناونراوە، هەر بەو جۆرە ناوی لە تەوراتدا، ئەم راستییە زانایەکی باوەڕداری ئەهلی کیتاب دانی

پیادا دەنێت، ئێمە ئەو دەقەی تەورات کە لەلای ئەوانە ئاماژە پێدەدەین:

هەروەها ئەوەی لە لێكدانەوەیدا دروستە، وتی: لە تەوراتدا قسەیەك لەسەر "إسماعيل" هەیە، ئەمە سەربوردەكەیەتی: (دەربارەی ئیسماعیل بۆم باسكردی، ئەوە منم بەرەكەتم پێ بەخشی و كردم بە خاوەنی خێر و فەرِ "مماد باد") ئەمەی كاتێك باس كرد كە ناوی ئیسماعیلی هێنا، ئەم گوزارەیە لای زانایانی باوەڕداری ئەهلی كیتاب راشكاوانە دەربارەی ناوی پێغەمبەر "محمد" (ﷺ).

لە هەندێ لە لێكدانەوەكانی تەوراتدا لە دوای ئەم دەقە شتێكم بینیوە كە گێڕانەوەكەی بەم جۆرەیە: شرۆڤەكارەكە دەربارەی ئەو دوو پیتە یان ئەو دوو وشەیە (مماد باد) لە دوو جێگەدا دەڵێت: ناوی سەروەرمان پێغەمبەر "محمد" لەخۆ دەگرێت، چونكە گەر بە پیتەكانی ناوی "محمد"ی دابنێیت دەبینیت لەو دوو پیتە ئاماژە بۆكراوەدایە، چونكە دوو "ميم"ەكەی "محمد" و "دال"ەكەی لە جێگەی دوو "ميم"ەكە و یەكێك لە "دال"ەكانە، پیتەكەی تری ناوی "محمد" كە بریتییە لە "الحاء" لە جێگەی دوو پیتەكەی ترە كە بریتییە لە "الباء" و لەگەڵ دوو "ألف"ەكە و "دال"ەكەی تر.

كەسانی تر دەڵێن: پێویست بەم زۆر لەخۆكردنە ناكات لە رۆشنكردنەوەی ناوی پێغەمبەرمان (ﷺ) لە تەوراتدا، بەڵكو ناوی پێغەمبەر (ﷺ) لە تەوراتدا زۆر رۆشنترە لەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی تەورات بە زمانی عیبرییە و نزیكە لە زمانی عەرەبییەوە، بەڵكو نزیكترین زمانە لە زمانی عەرەبییەوە، زۆرجار جیاوازی لە شێوازی دەربڕین و گوزارەی پیتەكاندا هەیە، عەرەب دەڵێت: "لا" عیبرانی دەڵێت: "لو"، عەرەب دەڵێ: "قدس"، عیبرانی دەڵێ: "قشی"، عەرەب دەڵێ: "أنت"، عیبرانی دەڵێ: "أنا"...هتد.

ناوهێنانی تەورات لە پاڵ قورئاندا لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتووە: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟ لَوْلَآ أُوتِىَ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ مُوسَىٰٓ ۚ أَوَلَمْ يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ۖ قَالُوا۟ سِحْرَانِ تَظَٰهَرَا

وَقَالُوٓاْ إِنَّا بِكُلٍّ كَٰفِرُونَ ﴿٤٨﴾ قُلۡ فَأۡتُواْ بِكِتَٰبٖ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ هُوَ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمَآ أَتَّبِعۡهُ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾ القصص: ٤٨-٤٩، هەروەها لە سورەتی "الأنعام"دا وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئەوانەی دەیانوت:﴿ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ قُلۡ مَنۡ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورٗا وَهُدٗى لِّلنَّاسِ ﴾ الأنعام: ٩١، پاشان فەرمووی:﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ ﴾ الأنعام: ٩٢، لە کۆتایی سورەتەکەشدا دەفەرموێت:﴿ ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ ﴾ الأنعام: ١٥٤-١٥٥، لە سەرەتای سورەتی "آل عمران"دا دەفەرموێت: ﴿ الٓمٓ ﴿١﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ﴿٢﴾ نَزَّلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ﴿٣﴾ مِن قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٤﴾ ﴾ آل عمران: ١- ٤، هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلۡفُرۡقَانَ وَضِيَآءٗ وَذِكۡرٗا لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿٤٨﴾ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ وَهُم مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشۡفِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَهَٰذَا ذِكۡرٞ مُّبَارَكٌ أَنزَلۡنَٰهُۚ أَفَأَنتُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ الأنبياء: ٤٨-٥٠، بۆیە خودا(ﷻ) چیرۆکی موسا (عليه السلام) باس دەکات و دووبارەی دەکاتەوەو رۆشنی دەکاتەوەو دڵنەوایی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) پێدەداتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك لە خەڵکییەوە ئازاری پێ دەگەیشت دەیفەرموو: ((موسا بەزۆرتر لەمە ئازاردراو ئارامی گرت))، بۆیە دەفەرموێت (ﷺ) ((ئەوەی لەناو بەنی ئیسرائیلییەکاندا رووویدا لەم ئوممەتەی مندا روودەدات، تا گەر یەکێك لە ئەوان بەئاشکرا بچێتە لای دایکی لەم ئوممەتەدا کەسانێك هەیە ئەنجامی دەدات))

لەم هاوشێوەییەی نێوان ئەو دوو پێغەمبەر و دوو کتێب و دوو شەریعەتە وردببەرەوە، مەبەستم شەریعەتی دروست و نەگۆڕاوە، هەروەها تێڕامان بکە و لەو دوو ئوممەت و دوو زمانە، گەر لە پیتەکانی "محمد" و پیتەکانی "مماد باد" ورد ببییەوە دەبینی هەردوو وشەکە یەك وشەن.

مەبەست ئەوەیە ناوی پێغەمبەر (ﷺ) لە تەواراتدا "محمد"ە هەروەك لە قورئاندا، بەڵام مەسیح (عليه السلام) ناوی ناوە "أحمد" وەك قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە، کەوابوو ناونانی بە "أحمد" لوای ناونانی بە "محمد" بووە لە تەوراتدا و پێش قورئان کەوتووە لە ناوهێنانی بە "أحمد"، بۆیە "أحمد" لە ئینجیلدا کەوتۆتە نێوان لوو ناوهێنانەکە لە تەورات و قورئاندا، پێشتر باسی ئەوەمان کرلووە ئەم لوو ناوە لە راستەقینەیاندا لوو سیفەتن، وەسفبوون نەرێی ئەوە ناکات لوو ناوی تایبەت بن، مانای ئەو لوو ناوەش بەمەبەستگیراوە، بۆیە لای هەر ئوممەتێك بە ناسراوترین وەسف ناسراوە، "محمد" لەسەر کێشی"مفعل"لە"الحمد"ەوە وەرگیراوە کەسێکە خەسڵەتی زۆری هەیە و لەسەریان حەمد دەکرێت بە بەردەوامی، حەمد لە لوای حەمد، ئەمەش لوای زانست بە خەسڵەتی خێر و جۆرەکانی زانست و مەعریفە و ئەخلاق و وەسف و کاروکردەوەیەك دەبێت کە شایستەن بە حەمد کردن لەسەریان، گومانی تێدا نییە "بني إسرائيل" خاوەن زانستی یەکەم و کتێبن کە خودا دەربارەی دەفەرموێت: ﴿ وَكَتَبْنَا لَهُۥ فِى ٱلْأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَىْءٍ ﴾ الأعراف: ١٤٥، بۆیە ئوممەتی موسا (عليه السلام) لە ئوممەتی عیسا (عليه السلام) زانست و مەعریفەیان فراوانتر بووە، بۆیە شەریعەتی مەسیح (عليه السلام) بە تەورات و ئەحکامی تەورات تەواو دەبێت، مەسیح (عليه السلام) و ئوممەتەکەی رەوانەی ئەحکامەکانی تەورات کراون، ئینجیل وەك کاملکار و تەواوکاری جوانی و باشییەکانی ئەو شەریعەتەیە، قورئانیش کۆکەرەوەی جوانی و باشییەکانی هەرلوو کتێبەکەیە.

بۆیە ناوی پێغەمبەر (ﷺ) لای ئەو ئوممەتە بە "محمد" ناونراوە چونکە خەسڵەتەکانی خێر کە شایستەیە بەوەی لەسەریان حەمد بکرێت حەمد لە لوای حەمد تیایدا کۆبوونەتەوە، بەڵام لای ئوممەتی مەسیح (عليه السلام) بە "أحمد" ناوی هێنراوە، "أحمد"

واتە شایستە بە حەمد چاکتر لە هەموو کەسێك، حەمدی ئەو چاکتر و باشترە لە حەمدی کەسانی تر، ئوممەتی مەسیح (عليه السلام) ئوممەتێك بوون وەرزشی دەروونی و جەستەیی و ئەخلاق و عیبادەتیان هەبوو کە ئوممەتی موسا (عليه السلام) نەیانبوو، بۆیە زۆربەی کتێبەکەیان ئامۆژگاری و زوهد و ئەخلاق و هاندانە بۆ چاکە و ئارامگری و لێبووردن، تا وتراوە: شەریعەتەکان سیانن: شەریعەتی دادپەروەری کە بریتییە لە شەریعەتی تەورات، حوکم و تۆڵەسەندنەوەی تێدایە، دووەم شەریعەتی فەزڵ: بریتییە لە شەریعەتی ئینجیل کە لێبوردن و رەوشتی بەرز و لێخۆشبوون و چاکە لەخۆ دەگرێت، وەك ئەو فەرموودەی عیسا (عليه السلام): "هەر کەس عەباکەی سەرشانی فڕاندی کراسەکەشی پێ بدە، هەر کەس زلەیەکی دا لەلای راستت لای چەپیشی روو تێبکە، هەر کەس میلێك بە سوخرەی گرتی دوو دوو میل لەگەڵی بڕۆ"، لەگەڵ شەریعەتی پێغەمبەری ئێمە(ﷺ) هەردووکیانی کۆکردۆتەوە، ئەوەش بریتییە لە شەریعەتی قورئان، تیایدا دادپەروەری باسکراوەو پێویستکراوە، هەر بەو جۆرە فەزڵ باسکراوە بە پەسەنزانراوە، وەك ئایەتی: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ ﴾ الشورى: ٤٠، بۆیە ناوی پێغەمبەر (ﷺ) لەم ئوممەتەدا بە "أحمد" هاتووە چونکە ئاماژە دەکات بە چاکە و کەماڵ، وەك چۆن شەریعەتەکەیان (شەریعەتی ئینجیل) وەك تەواوکاری چاکە بۆ شەریعەتی تەورات دابەزی، لە قورئاندا کە کۆکەرەوەی هەموو چاکە و باشەکانی کتێبەکانی ترە بە هەردوو ناوەکە هاتووە.

❁ ❁ ❁

بەشی چوارەم

مانای ''ئال'': داتاشراوەکانی و حوکمەکانی

دوو قسە هەیە لەم میانەدا:

یەکەمیان: ریشەکەی بریتییە لە "أهل" و دووەمیان لە "أأل"

دەربارەی ئالی پێغەمبەر (ﷺ) جیاوازی کەوتۆتە نێوانیانەوە بەسەر چوار قسەدا:

قسەی یەکەم: ئەوانەن صەدەقەیان لەسەر حەرامکراوە، ئەمەش لەلایەن زانایانەوە سێ قسەی لەسەرە:

یەکەم: بریتین لە "بنو هاشم" و "بنو المطلب" ئەمە بریتییە لە مەزهەبی شافیعی و أحمد لە ریوایەتێکدا.

دووەم: تەنها بریتین لە "بنو هاشم" ئەمەش مەزهەبی "أبي حنيفة" و ریوایەتی دووەمی "أحمد"ە لەگەڵ هەڵبژاردنی "أبي القاسم" هاوەڵی "مالك".

سێیەم: بریتین لە "بنو هاشم" و ئەوانەی سەرو ئەوان تا "غالب" بۆیە "بنو المطلب و بنو أمية، و بنو نوفل" دەگرێتەوە تا دەگاتە "غالب" ئەمەش بریتییە لە هەڵبژاردەی "أشهب" لە هاوەڵانی مالك.

ئەم قسەیە لەسەر "آل" مەبەستم ئەوانەیە صەدەقەیان لەسەر حەرام دەبێت دەقی شافیعی و أحمد و زۆرینەیە، و هەڵبژاردەی جمهوری هاوەڵانی أحمد و شافیعییە.

قسەی دووەم: ئالی پێغەمبەر(ﷺ) بریتین لە نەوەکانی و هاوسەرەکانی، "ابن عبد البر" لە "التمهيد"دا باسی کردووە.

دەڵێن: فەرموودەی"أللهم صل على محمد وأزواجه وذريته" تەفسیری ئەو فەرموودەی تره کە دەفەرموێت: "أللهم صل على محمد وعلى آل محمد"، دەریدەخات "آل محمد" بریتین لە "أزواجه و ذريته"، دەڵێن: دروستە بە هەر هاوسەرێك لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و نەوەکانی بوترێت "صلى الله عليك" گەر رووبەڕووی بوویەوە، هەروەها "صلى الله عليه" گەر لێی نادیار بوو، بەڵام ئەوە بۆ غەیری ئەوان دروست نییە.

دەڵێن: "آل" و "أهل" یەکسانن، ئالی پیاوێك و ئەهلی پیاوێك هەمان شتە، بریتین لە ژن و منداڵ و نەوە.

قسەی سێیەم: ئالی پێغەمبەر(ﷺ) بریتییە لە شوێنکەوتوانی تا رۆژی دوایی، شێخی نەوەوی لە شەرحی "مسلم"دا پارسەنگی ئەم قسەیەی داوە.

قسەی چوارەم: ئالی پێغەمبەر(ﷺ) بریتین لە "الأتقياء–لەخوداترسان" لە ئوممەتەکەی، "القاضي حسين" و"الراغب" و دەستەیەك قسەیان لەسەر کردووە.

باسی بەڵگەی ئەو چوار قسەیە

قسەی یەكەم: ئال بریتییە لەو كەسانەی صەدەقەیان لەسەر حەرامكراوە لەسەر ئەوانەی جیاوازیان لەسەرە، بەم بەڵگەیە:

ئیمامی بوخاری ریوایەتی كردووە لە "أبي هريرة"ەوە (خوا لێی رازی بێت) پێغەمبەر (ﷺ) خورمای تازەپێگەیشتوویان بۆ دەهێنا، یەكێك خورمایەك و یەكێكی تر خورمایەك تا لەلای دەبوو بە كۆمایەك لە خورما، حەسەن و حسین بەو خورمانە یارییان دەكرد، یەكێكیان دەنكێكی هەڵگرت و خستییە ناو دەمییەوە، پێغەمبەر تەماشای كرد و لە دەمی دەرهێنا و فەرمووی: نازانی ئالی محمد صەدەقە ناخۆن)) "مسلم" ریوایەتی كردووە و تیایدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((ئێمە صەدەقەمان بۆ حەڵاڵ نییە))

قسەی دووەم: ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بریتیین لە نەوەكانی و ژنەكانی.

پێشتر "ابن عبد البر" بەڵگەی هێنایەوە بە فەرموودەی"أللهم صل على محمد وأزواجه وذريته" تەفسیری ئەو فەرموودەی ترە كە دەفەرموێت: "أللهم صل على محمد وعلى آل محمد"، دەریدەخات "آل محمد" بریتین لە "أزواجه و ذريته"

هەروەها بەڵگە بەوە دەهێننەوە كە لە دوو سەحیحەكەدایە لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: "أللهم اجعل رزق آل محمد قوتا" خودایە رۆزی ئالی محەمەد قووت بێت، واتە ژەم بۆ ژەم و تەنها ئەوەندە بێت بەشیان بكات، ئاشكرایە ئەم دوعا وەڵامدراوە هەموو "بني هاشم" و "بني المطلب"ی نەگرتۆتەوە، چونكە لەناویاندا دەوڵەمەند و خاوەن توانا و دارایی گەورە هەبووە و تاكو ئێستاش هەن، بەڵام هاوسەرەكانی و نەوەكانی رۆزییان قووت بووە، ئەوەی لە ماڵ و سامان بۆ هاوسەرەكانی بەدەست دەهات دەیانكردە صەدەقە و رۆزییان

خۆیان دەکردەوە بە قووت، ماڵێکی زۆر بۆ "عائشة"(خوا لێی رازی بێت) هێنرا و لە یەك دانیشتندا هەمووی دابەش کرد، کەنیزەکێك پێی وت: گەر درهەمێکت لا بخستبایە گۆشتمان پێ بکڕیبایە؟ فەرمووی: گەر وەبیرت بهێنامایە ئەوەم دەکرد.

هەروەها بەڵگە دەهێننەوە لەوەی لە دوو سەحیحەکەدا هاتووە لە "عائشة"ەوە (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: ((ئالی محمد سێ رۆژ لە نانی گەنمی تێکەڵ بە شلە یان مەرەگە تێری نەخواردووە، تا بە خودا(عز وجل) گەیشت)) دەڵێن: ئاشکرایە "عباس" و منداڵەکانی نەچوونەتە ژێر ئەوەی "عائشە" باسی دەکات.

صەدەقە لەسەر ئالی پێغەمبەر و هاوسەرەکانی حەرامکراوە، چونکە پیسی خەڵکە و خوداش (ﷻ)ئەو زاتە پاك و بڵندانە (هاوسەرەکانی) و نەوەکانی لە خواردنی پیسی خەڵکی پاکڕاگرتووە.

قورئان دەفەرموێت: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ﴿٣٠﴾ وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا ﴿٣١﴾ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِۚ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ﴿٣٢﴾ وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا ﴿٣٣﴾ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾﴾ الأحزاب: ٣٠ – ٣٤، دەڵێن: هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لەم ئایەتانەدا چوونە ناو "أهل البيت"ەوە، چونکە هەموو گوتارەکە لە دووتوێی باسکردنی ئەواندایە.

قسەی سێیەم: ئەوەیە کە ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بریتییە لە ئوممەت و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی:

بەڵگەیان بۆ هێناوەتەوە کە ئالی مەزنی شوێنکەوتوو بریتین لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئایین و ئەمرەکەی، نزیك و دووریان.

دەڵێن: داتاشینی ئەم وشە بەڵگەیە لەسەری، چونکە لە "آل يؤول": گەر بگەڕێتەوە، مەرجەعی شوێنکەوتە بۆ لای شوێنکەوتووەکەیانە، چونکە ئیمامیانە و جێی گەڕانەوەیانە بۆ لای.

دەڵێن: بۆیە ئایەتی: ﴿إِلَّآ ءَالَ لُوطٍۖ نَّجَّيۡنَٰهُم بِسَحَرٖ ٣٤﴾ القمر: ٣٤، مەبەست پێی شوێنکەوتە و دەستە باوەڕدارەکەیە بە ئەو لە خزمەکانی و کەسانی تر، بەهەمان شێوە ئایەتی: ﴿أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ٤٦﴾ غافر: ٤٦

هەروەها بەڵگە دەهێننەوە بەوەی "وائلة بن الأسقع" ریوایەتی کردووە: ((پێغەمبەر (ﷺ) حەسەن و حوسەینی بانگ کرد، هەر یەکەیانی لەسەر ڕانێکی دانا، "فاطمة"ی (خوا لێی ڕازی بێت) لە خۆی نزیك کردەوە، هەروەها هاوسەرەکەشی، پاشان عەباکەی خۆی دا بەسەریاندا و فەرمووی: خودایە ئەوانە ئەهلی منن، "وائلة" دەڵێت: منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا منیش لە ئەهلی تۆم؟ فەرمووی: تۆش لە ئەهلی منی)) "البيهقي" بە سەنەدێکی باشەوە ریوایەتی کردووە.

خاوەنی قسەی چوارەم کە دەڵێن ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بریتین لە تەقواداران لە ئوممەتەکەی.

بەڵگە دەهێننەوە بەوەی "الطبراني" ریوایەتی کردووە لە "المعجم"دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) پرسیارکرا

ئالی محەمەد کێن؟ فەرمووی: هەموو خاوەن تەقوایەك، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ﴾ الأنفال: ٣٤

دروست بریتییە لە قسەی یەکەم و پاشان قسەی دووەم، قسەی سێیەم و چوارەم لاوازن، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) شوبهەی نەهێلاوە بە وتنی: ((صەدەقە بۆ ئالی محەمەد حەلاڵ نییە))

هەروەها ئەو فەرموودەی دەفەرموێت: ((ئالی محەمەد ئا لەم ماڵە دەخوات))،

هەروەها: ((خودایە رۆزی ئالی محەمەد قوت بێت)) ئەمانە دروست نییە مەبەست پێی هەموو ئوممەت بێت بەگشتی، لەپێشترە ئال لە نوێژدا مەبەست پێی ئالی باسکراو بێت لە هەموو گوزارەکانیدا و دروست نییە لەوە لابدرێت.

بەدەق هاتنی هاوسەرەکانی و نەوەکانی بەڵگەی ئەوە نییە ئال تەنها بەوان تایبەت بێت، "أبو داود" لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) روایەتی کردووە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ): ((أللهم صل على محمد النبي الأمي وأزواجه أمهات المؤمنين وذريته وأهل بيته كما صليت على إبراهيم)) هاوسەرەکانی و نەوەکانی و ئەهلی پێکەوە کۆکردەوە، ناوی هێنان تاکو رۆشنی بکاتەوە لە چوونە ناو ئەهلدا راستەقینەن و ناکەونە دەرەوەی ئەهلەوە، بەڵکو لەپێشترن بە چوونە ناو ئەهل.

هەروەها صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر و ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بەبێ هەموو ئوممەت مافێکی ئەوە، بۆیە لەلای شافیعی و کەسانی تر صەڵەوات واجبە، هەرچەند لەسەر ئال جیاوازیان هەیە، ئەوانەش بە واجبی نازانن بە موستەحەبی دەزانن و صەڵەواتدان لەسەر هەموو ئیمانداران بە ناپەسەند دەبینن، بۆ جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئالی پێغەمبەر بە شیاوی نابینن، هەر کەس دەڵێن ئالی پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژدا بریتییە لە هەموو ئوممەت ئەوا زۆر دوورکەوتۆتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) لە تەحیاتدا شایەتمان و صەڵەواتی داناوە، لە سەلامدا سەلامی نوێژکەری داناوە لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) یەکەمجار و لەسەر خودی خۆی دووەمجار، و لەسەر بەندە صالحەکانی خودا سێیەم جار، لە پێغەمبەری خوداوە جێگیر بووە فەرموویەتی: ((گەر ئەوەتان وت ئەوا لەسەر هەموو بەندەیەکی صالح لە ئاسمان و زەوی سەلامتان کردووە)) بەڵام صەڵەواتی تەنها لەسەر خۆی و ئالی خۆی داناوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئالی پێغەمبەر بریتین لە خانەوادە و نزیکەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

خودا (سبحانه) فەرمانی پێکردووین بە صەڵەواتدان لەسەری، دوای باسی مافەکانی و ئەوەی پێی تایبەتکراوە جیا لە ئوممەتەکەی، لە حەڵاڵی نیکاحی بۆ کەسێك گەر نەفسی خۆی پێشکەش بکات، هەروەها لە حەرامبوونی ژنەکانی لە ئوممەت و تەواوی مافەکانی تری لە بەمەزن تەماشاکردنی و ڕێزوحورمەت بەرانبەری، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمًا ﴿٥٣﴾﴾ الأحزاب: ٥٣، پاشان باسی ئەوە دەکات گوناه نییە بۆ هاوسەرەکانی قسە لەگەڵ باوکانیان و کوڕەکانیان و چوونە ژوورەوە بۆ لایان و تەنهاکەوتنەوە لەگەڵیان، پاشان بەدوای ئەوەدا پێداگری لە مافێك دەکات کە مافێکی تایبەتی ئەوە لەسەر ئوممەتەکەی ئەوەش بریتییە لە فەرمان کردن بە صەڵەوات لەسەردانی و سەلام لەسەر کردنی، ئەوەش بەوە دەست پێ دەکات کە خودا و فریشتەکانی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن، هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد بە چ ڕێگەیەك ئەو مافە جێبەجێ بکەن؟ فەرمووی بڵێن: ((أللهم صل على محمد وعلى آل محمد)) بۆیە صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر (ﷺ) لە تەواوکاری صەڵەواتە لەسەر پێغەمبەر، چونکە

ئەوە چاوەکانی ئەوی پێ ڕۆشن دەبێتەوەو شەرەف و گەورەیی ئەوی لای خودا پێ زیاد دەبێت (صلى الله عليه وعلى آله وسلم تسليما).

ئەوانەش کە دەڵێن بریتین لە تەقواکارانی ئومەتەکەی ئەوانە دۆستانی ئەون، هەریەکێك لەوانە لە خزمانی بن یان لە کەسانی تر دۆستی ئەون، نەك ئالی ئەون، لەوانەیە کەسێك لە ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بێت و دۆستیشی بێت، وەك ئەهلو بەیتی باوەڕدار بە پێغەمبەر (ﷺ) لە خزمان و کەسوکاری، یان لەوانەیە نە ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بێت و نە دۆستیشی بێت، یان تەنها دۆستی پێغەمبەر بێت، با لە ئالی پێغەمبەریش نەبێت،وەك خەلیفە و جێنشینەکانی لە ئومەتەکەیدا کە بانگ بۆ سوننەتەکانی دەکەن، و بەرگری لێدەکەن و ئایینەکەی سەردەخەن با لە خزمانی پێغەمبەریش (ﷺ) نەبن، لە فەرموودەیەکی سەحیحدا لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی: (ئالی فلان لە دۆستانی من نین، دۆستانی من بریتین لە تەقواداران لە هەر کوێ بن و هەرکەس بن)

مەبەستەکە ئەوەیە تەقواداران دۆستی پێغەمبەری خودان (ﷺ) دۆستانی لەلای لە ئالی خۆشەویستترە، خودا دەفەرموێت: ﴿وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ٤﴾ التحريم: ٤، لە پێغەمبەر (ﷺ) پرسیارکرا: کێ لەلات لە هەموو کەس خۆشەویستترە؟ فەرمووی: "عائشە"(خوا لێی رازی بێت) وترا؟ لە پیاوان؟ فەرمووی: باوکی(خوا لێی رازی بێت)) متفق عليه

ئەوەش لەبەر ئەوەی تەقواداران دۆستانی خودان، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣﴾ يونس: ٦٢-٦٣، دۆستانی خودا(ﷻ) دۆستانی پێغەمبەری خودان (ﷺ).

ئەوانەش پێیانوایە ئال بریتییە لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (ﷺ) دەوترێت: گومانی تێدا نییە شوێنکەوتووان وشەی "ئال"یان لە هەندێ شوێن و جێدا بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەوەوە پێویستی ناکات لە هەر شوێنێك وشەی ئال بەکارهێنرابێت مەبەستی پێی شوێنکەوتووان بێت.

وشەی "الأزواج"

وشەی "الأزواج" کۆی "زوج"ە، هەندێ جاریش دەوترێت کۆی "زوجة"یە، یەکەمیان رەوانترەو قورئان ئەوەی هێناوە، دەفەرموێت: ﴿يَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ﴾ البقرة: ٣٥، خودا لە حەقی زەکاریادا (عليه السلام) دەفەرموێت:﴿وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓ﴾الأنبياء: ٩٠

لە دووەم (واتە "زوجة") قسەکەی "ابن عباس"(خوایان لێ رازی بێت)دەربارەی "عائشە"(خوا لێی رازی بێت): ((ئەو "زوجة نبيكم" لە دونیا و دواڕۆژدا))

هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

یەکەمیان: "خديجة بنت خويلد":

پێغەمبەر(ﷺ) تەمەنی بیست وپێنج ساڵ بوو لە "مەکە" هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، لەگەڵی مایەوە تا خودا بە ناردنی پەیام بۆی ڕێزی لێگرت، خەدیجە (خوا لێی رازی بێت) ئیمانی پێهێنا و پشتیوانی لێ کرد، بوو بە وەزیرێکی راستگۆی پێغەمبەر(ﷺ) پێش کۆچکردن بۆ مەدینە بە سێ ساڵ کۆچی دوایی کرد، وتراویشە بە چوار ساڵ پێش کۆچ، هەروەها وتراوە پێنج ساڵ بەر لە کۆچ، خەدیجە (خوا لێی رازی بێت) **کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەبوو:**

-پێغەمبەر (ﷺ) ژنی بەسەردا نەهێنا.

-هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە خەدیجەیە جگە لە ئیبراهیم-سەلامی خوای لێبێت- ئەو لە ماریە بوو (خوا لێی رازی بێت)

-خەدیجە باشترین ئافرەتی ئوممەتی ئیسلامە.

جیاوازی هەیە لەبارەی فەزڵ و گەورەیی خەدیجە و فەزڵ و گەورەیی "عائشە"ەوە، لەسەر سێ بۆچوون: سێیەم بۆچوونیان بریتییە لە وەستان و هیچ نەوتن دەربارەیان، لەو بارەوە پرسیارم لە شێخولئیسلام "ابن تيمية" كرد، فەرمووی: هەریەكەیان بە تایبەتمەندییەك تایبەت دەكەمەوە، خەدیجە كاریگەری لە سەرەتای ئیسلامەوە بووە، دڵنەوایی پێغەمبەری دەدایەوە و دامەزراوی دەكرد و ئارامی پێ دەبەخشی و ماڵەكەی لەپێناودا دەبەخشی، گەیشتە فریای عیززەتی ئیسلام، و لەپێناو خودا و پێغەمبەردا (ﷺ) شانیدایە ژێر ئازار و سەرخستنی بۆ پێغەمبەر لە كاتێكدا بوو پێغەمبەر(ﷺ) زۆر پێویستی پێی بوو، بۆیە لە سەرخستن و بەخشیندا هیچ كەس ناگات بە ئەو، عائشە (خوا لێی رازی بێت) كاریگەری لە كۆتایی هاتنی ئیسلام بوو، تێگەیشتنی لە دین هەبوو و بە ئوممەتی ئیسلامی گەیاند، سوود گەیاندن بە پێغەمبەر(ﷺ) بەوەی لە زانست بە ئوممەتەكەی گەیاندووە و كەس نەیتوانیوە ئەو زانستەی ئەو بگەیەنێت. ئەمە مانای قسەكەی ئەو بوو.

دەڵێم: لە تایبەتمەندییەكانی تری خەدیجە (خوا لێی رازی بێت) ئەوەیە خودا سەلامی بە جبریلدا (عليه السلام) بۆ ناردووە و پێغەمبەریش(ﷺ) بە خەدیجەی گەیاندووە، "البخاري" لە سەحیحەكەیدا لە "أبي هريرة"ەوە(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: ((جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە خەدیجەیە بەڕێوە بۆ ئێرە دێت دەفرێكی پێیە ئیدام یان خواردن یان ئاوی تێدایە گەر گەیشتە بەرەوە سەلامی لە خودا و لە منەوە پێ بگەیەنە، مژدەی بدەرێ بە ماڵێك لە بەهەشدا لە قامیش، دەنگە دەنگ و ماندووبوونی تێدا نییە)) ئەمە سوێند بە خودا تایبەتمەندییەكە بۆ هیچ كەسێكی تر نییە.

عائشە (خوا لێی رازی بێت) جبریل (عليه السلام) لەسەر زمانی پێغەمبەر (ﷺ) سەلامی لێکردووە، "البخاري" لە "ابن شهاب"ەوە دەڵێت: "أبو سلمة" فەرمووی: عائشە (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) رۆژێك فەرمووی: ئەی عائشە، ئەوە جبریلە سەلامت لێ دەکات، ئەویش فەرمووی: سەلام و رەحمەت و بەرەکاتیش لەسەر ئەو، تۆ شتێك دەبینی من نایبینم، مەبەستی پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ).

هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی خەدیجە (خوا لێی رازی بێت) هەرگیز پێغەمبەری نارەحەت نەکردووە و هەرگیز تووڕەی نەکردووە و لە پێغەمبەرەوە ناخۆشی و لۆمە و کۆچکردنی لێ نەکراوە، ئەمەش بەسە بۆ گەورەیی و پلە و پایەی ئەو.

هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە یەکەمین ئافرەتە لەم ئوممەتە ئیمانی بە خودا و پێغەمبەر (ﷺ) هێناوە.

دووەم: "سودة بنت زمعة"(خوا لێی رازی بێت):

کاتێك خودا (سبحانه) خەدیجەی مراند پێغەمبەر (ﷺ) "سودە بنت زمعە"ی خواست، پێغەمبەر (ﷺ) ویستی تەلاقی بدات ئەویش رۆژەکەی خۆی دا بە عائشە (خوا لێی رازی بێت) بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هێلاڵیەوە، ئەمەش یەکێکە لە گەورەییەکانی ئەو کە خۆشەویستی پێغەمبەر و نزیکبوونەوە لە ئەوی هەڵبژارد بەسەر رۆژەکەی خۆیدا، تەنها وەك پارێزگاری لە مەقامی خۆی لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ).

پێغەمبەر کاتی بۆ هاوسەرەکانی تری دەدەنا و بۆ ئەوی دانەدەنا لەگەڵ ئەوەش بەوە رازی بوو، و رەزامەندی پێغەمبەری خودای (ﷺ) هەڵدەبژارد.

سێیەم: عائشەی کچی ئەبوبەکر-خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت-:

پێغەمبەر(ﷺ) دوو ساڵ بەر لە کۆچکردن بۆ مەدینە راستگۆی کچی راستگۆی مارە کرد، لە مەدینە گواستییەوە، لە شاری مەدینە ساڵی (٥٨ هـ) کۆچی دوایی کرد و لە بەقیع نێژراوە، وەسێتی کرد "ابو هريرة" (خوا لێی رازی بێت) نوێژی لەسەری بکات.

لە تایبەتمەندییەکانی:

-خۆشەویستترین هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) بووە، وەك لە سەحیحی بوخاریدا ئەوە هاتووە: لە پێغەمبەر(ﷺ) پرسیار کرا: کێت زۆر خۆشدەوێت؟ فەرمووی: عائشە، وترا: ئەی لە پیاوان: فەرمووی: باوکی.

-جگە لە ئەو پێغەمبەر(ﷺ) هیچ کچێکی نەهێناوە.

-وەحی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دادەبەزی ئەو لەناو جێگەکەی خۆیدا بوو کە ئەمە بۆ هیچ ژنێکی تری روویننەداوە.

-کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) ئایەتی هەڵبژاردەی بۆ دابەزی سەرەتا بە عائشە دەستی پێکرد و هەڵبژاردەی خستە بەردەمی و فەرمووی: پێویست ناکات پەلە بکەیت تا راوێژ بە باوکت دەکەیت، فەرمووی: لەمەدا راوێژ بە باوك و دایکم بکەم؟ من خودا و پێغەمبەر و خانەی دوارۆژم گەرەکە)) دواتر پێغەمبەر(ﷺ) بە هەموو ژنەکانی تری فەرموو، ئەوانیش هەمان ئەو شتەیان فەرموو عائشە فەرمووی (خوایان لێ رازی بێت).

-خودا (سبحانه) بەریکرد لەو تۆمەتەی درۆزنان دایانە پاڵی، بۆ پاکیزەیی و بێگەردی ئەو وەحی دابەزاند کە لە میحرابی موسڵمانان و نوێژەکانیاندا هەتا رۆژی دوایی دەخوێنرێتەوە، خودا شایەتی بۆ دا ئەو لە پاکان و چاکانە و بەڵێنی لێخۆشبوونی رۆزی

نەبڕاوەی پێدا، خودا (سبحانه) رایگەیاند ئەوەی لە درۆ و بوختان دەرحەق بە ئەو وترا دەبێت خێرێکی گەورە بۆی، نەیفەرموو ئەوە دەبێتە شەڕ بۆی و لۆمەی نەکرد لەسەری، و لە شانوشکۆی دانەبەزاند بەڵکو خودا بەوە بەرزی کردەوە و حورمەتی زیاد کرد و شکۆی مەزن کرد، و یادی ئەو لە نێوان ئەهلی سەر زەوی و ئاسمان وەك یادی کەسێکی پاك و بێگوناه دەکرێتەوە، چەندە پلە و پایەیەکی مەزنە.

بیر لەم گەورەیی و شەرەفە بکەرەوە کە لە تەوازوعی زۆرییەوە و کەم تەماشاکردنی نەفسییەوە دەیفەرموو: شانوشکۆی خۆم زۆر نزمتر لەوە دەبینی خودا بە وەحی قسە لەسەر من بکات، بەڵام رجام وابوو پێغەمبەر(ﷺ) خەونێك ببینێت و لەو تۆمەتە خودا بەریم بکات))

ئەمە بریتییە لە صدیقییەتی ئوممەت دایکی باوەڕداران و خۆشەویستی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو دەیزانی بێگوناه و ستەملێکراوە و تۆمەتبەخشانی ستەمکارن لە ئەو و درۆیان بۆ هەڵبەستووە، ئازارەکانی ئەوانە گەیشتە باوك و دایکی و پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەمەش کەم تەماشاکردن و سووك تەماشاکردنی عائشە بوو بۆ نەفسی خۆی، دەبێ گومانت چی بێت بە کەسێك یەك دوو رۆژێك یان یەك دوو مانگێك بەڕۆژوو بووە و یەك دوو شەوێك شەونوێژی کردووە شتێك لە ئەحواڵی بۆ دەردەکەوێت، کەشف و کەرامات و قسە لەگەڵ کردن و گەیشتن بە مەنزیلەی بەرز و قبووڵ بوون دوعاکانیان بە چاوی شایستەبوونی خۆیان تەماشا دەکەن، ئەوان وا تەماشای خۆیان دەکەن خەڵکی بە گەیشتن بەوان موبارەك دەبن و چاوەڕوانی دوعا خێرەکانی ئەوانن، بۆیە پێویستە خەڵکی رێزیان لێ بگرن و بە مەزن تەماشایان بکەن و شکۆمەندی بدەنە پاڵیان، وەك موفەڕك دەست بە جلەکانیاندا بهێن و خۆڵی بەرپێیان ماچ بکەن، ئەوان لای خودا پلە و

پایەکی وایان پێدراوە هەر کەس بە چاوی کەم تەماشایان بکات خودا تۆڵەی لێدەکاتەوە، خودا بەردەوام ئەوانەی بێ ئەدەبی دەکەن بەرانبەریان دەیانگرێت، کەمی ئەدەب بەرانبەریان گوناهێکە لێخۆشبوونی بۆ نییە مەگەر بە رازیبوونیان، گەر ئەم کارەیان شایستەبوونی لەگەڵ بوایە کارەکە ئاسان بوو، بەڵام دواکەوتن و نەزانی لەگەڵدایە، ئەم گەوجێتی و گێلێتییە بەرهەمی نەزانینێکی گەورە و ژیرییەکی چەوت و خوارە، ئەو جۆرە رەفتارانە لە نەزانێك دەوەشێتەوە نەفسی خۆی لا پەسەندە، بێئاگایە لە گوناه و تاوانەکانی و بە مۆڵەتپێدانی خودا فریوی خواردووە بەوەی نایانگرێت لەسەر لوتبەرزی و کەم تەماشاکردنی خەڵکی بەرانبەر بە کەسانێك لەوانەیە لەلای خودا لە ئەو باشتر بن.

داوای عافییەت لە دونیا و دوارۆژدا لە خودا دەکەین، پێویستە بەندە پەنابگرێت بە خودا گەر نەفسی خۆی لەلا مەزن بوو لە کاتێکدا لەلای خودا بێ نرخ و بێ ئەرزشە.

-هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی عائشە (خوا لێی رازی بێت) مەزنان لە هاوەڵان(خوایان لێ رازی بێت)گەر شتێکیان لە ئایین لێ ئاڵۆز ببایە پرسیاریان لە عائشە دەکرد و وەڵامەکەیان لا دەبینییەوە.

-هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی: پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵەکەی ئەودا وەفاتی فەرموو، هەروەها لە سەرەی رۆژی ئەودا بوو، لە باوەشی عائشەدا بوو، هەر بەو جۆرە لە ژوورەکەیدا خرایە ژێر خاك(ﷺ).

-هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی: فریشتە وێنەکەی نیشانی پێغەمبەر(ﷺ) دا بەر لەوەی مارەی بکات لە پۆشاکێکی ئاورشمدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: گەر ئەمە لای خوداوە بێت تێیدەپەڕێنێت))

-هەروەها لە تایبەتەندییەکانی: خەڵکی هەدیەیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەهێنا وەك نزیکبوونەوە لە پێغەمبەر و دەیانویست بیهێنن بۆ ماڵی خۆشەویستترین هاوسەرەکانی پێغەمبەر لەلای پێغەمبەر(ﷺ) بۆیە دەیانهێنا بۆ ماڵی عائشە-خودا لە هەموو هاوسەرەکانی پێغەمبەر رازی بێت- بە دایکی عبدالله بانگیان دەکرد، ریوایەت کراوە منداڵێکی لە پێغەمبەر لێ لەبارچووە، بەڵام یەکلانەبووەتەوە.

چوارەم: حەفصەی کچی عمر-خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت-:

پێغەمبەر(ﷺ) داوای کرد و پێشتر لای "خنيس بن حذافة" بوو، لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، یەکێك بوو لەوانەی جەنگی بەدری بینی، حەوتی کۆچی وەفاتی کرد، دەشڵێن ساڵی بیست و هەشتی کۆچی.

لە تایبەتمەندییەکانی حەفصە (خوا لێی رازی بێت): پێغەمبەر(ﷺ) تەڵاقیدا، جبریل (عليه السلام) هات بۆ لای و پێیفەرموو: خودا فەرمانی پێکردووی حەفصە بگێڕیتەوە، ئەو ئافرەتێکی رۆژووگری شەونوێژکەرە، ئەو هاوسەری تۆیە لە بەهەشتدا))

"الطبراني" لە "عقبة بن عامر"ەوە دەگێڕێتەوە: ((پێغەمبەر(ﷺ) حەفصەی تەڵاقدا، ئەو هەواڵە گەیشت بە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) خۆڵی کرد بەسەر خۆیدا و وتی: خودا دوای ئەمە باکی بە کوڕەکەی خەتاب نییە، جبریل (عليه السلام) بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ) دابەزی و فەرمووی: خودا فەرمانی پێکردووی حەفصە بگێڕیتەوە وەك بەزەییەك بۆ عومەری کوڕی خەتاب(خوا لێی رازی بێت))).

پێنجەم: "أم حبيبة"ی کچی أبی سفيان:

پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، ئەو ناوی "رملة بنت صخر"، لەگەڵ هاوسەرەکەی (عبيدالله بن جحش) کۆچی کرد بۆ حەبەشە، لەوێ مێردەکەی بوو بە نەصرانی، خودا ئیسلامی بۆ "رملة" تەواو کرد و پێغەمبەر(ﷺ) خواستی، ئەو هێشتا لە زەوی حەبەشە بوو، نەجاشی چوارسەد دینار مارەیی بۆ دا، پێغەمبەر(ﷺ) "عمرو بن أمية الضمري" نارد بۆ لای نەجاشی تاکو بۆی داوا بکات، "عثمان بن عفان" سەرپەرشتی هاوسەرگیرییەکەی کرد، وتراویشە: خالد بن سعيد بن العاص سەرپەرشتی کردووە.

"مسلم" لە سەحیحەکەیدا لە "عبد الله بن عباس"ەوە(خوایان لێ رازی بێت) دەگێڕێتەوە فەرمووی: ((موسڵمانان تەماشای ئەبی سفیانیان نەدەکرد و لەگەڵی دانەدەنیشتن، بۆیە وتی بە پێغەمبەر(ﷺ) سێ چاکەم لەگەڵ بکە، پێغەمبەر فەرمووی: باشە، باشترین و جوانترین ئافرەتی عەرەبم هەیە (أم حبيبة) دەیکەم بە هاوسەرت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: باشە، وتی: موعاویە دەکەم بە نووسەری بەردەستت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: باشە، وتی: فەرمانم پێ بکە لەگەڵ بێباوەڕاندا بجەنگم وەك چۆن دژ بە موسڵمانان دەجەنگام، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: باشە)) "أبو زميل" دەڵێت: گەر ئەوەی لە پێغەمبەر–ص داوا نەکردبایە پێی نەدەدا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) هەر شتێکی لێ داوا دەکرا دەیفەرموو: بەڵێ.

ئەم فەرموودەیە لای خەڵك تەومەژی دروست کردووە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەرگیری لەگەڵ "أم حبيبة" کرد بەر لە موسڵمانبوونی ئەبو سفیان، وەك پێشتر باسمان کرد، نەجاشی بۆ پێغەمبەری(ﷺ) مارە کرد، پاشان هات بۆ لای پێغەمبەر

(ﷺ) بەر لە موسڵمانبوونی باوکی، ئیتر چۆن لە دوای فەتحی مەکە دەڵێت: "أم حبيبة"ت لێ مارە دەکەم، بۆیە دەستەیەك دەڵێن: ئەم فەرموودە درۆیە و ئەسڵێکی نییە، "ابن حزم" دەڵێت: درۆکەی لە "عكرمة بن عمار"دایە و هێرشی توندی دەکاتە سەر.

دەستەیەکی تر کارەکەیان لا گەورەیە و دەڵێن: چۆن دەبێت لە سەحیحی "مسلم"دا فەرموودەی درۆی تێدا بێت؟!

هەندێکیش دەڵێن لەوانەیە مەبەستی سەرلەنوێ مارەکردنەوەی "أم حبيبة" بووبێت، یان مەبەستی مارەکردنی کچەکەی تری بووبێت کە ناوی "عزة" بووە و ئەبو سفیان نەیزانیوە ئەوە لە ئیسلامدا دروست نییە، بەڵام ئەم بۆچوونە کردنی "باشە" لەلایەن پێغەمبەرەوە بۆ ئەبو سفیان رەدی دەکاتەوە.

بەڵگەیەکی تر لەسەر لاوازی ئەو فەرموودەیە ئەو ریوایەتەیە کە: ئەبو سفیان هات بۆ مەدینە و چوو بۆ لای کچەکەی خۆی(أم حبيبة) کاتێك رۆیشت بۆ ئەوەی لە جێگەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دابنیشێت " أم حبيبة " راخەرەکەی پێچایەوە، وتی: کچی خۆم منت بە شایانی ئەم راخەرە نەبینی یان راخەرەکەت بە شایەنی من نەبینی؟ فەرمووی: ئەوە راخەری پێغەمبەری خودایە (ﷺ) وتی: سوێند بە خودا کچی خۆم لە دوای من تووشی شەڕ و خراپە بوویت، ئەمە لای ئەهلی سیرەت بەناوبانگە.

هەروەها "أم حبيبة" لە ئافرەتە کۆچکەرەکانە بۆ حەبەشە لەگەڵ مێردەکەی (عبيدالله بن جحش)، پاشان مێردەکەی بوو بە نەصرانی و لە زەوی حەبەشە تیاچوو، دواتر ئەو (أم حبيبة) لە حەبەشەوە هات بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەری خودا، لەلای پێغەمبەر بوو (ﷺ) نەك لەلای باوکی، ئەمە هیچ کەسێك لە ئەهلی نەقڵ گومانیان

تیایدا نییە، ئەوەی ئاشکرایە باوکی ساڵی فەتحی مەکە موسڵمان بووە، ئیتر چۆن دەڵێت: جوانترین ئافرەتی عەرەبم لەلایە و لێتی مارە دەکەم؟! ئایا دوای کۆچەکەی و موسڵمانبوونی هەرگیز لەلای باوکی بووە؟ گەر ئەبو سفیان بەر لە موسڵمانبوونی ئەم قسەی کردبێت ئەمە محاڵە، "أم حبيبة" لەلای ئەبو سفیان نەبووە و هیچ جۆرە ویلایەتێکی بەسەریەوە نەبووە، گەر دوای موسڵمانبوونیش وتبێتی دیسان محاڵە، چونکە هاوسەرگیرییەکەی دوانەکەوت بۆ دوای فەتحی مەکە.

شەشەم: "أم السلمة":

ناوی "هند بنت أبي أمية بن المغيرة"یە، پێشتر هاوسەری "أبي سلمة عبد الأسد" بوو، ساڵی شەست و دوو کۆچی دوایی کردووە و لە بەقیع نێژراوە.

لە تایبەتمەندییەکانی: جبریل (عليه السلام) هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەو لەلای "أم سلمة" بوو و لە شێوەی "دحية الكلبي"دا بینی، لە سەحیحی "مسلم"دا لە "أبي عثمان"ەوە هەواڵیداوە: جبریل (عليه السلام) هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لای "أم سلمة"، دەڵێت: قسەی دەکرد پاشان هەستا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە "أم سلمة": ئەمە کێیە؟ وتی: "دحية الكلبي"ە، "أم سلمة" دەڵێت: سوێند بە خودا وامزانی ئەوە، تا گوێم لە خوتبەکەی پێغەمبەر بوو (ﷺ) هەواڵی جبریلی (عليه السلام) رادەگەیاند.

حەوتەم: " زينب بنت جحش":

پێغەمبەر (ﷺ) زەینەبی کچی جەحشی خواست، ئەو کچی پوری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، پێشتر ژنی زەیدی کوڕی حارسە بوو(مەولای پێغەمبەری خودا (ﷺ)) ئەو تەڵاقی دا و خودا لەسەرو حەوت ئاسمانەوە لە پێغەمبەری خودای (ﷺ) مارەبڕی، و ئایەتی:

﴿قَضَىٰ زَيۡدٞ مِّنۡهَا وَطَرٗا زَوَّجۡنَٰكَهَا لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٞ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ إِذَا قَضَوۡاْ مِنۡهُنَّ وَطَرٗاۚ﴾ الأحزاب: ٣٧، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و بەبێ مۆڵەت چووە لای، زەینەب بەسەر هەموو ژنەکانی تری پێغەمبەردا فەخری دەکرد و دەیفەرموو: ((کەسوکارتان ئێوەی بەمێرددا و خودا لەسەرو حەوت ئاسمانەکان منی بە مێرددا))، ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی بووە (خوا لێی رازی بێت) ساڵی بیست لە مەدینە کۆچی دوایی کرد و لە بەقیع نێژرا (خودا لێی رازی بێت).

هەشتەم: "زينب بنت خزيمة الهلالية":

پێشتر ژنی "عبدالله بن جحش" بوو، ساڵی سێی کۆچی پێغەمبەر هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، پێیی دەوترا "دایکی هەژاران" بەهۆی پێدانی خواردنی زۆر بە هەژاران و نەداران، زۆر کەم لای پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە(دوو مانگ یان سێ مانگ) و پاشان کۆچی دوایی کرد (خوا لێی رازی بێت).

نۆیەم: "جويرية بنت الحارث" لة "بني المصطلق":

لە غەزوەی "بني المصطلق"دا بە دیلی جەنگ گیرابوو، کەوتە بەر بەشی "ثابت بن قيس"ەوە و "موکاتەبە"ی بۆ کرد، پێغەمبەر (ﷺ) حەقی "موکاتەبەکە"ی بۆ دا و ساڵی شەشی کۆچی هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، ساڵی پەنجا و شەشی کۆچی کۆچی دوایی کرد، "جويرية" (خوا لێی رازی بێت) ئەو ئافرەتە بوو موسڵمانان بەهۆیەوە (لەبەر ئەوەی بوون بە خەزورانی پێغەمبەر (ﷺ)) سەد کەسیان لە خانەوادەکەی لە کۆیلایەتی رزگار کرد، چونکە وتیان خەزورانی پێغەمبەرن (ﷺ) ئەوەش لە بەرەکەتی ئەو بوو لەسەر هۆزەکەی (خوا لێی رازی بێت).

دەیەم: "صفية بنت حيي":

لە نەوەی "هارون بن عمران"ە برای موسا (سەلامی خودایان لەسەر بێت) ساڵی حەوتی کۆچی مارەی کرد، لە خەیبەر وەك دیلی جەنگ گیرابوو،، پێشتر هاوسەری "كنانة بن أبي الحقيق" بوو، پێغەمبەر(ﷺ) کوشتی، "صفية" ساڵی سی و شەشی کۆچی وتراویشە ساڵی پەنجای کۆچی وەفاتی کردووە(خوا لێی رازی بێت)

لە تایبەتمەندییەکانی: پێغەمبەر(ﷺ) ئازادی کرد و حەقی ئازادکردنەکەی بۆ کرد بە مارەیی، ئەنەس (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: (خودی خۆی بۆ کرد بە مارەیی، ئەوەش بوو بە سوننەتێك بۆ ئوممەتی ئیسلام هەتا رۆژی دوایی، بۆیە دروستە بۆ پیاوێك ئازادکردنی جاریەکەی بکات بە مارەیی بۆی و ببێت بە ژنی) بەپێی دەقی ئیمام ئەحمەد (رەحمەتی خودای لێ بێت).

"الترمذي" لە "أنس"ەوە دەگێڕێتەوە فەرمووی: ((بە "صفية" گەیشتەوە "حفصة" پێی وتووە: "صفية بنت يهودي" بۆیە دەستی بە گریان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ لای ئەو لە گریاندا بوو، پرسی: چی دەتگریەنێت؟ فەرمووی: "حفصة" پێی وتوم: من کچی پیاوێکی یەهودیم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ کچی پێغەمبەرێکی، مامەت پێغەمبەرێکە، تۆش هاوسەری پێغەمبەرێکی، ئەو بە چی فەخر بەسەر تۆدا دەکات؟ پاشان فەرمووی: ئەی "حفصة" لە خودا بترسە؟))

ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بووە(خوا لێی رازی بێت)

یازدەهەم: ''ميمونة بنت الحارث الهلالية'':

پێغەمبەر(ﷺ) لە "سرف" هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، ماڵێکی لەوێ بۆ دروست کرد و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد، "سرف" شوێنێکە حەوت میل لە مەکەوە دوورە، ئەو دوایین ئافرەتێکە پێغەمبەر(ﷺ) هێنابێتی، ساڵی شەست و سێی کۆچی وەفاتی کردووە، ئەو پووری "عبدالله بن عباس" بوو (خوایان لێ رازی بێت) دایکی "عبدالله" بریتی بوو لە "أم الفضل بنت الحارث"، هەر بەو جۆرە پووری "خالد بن الوليد" بووە، جیاوازی هەیە لەسەر ئەوەی ئایا پێغەمبەر(ﷺ) لە ئیحرامدا مارەیی کردووە یان لە باری نەبەستنی ئیحرامدا.

هەموویان (خوایان لێ رازی بێت) یازدە ئافرەتن پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەرگیری لەگەڵ کردوون و چووەتە لایان.

"الحافظ أبو محمد المقدسي" دەڵێت: هاوسەرگیری لەگەڵ حەوتی تردا کردووە بەڵام نەچووەتە لایان.

صەڵەوات لەسەر هاوسەرەکانی بۆ رێزلێنانیان و حەرامبوونیان لە ئوممەت دەگەڕێتەوە، ئەوانە لە دونیا و دوارۆژدا هاوسەری پێغەمبەری خودان(ﷺ) هەر کام لەوانە پێغەمبەر(ﷺ) بە مردن لێی جیابووبێتەوە و نەچووبێتە لای حوکمی ئەو هاوسەرانەیان بەسەردا گوزەر ناکات کە پێغەمبەر(ﷺ) نەچووەتە لای، صەڵەواتی خودا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) و هاوسەرەکانی و نەوەکانی.

نەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

نەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دوو باسە:

باسی یەکەم/ لە وشەی "الذرية" کە سێ قسەی لەسەرە:

یەکەم: لە "ذرأ الله الخلق"ەوە هاتووە، واتە بڵاوەی پێکردن و زۆریکردن، بەڵام "همزە"ەکەی بەهۆی قورسییەوە واز لێهێنراوە، ئەمە هەڵبژاردەی خاوەنی "الصحاح"ە و کەسانی تریشە.

دووەم: ریشەکەی لە "الذر"ەوەیە، ئەوەش بریتییە لە مێروولەی ورد و بچووك، ئەم قسەیە لە چەندین رووەوە لاوازە.

سێیەم: لە "ذرأ يذرو"ەوە هاتووە کاتێك لە جیادەکرێتەوە لە ئایەتی: ﴿تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ﴾الكهف: ٤٥

قسەی یەکەمیان دروسترینیانە، چونکە داتاشین و مانا شایەتی بۆ دەدەن، ریشەی ئەو مادەیە لە "الذر"ەوەیە، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ﴾الشورى: ١١، لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((أعوذ بكلمات الله التامات التي لا تجاوزهن بر ولا فاجر من شر ما خلق و ذرأ و برأ))، هەروەها قورئان دەفەرموێت:﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ﴾الأعراف: ١٧٩.

باسی دووەم/ مانای ئەم وشە (الذرية):

جیاوازی نییە لە نێوان ئەهلی زماندا وشەی "الذرية" بۆ نەوەی بچووك و گەورە بەکاردەهێنرێت، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿وَإِذِ ابْتَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي

جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي ﴾البقرة: ١٢٤، هەروەها دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٣﴾ ذُرِّيَّةًۢ بَعْضُهَا مِنۢ بَعْضٍ ﴾آل عمران: ٣٣ – ٣٤

ئایا بە باوان(الآباء) دەوترێت "الذرية"؟ دوو قسە هەیە:

یەكەمیان پێیان دەوترێت "الذرية"، بەڵگەیان بەم ئایەتە هێناوەتەوە: ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿٤١﴾ ﴾ یس: ٤١

دەستەیەك لە ئەهلی زمان ئەو بۆچوونە رەد دەكەنەوە و دەڵێن ئەوە لە زماندا دروست نییە، "الذرية" وەچە و نەوەیە، بۆیە خودا(سبحانه) دەفەرموێت:﴿ وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ وَٱجْتَبَيْنَٰهُمْ وَهَدَيْنَٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٨٧﴾ ﴾ الأنعام: ٨٧

كەوابوو"الذرية" بریتییە لە رۆڵە و نەوە، ئایا منداڵی كچی تێدەچێت، دوو بۆچوون هەیە:

یەكەمیان منداڵی كچیش "الذرية"یە ئەمەش مەزهەبی "الشافعي"یە، دووەمیان منداڵی كچ ناچێتە ناو "الذرية"ەوە، ئەمەش مەزهەبی "أبي حنيفة"یە

ئەوانەی دەڵێن دەچێنە ناویەوە بەوە بەڵگە دەهێننەوە كە موسڵمانان كۆدەنگیان هەیە لەسەر ئەوەی منداڵەكانی "فاطمة" (خوا لێی رازی بێت) دەچنە ناو "ذرية"ی پێغەمبەرەوە (ﷺ) و لە خوداوە داوای صەڵەوات كراوە لەسەریان، چونكە هیچ كام لە كچەكانی منداڵی لێ بەجێنەما جگە لە "فاطمة"، هەركەس بدرێتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) تەنها لە رێگەی "فاطمة"وەیە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بە كوڕی كچەكەی خۆی "الحسن" دەفەرموێت: ((ئەم كوڕەم سەیدە)) "الحسن" بە كوڕی خۆی ناوهێنا، كاتێك خودا(سبحانه) ئایەتی موباهەلەی دابەزاند و فەرمووی: ﴿فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ

مِنَ ٱلۡعِلۡمِ فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ نَدۡعُ أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمۡ ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٦١﴾ آل عمران: ٦١، پێغەمبەر (ﷺ) "فاطمة" و حەسەن و حوسەینی بانگ کرد و چوونە دەرەوە بۆ موباهەلە.

بەشی پێنجەم

ناوهێنانی ئیبراهیم خەلیل لە صەڵەواتدا

"إبراهيم" بەسریانی واتە "باوکێکی بە بەزەیی"، خودا ئیبراهیمی کردووە بە باوکی سێیەمی جیهان، باوکی یەکەممان ئادەم و باوکی دووەممان نوح، ئەهلی سەر زەوی هەموویان لە نەوەی ئەون، قورئان دەفەرموێت:﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ ﴿٧٧﴾﴾ الصافات: ٧٧، بەمەش درۆی درۆزنانمان لە عەجەمەکان بۆ دەردەکەوێت کە دەڵێن "نوح" و کوڕەکانی "نوح" ناناسن و خۆیان نادەنە پاڵ ئەوان، مولك و دەسەڵاتیان دەدەنە پاڵ ئادەم کە بۆ ئەوان بەجێماوە، بەبێ ئەوەی باسی نوح لە رەچەڵەکیاندا بکەن، خوداش بەوە ئەوانی بەدرۆ خستەوە.

باوکی سێیەم باوکی باوکانە و پایەی جیهانە و ئیمامی پاکانە، ئەو کەسەیە خودا بە خەلیل هەڵیبژارد، و پێغەمبەر و کتێبی لە نەوەی ئەودا دانا، ئەوەش خەلیلی رەحمان و شێخی پێغەمبەرانە وەك پێغەمبەر (ﷺ) بەوە ناوی دەبات، ئەو (ﷺ) کاتێك چووە ناو کەعبەوە بینی هاوەڵدانەران وێنەی ئیبراهیم و ئیسماعیلیان کێشاوە و بە ئەزلام داوای شت دابەش کردن دەکەن، بۆیە فەرمووی: ((خودا بیانکوژێت ئەوان دەیانزانی شێخەکەی ئێمە داوای دابەشکردنی بە ئەزلام نەدەکرد)) خوداش فەرمانی نەکردووە پێغەمبەرەکەی شوێنی میللەتی هیچ کام لە پێغەمبەران بکەوێت جگە لە میللەتی ئیبراهیم، قورئان دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾﴾ النحل: ١٢٣، هەروەها خودا فەرمانی کردووە بەوە بە ئوممەتەکەی و دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱجْتَبَىٰكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ ۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِى هَٰذَا﴾ الحج: ٧٨

پێغەمبەر (ﷺ) وەسێتی بۆ هاوەڵانی دەکرد کاتێك بەیانی و ئێوارەیان لێ دێت بڵێن: ((أصبحنا على فطرة الإسلام، وكلمة الإخلاص، ودين نبينا محمد وملة أبينا إبراهيم حنيفا مسلما وما كان من المشركين)).أخرجه أحمد والدارمي.

لەم وشانە رابمێنە و ببینە چۆن فیترەتی بۆ ئیسلام گێڕایەوە، ئەوە ئەو فیترەتەیە خودا مرۆڤی لەسەر بارهێناوە، "كلمة الإخلاص"یش بریتییە لە شایەتیدانی "لا إله إلا الله وحده لا شريك له"، خۆشەویستییەکەی لەسەرو هەموو خۆشەویستییەکەوەیە، دینی پێغەمبەر (ﷺ) ئایینێکی کاملە و شەریعەتێکی تەواوە و کۆکەرەوەی هەموو ئایینەکانە، خودا ئیبراهیمی بە "ئیمام" و "ئوممەت" و "قانت" و "حەنیف" ناوبردووە و دەفەرموێت: ﴿وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾ البقرة: ١٢٤

خودا هەواڵیدا ئەوی کردووە بە ئیمامی خەڵکی و ستەمکاران لە نەوەکانی ئیمامەت بەدەست ناهێنن، ستەمکار بریتییە لە هاوەڵدانەر و خودا رایگەیاندووە پەیمانی ئەو بە ئیمامەت کەسێك ناگرێتەوە هاوەڵی بۆ دانابێت و دەفەرموێت:﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ۚ ٱجْتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٢١﴾ وَءَاتَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٢٢﴾﴾ النحل: ١٢٠ - ١٢٢

ئوممەت بریتییە لە پێشەوا و مامۆستای خێر و چاکە، "قانت" گوێڕایەڵ بۆ خودا و بەردەوام لە کاری چاکەکاریدا، "حنيف" کەسێکە رووی لە خودا کردبێت و پشتی لە هەموو کەس و شتێك کردبێت جگە لە خودا.

مەبەستەکە ئەوەیە ئیبراهیم باوکی سێیەممانە و ئیمامی حونەفایە و ئەهلی کیتاب بە پایەی جیهان ناوی دەبەن، هەموو گەل و میللەتانی سەر زەوی کۆدەنگییان هەیە

لەسەر بەمەزن زانین و شکۆمەندکردن و خۆشەویستی بۆی، لە هەردوو سەحیحەکەدا، لە "ابن عباس"ەوە(خوایان لێ رازی بێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: ئێوە لە رۆژی دواییدا کۆدەکرێنەوە بە رووتی و پێپەتی و سەرپەتی، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندنەوە﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ وَعْدًا عَلَيْنَآ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾﴾ الأنبياء: ١٠٤، ئیبراهیم یەکەمین کەسێکە لە رۆژی دواییدا پۆشتە دەکرێتەوە))

پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە هەموو کەس زیاتر لە ئیبراهیم چووە، لە هەردوو سەحیحەکەدا لە پێغەمبەری خوداوە فەرموویەتی: ((ئیبراهیمم بینی بینیم هاوەڵەکەتان لە هەموو کەس زیاتر لە ئەو دەچێت)) مەبەستی خۆی بوو (ﷺ) لە گوزارەیەکی تردا: ((بۆ ئیبراهیم تەماشای هاوەڵەکەتان بکەن)).

پێغەمبەر (ﷺ) منداڵی کچەکەی خۆی حەسەن و حوسەینی لە شەیتان پەنا پێدەگرت بەوەی ئیبراهیم ئیسماعیلی کوڕی پێ پەنادا، لە سەحیحی بوخاریدا لە "ابن عباس"ەوە (خوایان لێ رازی بێت): ((پێغەمبەر (ﷺ) پەنای بە حەسەن و حوسەین دەگرت و دەیفەرموو: باوکتان ئیسماعیل و ئیسحاقی پەنا پێدەگرت: أعوذ بكلمات الله التامة من كل شيطان وهامة ومن كل عين لامة))

ئیبراهیم یەکەم کەس بوو رێزی میوانی گرت و یەکەم کەس بوو خەتەنەکرا و یەکەم کەس پیری بینی و فەرمووی: ئەمە چییە پەروەردگار؟ فەرمووی: ویقارە، فەرمووی: پەروەردگار ویقارم بۆ زیاد بکە))

سەرنجی مەدح و سەنای خودا بدە بۆ ئەو لە رێزنان لە میوانە فریشتەکانی کە دەفەرموێت: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْمُكْرَمِينَ ﴿٢٤﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَقَالُوا۟ سَلَٰمًا ۖ قَالَ سَلَٰمٌ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ ﴿٢٥﴾ فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ ﴿٢٦﴾ فَقَرَّبَهُۥٓ إِلَيْهِمْ قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ ﴿٢٧﴾﴾ الذاريات: ٢٤ – ٢٧

لەمەدا مەدح و سەنا بۆ ئیبراهیم (علیه السلام) هەیە لە چەندین رووەوە:

یەکەم: میوانەکانی بە "مکرمون–ڕێزگیراو" ناوهێناوە، ئەمەش لە یەکێك لە بۆچوونەکاندا ڕێزگرتنی "ئیبراهیم" بوو بۆ ئەوان، دووەم ڕێزلێگیراون لەلایەن خوداوە، دژیەکی لە نێوان هەردوو قسەکەدا نییە، چونکە ئایەتەکە هەردووکیان لە ئامێز دەگرێت.

دووەم: ئەو بەشەی ئایەتەکە "إذ دخلوا عليه" باسی مۆڵەت وەرگرتنیان ناکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بە میوانپەزێری بەناوبانگ بووە و میوان عادەتیان بووە رووی لێ بکەن، ماڵەکەی بووە بە شوێنێك هەموو کەس رووی لێکردووە و ئاتاج بە مۆڵەت وەرگرتن نەبوون، بەڵکو مۆڵەتی ئەوانەی هاتوونەتە ژوورەوە بریتی بووە لە هاتنە ژوورەوەکەی، ئەمەش ئەوپەڕی بەخشندەیی بووە.

سێیەم: وتنی "سلام" لەلایەن ئیبراهیمەوە بە میوانەکانی، سەلامەکەی ئیبراهیم کاملتر بوو لە سەلامی میوانەکان.

چوارەم: لە "قوم منكرون" "مبتدأ"ەکەی سڕیوەتەوە، ئەو کاتێك نەیناسین نەیویست بە وشەیەك رووبەڕوویان ببێتەوە میوانەکان بێزار بکات بە وتنی: "أنتم قوم منكرون"، بۆیە سڕینەوەی "مبتدأ"ەکە ناسکترین قسەیە.

پێنجەم: چوو بۆ لای خانەوادەکەی بۆ ئەوەی جۆشیان بدات و سازیان بکات بۆ میوانداریان، ئەمەش لە ئاماژەی "فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ" وەرگیراوە .

شەشەم: چوو بۆ لای خانەوادەکەی و خزمەتکردنی میوانەکانی هێنا، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێشتر لەلایان ئامادەکراو بووە، واتە بۆ میوانداری ئامادەکرابوو، پێویست نەبوو بچن بۆ لای جیرانەکانیان بیکڕێت یان قەرزی بکات.

حەوتەم: ئەو بەشەی ئایەتەکە"فَجَآءَ بِعِجۡلٖ سَمِينٖ " بەڵگەی ئەوەی بۆ خۆی خزمەتی میوانەکانی کردووە، نەیفەرموو فەرمانی پێکردن، بەڵکو خۆی چوو و هێنای، کارەکەی نەدا بە خزمەتکارەکانی، ئەمەش لە خزمەتکردنی میواندا کاریگەرترە.

هەشتەم: گوێرەکەیەکی کاملّی تەواوی هێنا، نەچوو لەتێکی یان بەشێکی بهێنێت، ئەمەش لە تەواوی بەخشندەیی ئیبراهیم بوو (عليه السلام).

نۆیەم: گوێرەکەیەکی قەڵەوی هێنا نەك لات و لاواز، ئاشکرایە ئەوەش لە باشترین ماڵ و سامانیانە، ئەو جۆرە ماڵانە دەهێڵرێنەوە بۆ بەخێوکردن، بەڵام ئەو بۆ میوانەکان لای باشتر بوو.

دەیەم: بەدەستی خۆی خواردنەکەی لێ نزیك کردنەوە، فەرمانی نەکرد بە خزمەتکارەکانی ئەو کارە بکەن.

یازدەیەم: خواردنەکەی لە ئەوان نزیکردەوە نەك ئەوان لە خواردنەکە نزیك ببنەوە، ئەمەش بەخشندەییەکی زیاترە، میوان دابنیشێت و خواردنەکە ببرێت بۆ لای، نەك خواردنەکە دابنرێت و میوانەکەی لێ نزیك ببێتەوە.

دوازدەهەم: فەرمووی: "أَلَا تَأۡكُلُونَ " ئەمەش رێز و لوتفە و باشتر و جوانترە لەوەی بڵێت: "كلوا" یان بڵێت: دەستانی بۆ درێژ بکەن، مرۆڤ بە ژیری باشی خۆی و بە لوتفی ئەمە دەزانێت، بۆیە دەڵێن: "بسم الله".

سیازدەهەم: خواردنی پێشکەش کردن، چونکە بینی دەستی بۆ نابەن و لێی ناخۆن، لەگەڵ ئەوەش میوانەکانی ئاتاج بە وەرگرتنی مۆڵەت نەبوون بۆ خواردن، بەڵکو کە خواردنیان پێشکەش دەکرا دەیانخوارد، بەڵام کە ئەو دەستە میوانەی بینی

لە خواردنەکە ناخۆن، پێی فەرموون: "نافەرموون یان ناخۆن" بۆیە ترسی لێ نیشت و لە ناخەوە شاردییەوە بەبێ ئەوەی بیخاتە سەر روخساری.

چواردەهەم: کە ئەوانی بینی خواردن ناخۆن لێیان ترسا و ئەوەی بۆ ئەوان ئاشکرا نەکرد، کە فریشتەکان ئەوەیان لێ زانی پێیان وت: مەترسە و مژدەی منداڵێکیان پێدا.

ئەم چەند ئایەتە ئادابی میوانداری بە جوانترین و باڵاترین شێوە نیشانداوە، جگە لەمانە لە زۆرلەخۆکردن و دواکەوتن بەندوباوی خەڵکە و ئەو بڕە لە ئاداب بەسە بۆ ئێمە، صەلات و سەلام لەسەر پێغەمبەرمان و لەسەر ئیبراهیم و ئالی هەردووکیان بێت، هەر بەو جۆرە لەسەر هەموو پێغەمبەران–صلوات الله وسلامه عليهم–

خودا شایەتی دەدات بەوەی ئیبراهیم وەفادار بوو بەوەی فەرمانی پێکرا و دەفەرموێت: ﴿ أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّىٰ ﴿٣٧﴾ ﴾ النجم: ٣٦ – ٣٧، "ابن عباس"(خوایان لێ رازی بێت)دەفەرموێت: وەفادار بوو لە هەموو شەرائیعەکانی ئیسلامدا، هەروەها وەفادار بوو لەوەی فەرمانی پێکرا لە گەیاندنی پەیام، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَإِذِ ابْتَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي ۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ ﴿١٢٤﴾ ﴾ البقرة: ١٢٤، کاتێك ئەو کەلیمانەی خودای تەواو کرد خودا کردی بە ئیمامی هەموو خەڵکی بۆ ئەوەی شوێنی بکەون.

وتراوە ئیبراهیم (سەلامی خودای لەسەر بێت) : دڵی بۆ رەحمان بوو، کوڕەکەی بۆ قوربانی و جەستەی بۆ ئاگر و ماڵەکەی بۆ میوان بوو.

کاتێك خودا ئەوی کرد بە خەلیل–"الخلة" کەماڵی خۆشەویستییە، ئاستێکە بەشداری کەسی تر قبووڵ ناکات، داوای لە خودا کرد بوو کوڕێکی صاڵحی پێبدات

خودا ئیسماعیلی پێ بەخشی، ئەو منداڵە بەشێك لە دڵی داگیر کرد، خودا غیرەتی کرد لە دڵی خەلیلەکەی خۆی شوێنێکی تێدا مابێت بەشی کەسێکی تر بێت- بۆیە بە سەربڕینی تاقیکردەوە، بۆ ئەوەی نهێنی ئەو خۆشەویستییە دەربکەوێت لە پێشخستنی خۆشەویستی خودا بەسەر خۆشەویستی کوڕەکەیدا، کاتێك بڕیاری دا و ویستی کارەکە بکات و دەسەڵاتی خۆشەویستی خودا زاڵ بوو بەسەریدا خودا ئەوەی لەسەر سڕییەوە و قوربانییەکی مەزنی بۆ رەوانە کرد، چونکە بەرژەوەندی لە سەربڕینەکەدا لە سووربوون و لێبڕانی ئیبراهیمەوە سەریهەڵدا بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکە، کە ئەو بەرژەوەندییە بەدەستهات سەربڕین لە خۆیدا بوو بە کارێکی ناباش، بۆیە نەسخکرایەوە، لەوێوە سەربڕین و قوربانییەکان بوو بە سوننەتێك هەتا رۆژی دوایی چاوی لێ دەکرێت.

ئیبراهیم ئەو کەسەیە دەرگای مونازەرەی لەگەڵ هاوەڵدانەران و ئەهلی باتڵ بۆ ئوممەت کردەوە، بەڵگەکانی تێکوپێك شکاندن، خودا رووبەڕووبوونەوەکەی ئیبراهیمی لەگەڵ ئیمامی ئەهلی باتڵدا لە قورئاندا باس کردووە، هەروەها رووبەڕووبوونەوەی ئیبراهیم لەگەڵ گەلەکەی، بە بەهێزترین بەڵگە و نزیکترین لە تێگەیشتن و سەرهەڵدانی زانست قسەکانی ئەوانی پووچ کردەوە، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾ ﴾ الأنعام: ٨٣

کاتێك بە بەڵگە زاڵ بوو بەسەر دوژمنانی خودا و بتەکانی شکاندن، ئەو کات بەڵگە و بتیان تێکشکا ویستیان ئازاری بدەن و هەڵیبدەنە ناو ئاگرەوە، ئەمە بریتییە لە شانوشکۆی ئەهلی باتڵ کاتێك ژێر دەکەون و بەڵگەیان لەسەر راست دەبێتەوە،

پەلاماری سزادان دەدەن وەك چۆن فیرعەون وتی بە موسا (سەلامی خودای لەسەر بێت) ﴿ قَالَ لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ الشعراء: ٢٩، ئاگرییان بۆ بڵێسە دا و بە مەنجەنیق هەڵیانداوە ناو ئاگرەكەوە، ئەو هەڵدانە مەزنترین و بەرەكەتدارترین سەفەر بوو بۆی، لەو سەفەرەدا جبریل (سەلامی خودای لەسەر بێت) لە نێوان ئاسمان و زەویدا پێی فەرموو: ئەی ئیبراهیم پێویستییەكت هەیە؟ فەرمووی: بۆ لای تۆ نەخێر، "ابن عباس"–خوا لە خۆی و باوكی رازی بێت– دەفەرموێت: ئایەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٧٣، پێغەمبەرەكەتان ئەمەی فەرموو، هەروەها ئیبراهیم ئەمەی فەرموو كاتێك هەڵدرایە ناو ئاگرەكەوە، و خودا ئاگرەكەی لەسەر سارد كردەوە بە ساردێكی سەلامەت.

لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە "أم شريك"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی كرد بە كوشتنی شەوگەڕ (لە شێوەی قۆڕیدایە بە قەبارەی مارمێلكێك)، فەرمووی: فووی بە ئاگرەكەدا دەكرد لەسەر ئیبراهیم.

ئیبراهیم (عليه السلام) ئەو كەسەیە ماڵی خوای بیناكردەوە و جاڕیدا بەناو خەڵكیدا بۆ حەجكردن، هەر كەس حەج و عەمرەی ئەو شوێنە بكات خێر و پاداشت بۆ ئیبراهیم (عليه السلام) دەنوسرێت بەژمارەی حەجكەران و عەمرەكەران، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى ۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴿١٢٥﴾ ﴾ البقرة: ١٢٥، فەرمانی بە پێغەمبەر و ئوممەتەكەی كردووە مەقامی ئیبراهیم بكەنە سوژدەگای خۆیان وەك شوێنكەوتنێك بۆ ئیبراهیم و زیندووكردنەوەی ئاسارەكەی (صلى الله على نبينا وعليه وسلم).

سەروەری و مەزنییەکانی ئەو ئیمامە مەزنە و پێغەمبەرە گەورەیە زۆرتر و زیاترە لەوەی بێنە هەژماردن و کتێبێك لە ئامێزی بگرێت، گەر خودا تەمەنمان پێ بدات کتێبێکمان تایبەت دەکرد بەو پێغەمبەرە مەزنە وەك دڵۆپێك لە چاکە و گەورەییەکانی، یان کەمتر لە دڵۆپێك، خودا بمانگێڕێت لەوانەی شوێن ئەو پێغەمبەرە مەزنە دەکەون نەمانگێڕێت لەوانەی لە رێگەکەی ئەو لادەدەن بە گەورەیی و فەزڵ و منەتی خۆی.

لە "ابن مسعود"ەوە (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: شەوی ئیسرا بە ئیبراهیم گەیشتم، فەرمووی: ئەی محەمەد، لە منەوە سەلامم بە ئوممەتەکەت بگەیەنە، پێیان بڵێ بەهەشت خاکەی پاك و بۆنخۆشە، ئاوەکەی سازگارە، زەوییەکەی تەخت و بەپیتە، چاندنی درەختەکانی بریتییە لە: "سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر" رواه الترمذي.

بەشی شەشەم

بابەتێکی بەناوبانگ لەناو خەڵکیدا و ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی تێیدایە

ئەوەش: پێغەمبەر (ﷺ) فەزڵ و گەورەیی لە ئیبراهیم زۆرتر و زیاترە چۆن دەبێت داوای صەڵەواتێکی لە خودا بۆ بکەین کە بە ئیبراهیم دراوە؟ چۆن دەتوانین ئەم دوو بابەتە دژبەیەکە کۆبکەینەوە؟

دروستترین وەڵام ئەوەیە کە دەستەیەك دەڵێن: ئالی ئیبراهیم هەموو ئەو پێغەمبەرانەی تێدایە کە لە ئالی محمددا بوونیان نییە، گەر داوای صەڵوات بکرێت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئالی پێغەمبەر وەك ئەوەی بۆ ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم داوا دەکرێت–کە پێغەمبەرانی تری تێدایە– ئەوا ئالی پێغەمبەر بە ئەندازەی خۆیان لەو صەڵەواتە بەشی خۆیان وەردەگرن، لەبەر ئەوەی ئالی پێغەمبەر (ﷺ) ناگەنە پلەی پێغەمبەران، ئەوا ئەو زیادەی بۆ پێغەمبەران هەیە –لەناویاندا ئیبراهیم– بۆ محمد (ﷺ) دەمێنێتەوە، بەوەش تایبەتمەندییەك وەردەگرێت کە بۆ هیچ پێغەمبەرێکی تر نییە.

شیکردنەوەی ئەمە: صەڵەواتی بەدەستهاتوو بۆ ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم–لەناویاندا پێغەمبەران– ببێت بە گشتێکی دابەشکراو بۆ سەر محمد (ﷺ) و ئالی محمد، گومانی تێدا نییە هاوشێوەی ئەوەی بۆ ئالی ئیبراهیم–لەناویاندا پێغەمبەران– بەدەستهاتووە بۆ ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بەدەست نایەت، بەڵکو ئەوەندەی شایستەیانە بۆیان بەدەست دێت، ئەو زیادە فەراهەمهاتووەی ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بەدەستیان نەهێناوە بە خودی پێغەمبەر (ﷺ) تایبەت بووە، بۆیە بەدەستهاتوو لە کۆی ئەوە زۆرتر و زیاترە لەوەی ئیبراهیم بەدەستی هێناوە، ئەمە باشترین قسەیەکە لەم میانەدا کرابێت.

باشتریش لەم قسەیە ئەوەیە بوترێت: محمد (ﷺ) لە ئالی ئیبراهیمە، بەڵکو باشترین کەسی ئالی ئیبراهیمە، وەك لە "ابن عباس"ەوە ریوایەت کراوە لەسەر ئایەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحٗا وَءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمۡرَٰنَ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٣﴾ آل عمران: ٣٣، "ابن عباس"(خوایان لێ رازی بێت) دەفەرموێت: محمد لە ئالی ئیبراهیمە، ئەمە دەقێکە، گەر پێغەمبەران لە نەوەکانی ئادەم بچنە ناو ئالی ئیبراهیمەوە ئەوا چوونە ناوی پێغەمبەر(ﷺ) لەپێشترە، بۆیە "كما صليت على آل إبراهيم" صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرمان دەگرێتەوە، هەروەها لەسەر هەموو پێغەمبەران لە نەوەکانی ئادەم.

پاشان خودا فەرمانی پێکردووین بە تایبەتی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر و ئالی پێغەمبەر(ﷺ) بدەین بە ئەندازەی ئەوەی صەڵەواتماندلوە لەسەر ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم کە پێغەمبەری ئێمەشی تێدایە، هەروەها ئالی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندەی شایستەیان بێت لێیەوە بەدەست دەهێنن و ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی بۆ پێغەمبەرە (ﷺ).

شیکردنەوەی ئەمە: بە تایبەت صەڵوات لەسەر پێغەمبەر دراوە و داوای صەڵەوات بۆ ئالی ئیبراهیمیش کراوە کە پێغەمبەریش دەگرێتەوە، گومانی تێدایە صەڵەواتی بەدەستهاتوو بۆ ئالی ئیبراهیم و پێغەمبەری خوداش لەگەڵیان کامڵترە لە صەڵەواتی بەدەستهاتوو بۆی بەبێ ئەوان، بۆیە لەم صەڵەواتەوە داوای کارێکی مەزن بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەکەین کە باشتر و چاکترە لەوەی بۆ ئیبراهیم داواکراوە.

بەمەش گەورەیی و شکۆمەندی پێغەمبەر(ﷺ) بەسەر ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیمەوە –لە ناویاندا پێغەمبەران– دەردەکەوێت، گەورەیی و شکۆمەندییەك کە شایستەی پێغەمبەر(ﷺ) بێت، بۆیە ئەم صەڵەواتە بەڵگەی گەورەیی و شکۆمەندی ئەوە (ﷺ)

بەڵکو لە پێویستییەکانی ئەو صەڵەواتەیە، "فصلى الله عليه وعلى آله وسلم تسليما كثيرا" خودا مەزنترین پاداشتی لە ئوممەتەکەیەوە بۆ بنوسێت:

أللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على آل إبراهيم، إنك حميد مجيد، أللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على آل إبراهيم، إنك حميد مجيد.

بەشی حەوتەم

سەرنجێکی ورد

زۆربەی فەرموودە سەحیح و حەسەنەکان، بەڵکو هەموویان کاتێك ناوی پێغەمبەر و ئالی پیغەمبەریان دەهێنن، لە پێ تەشبیهکراودا -کە ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیمە (عليه السلام)- تەنها باسی ئالی ئیبراهیم هاتووە بەبێ ناوهێنانی ئیبراهیم، یان تەنها ناوی ئیبراهیم هاتووە بەبێ ناوهێنانی ئالی ئیبراهیم، فەرموودەیەکی سەحیح نەهاتووە ناوی ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیمی تێدا هاتبێت، وەك چۆن ناوی محمد و ئالی محمد کۆدەکرێتەوە.

بۆچی ناوی محمد (ﷺ) و ئالی محمد پێکەوە دێن لە زۆربەی فەرموودەکاندا، بەڵام تەنها ناوی ئیبراهیم یان ئالی ئیبراهیم لە فەرموودەکاندا بەگشتی دێت؟

وەڵامی ئەوە: صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرو ئالی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەقامی داوا و دوعادایە، بەڵام صەڵەوات لەسەر ئیبراهیم لە مەقامی هەواڵ و یادی رووداوێکدایە، چونکە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ((أللهم صل على محمد وعلى آل محمد)) رستەیەکی داخوازییە، بەڵام ((كما صليت على إبراهيم)) رستەیەکی راگەیاندنی هەواڵییە، رستەی داخوازی گەر لە شوێن و جێی دوعا و داوادا بوو درێژەپێدان و والاکردنی گونجاوتر و شیاوترە لە کورتکردنەوە و سڕینەوە لێی، بۆیە دووبارەبوونەوە و دووبارەکردنەوەی پەسەند و شیاوە، چونکە دوعایە، خوداش پێداگرانی لە دوعادا خۆشدەوێت، لە زۆربەی فەرموودەکاندا پێغەمبەر (ﷺ) وشەکان دەکاتەوە و درێژەیان پێدەدات، بەڵام هەواڵ بریتییە لە هەواڵدان لە کارێك کە رووەداوە و تێپەڕیوە و زۆر و کەم قبووڵ ناکات بەتایبەت مەقامەکە مەقامی

رۆشنکردنەوە و درێژەپێدان و تێگەیاندنی بەرانبەر نییە تا والآکردن و درێژەپێدانی تێدا بێت، بۆیە کورتکردنەوە تیایدا باشتر و چاکترە.

بەشی هەشتەم

وتنی ''اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد'' و باسی بەرەکەت

راستەقینەکەی بریتییە لە جێگیربوون و پێویستبوون و دامەزران، "برك البعير" لەوەوە هاتووە کاتێك وشترەکە لەسەر زەوی جێگیر دەبێت، هەروەها "المبرك" لەوەوە هاتووە بۆ شوێنی جێگیربوون، خاوەنی "الصحاح" دەڵێت: هەر شتێك جێگیر ببێت و تیایدا بمێنێتەوە ئەوە بریتییە لە "برك"، "الجوهري" دەڵێت: بۆیە بە حەوز دەوترێت "البركة" لەبەر مانەوەی ئاو تیایدا.

"البَرَكَة" بریتییە لە گەشەسەندن و زیادبوون، "التبريك" بریتییە لە دوعا و داوای ئەوە، دەوترێت: "باركه الله و بارك فيه، وبارك عليه، وبارك له" لە قورئاندا﴿أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا﴾ النمل: ٨

هەروەها لە فەرموودەدا: ((وبارك لي فيما أعطيت))، هەروەها لە فەرموودەکەی "سەعد"دا: ((وبارك الله لك في أهلك ومالك))

"المبارك" ئەو کەسەیە خودا(سبحانه) بەرەکەتی پێداوە، وەك "المسيح" (عليه السلام) دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيۡنَ مَا كُنتُ﴾ مريم: ٣١، هەروەها کتێبێکی موبارەك وەك ئایەتی:﴿كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ﴾ ص: ٢٩، قورئان لە هەموو شتێك لەپێشترە بە "مبارك" ناوببرێت لەبەر زۆری خێرو قازانجی و فرەیی رووی بەرەکەت تیایدا، لە حەقی خوداشدا دەوترێت "تبارك" ناوترێت "مبارك".

گەر بەندە بەهۆی زۆری خێرو قازانجییەوە و پەیوەست بوونی هۆکاری خێر پێیەوە و بەدەستهێنانی ئەوەی خەڵکی سوود و قازانجی لێ دەبینن بە ئەوەوە "مبارك" بێت

ئەوا خودا (تبارك وتعالى) لەپێشترە بەوەی "متبارك" بێت، ئەمەش مەدح و سەنایەكە مەزنی و شكۆمەندی و فراوانی و بەرز و بڵندی لێ دەخوێنرێتەوە، وەك دەوترێت "تعاظم و تعالى" ئەوە بەڵگەیە لەسەر مەزنی و شكۆمەندی ئەو و زۆری و بەرینی و بەردەوامی خێر و چاكەی و كۆبوونەوەی سیفەتی كەماڵ تیایدا، هەرچی سوود و قازانجێكە لە جیهاندا –ئەوەی بووە و دەبێت– بۆ ئەو دەگەڕێتەوە (تبارك وتعالى).

ئەم كرداره لە حەقی خودادا ئاماژە دەكات بە مەزنی و شكۆمەندی و گەورەیی و بەرز و بڵندی شانوشكۆی خودای موتەعال، بۆیە خودا بە زۆری سەرەتا و دەستپێكردنی گەورەیی و شكۆداری و مەزنی خۆی پێ دەست پێ دەكات و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾ الأعراف: ٥٤، هەروەها ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾﴾ الفرقان: ١، هەروەها ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴿٦١﴾﴾ الفرقان: ٦١، هەروەها دەفەرموێت: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾﴾ الملك: ١

هەروەها لەدوای باسی دروستكردنی مرۆڤ بە حەوت قۆناغ دەفەرموێت: ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾﴾ المؤمنون: ١٤، خودا (تبارك وتعالى) لەو شوێنانەی كە سەنای خۆی دەكات بە مەزنی و شكۆمەندی و گەورەیی و كردارگەلێك ئاماژەن لەسەر پەروەردگاریی و خودایەتی ئەو (سبحانه) و حیكمەت و تەواوی سیفەتەكانی كەماڵی لە دابەزاندنی فورقان و خەلقی جیهانەكان هەروەها خەلقی بورجەكان و خۆر و مانگ و تەنهابوونەوەی بە موڵك و كەماڵی قودرەت.

بۆ ئەو مەبەستە "ابن عباس" دەفەرموێت: "تبارك" واتە "ارتفع–بەرز و شکۆمەند" و "المبارك" واتە "المرتفع–بەرزکراوە و شکۆمەنکراو"

"ابن الأنباري" دەڵێت: "تبارك" واتە "تقدس"، "الحسن" دەڵێت: "تبارك" واتە بەرەکەت لەلای ئەوەوە دێت، "الضحاك" دەڵێت: "تبارك" واتە "تعظم"، "الخليل بن أحمد" دەڵێت: "تمجد"، "الحسين بن الفضل" دەڵێت: "تبارك في ذاته وبارك من شاء من خلقه"، ئەمەش باشترین وتەیانە، چونکە "تبارك" وەسفی زاتی خودای موتەعالە و سیفەتی کرداریشە.

ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوە خودا(سبحانه) "تبارك" دەداتە پاڵ ناوی خۆی وەك دەفەرموێت: ﴿ تَبَٰرَكَ ٱسۡمُ رَبِّكَ ذِي ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ ﴿٧٨﴾ ﴾ الرحمن: ٧٨، هەروەها لە فەرموودەدا: (تبارك اسمك وتعالى جدك)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە "تبارك" مانای "بارك"ی نییە وەك "الجوهری" پێیوایە، تەبریکی خودا(سبحانه) بەشێکە لە ناوەرۆکی وشەکە بۆ تەواوکردنی ماناکەی.

"ابن عطية"ش دەڵێت: مانای "عظم و کثرت برکاتە"ی هەیە، تەنها خودا بەم وەسفە وەسف دەکرێت، لە زمانی عەرەبدا ئەم وشەی "تصريف"ی نییە و رابردوو و فەرمانی داخوازی لێ دروست ناکرێت، هۆی ئەوەش ئەوەیە "تبارك" تەنها خودای پێ وەسف دەکرێت، و داوای داهاتوو ناکات، چونکە خودا ئەزەلییە.

مەبەست لە وتنی "وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم" ئەم دوعایە پێدانی خێر لەخۆ دەگرێت بە پێغەمبەر (ﷺ) وەك چۆن بە ئالی ئیبراهیم دراوە، هەر بەو جۆرە بەردەوامی و جێگیربوون و دووچەندانە و زیادبوونی ئەو خێرەی تێدایە، ئەمە بریتییە لە راستەقینەی بەرەکەت، خودای موتەعال لەمەڕ

ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم دەفەرموێت: ﴿ وَبَشَّرْنَٰهُ بِإِسْحَٰقَ نَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١١٢﴾ وَبَٰرَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ إِسْحَٰقَ ۚ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ مُبِينٌ ﴿١١٣﴾ ﴾ الصافات: ١١٢ - ١١٣

خودا (ﷻ) دەربارەی ئالوبەیتی ئیبراهیم دەفەرموێت: ﴿ قَالُوٓا۟ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۖ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ ﴿٧٣﴾ ﴾ هود: ٧٣

لەوە رابمێنە چۆن لە قورئاندا هاتووە "وَبَٰرَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ إِسْحَٰقَ" بەڵام ناوی "إسماعيل"ی نەهێنا، لە تەوراتیشدا باسی بەرەكەتی كردووە لەسەر ئیسماعیل و باسی "إسحاق"ی نەكردووە، ئەمەش وەك راگەیاندێكی خێر و بەرەكەت لەسەر نەوەكانی بەتایبەت كۆتا بەرەكەتیان و مەزنترینیان و بەرزترینیان بۆ پێغەمبەری خودا (ﷺ) بەوەش ئەوانی ئاگاداركردەوە لەسەر ئەوەی بۆ نەوەكانی ئیسماعیل بەدیدێت لە مەزنترین بەرەكەت لەسەر زمانی پێغەمبەری موبارەك (ﷺ) قورئانیش باسی بەرەكەتمان بۆ دەكات لەسەر "إسحاق" وەك ئاگادارییەك بۆ ئێمە لەوەی لە نەوەكانیدا بەرهەم هاتووە لە پێغەمبەرایەتی موسا (عليه السلام) و پێغەمبەرانی ترو ئەوەی پێیان دراوە لە كیتاب و زانست و بانگكردن لە بەندەكانی بۆ ئیمان پێهێنان و بەڕاستزانینی، هەروەها بۆ ئەوەی مافەكانی ئەو ماڵە موبارەكەو ئەهلی پێغەمبەرایەتی لەوان پشتگوێ نەخەن، كەسێك نەڵێت ئەوانە پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلییەكانن و ئێمە پەیوەندیمان پێیانەوە نییە، بەڵكو پێویستە لەسەرمان رێزیان لێ بگرین و ئیمانیان پێ بهێنین و خۆشمان بوێن و موالاتمان بۆیان هەبێت و مەدح و سەنایان بكەین (صلوات الله وسلامه عليهم).

كاتێك ئەم ماڵە موبارەكە دەبێتە شەرەفمەندترین ماڵی جیهان بەرەهایی خودا بە چەندین تایبەتمەندی تایبەتی كردوونەتەوە:

لەوانە: پێغەمبەرایەتی و کتێبی تێدا داناون، لەدوای ئیبراهیم هەر پێغەمبەرێك هاتبێت لە ئەهلوبەیتی ئەو بووە.

هەروەها: ئەوانە بوون بە ئیمام و هەتا رۆژی دوایی خەڵکی هیدایەت لە ئەمری ئەوان وەردەگرن، هەر کەسێك بچێتە بەهەشتەوە لە دۆستانی خودا لە رێگەی ئەوان و بە بانگەوازی ئەوان بووە.

هەروەها: خودا لەو ماڵە دوو خەلیلی هەڵبژاردووە، ئەو دوانەش ئیبراهیم و محمدن (صلى الله وسلم عليهما) قورئان دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾﴾ النساء: ١٢٥، پێغەمبەریش دەفەرموێت: ((خودا منی کردووە بە خەلیلی خۆی وەك چۆن ئیبراهیمی کردووە بە خەلیلی خۆی))، ئەمە لە تایبەتمەندی ئەو ماڵەیە.

هەروەها: خودا خاوەنی ئەو ماڵەی کردووە بە ئیمامی هەموو جیهانان ﴿وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾ البقرة: ١٢٤

هەروەها: خودا لەسەر دەستی ئەو و کوڕەکەی بینای ماڵەکەی خۆی دروست کرد کە خودا کردوویەتی بە رووگە و جێگەی حەج و نوێژ.

هەروەها: فەرمانی کردووە بە بەندەکانی صەڵەوات لەسەر ئەهلی ئەو ماڵە بدەن، وەك صەڵەواتی داوە لەسەر ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم.

هەروەها: خودا لەو ماڵە دوو ئوممەتی مەزنی دەرهێناوە ئەو دوانەش ئوممەتی موسا و ئوممەتی محمدن(صلى الله وسلم عليهما).

هەروەها: خودا لەنوای خۆیان زمانی یاد و مەدح و سەنا و چاكەیانی لە جیهاندا هێلاوەتەوە و خەڵكی تەنها بە خێر و چاكە و مەدح و سەنا و یاد ناویان دەهێنێت: ﴿ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ ﴿١٠٨﴾ سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿١٠٩﴾ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١١٠﴾ ﴾ الصافات: ١٠٨-١١٠

هەروەها: ئەهلی ئەم ماڵەی كردووە بە جیاكەرەوە(الفرقان) لەناو خەڵكیدا، خۆشبەختان ئەوانەن خۆشیان دەون و شوێنیان دەكەون و بەدبەختان ئەوانەن رقیان لێیانە و پشتیان تێدەكەن و دوژمنایەتیان دەكەن، بۆیە بەهەشت بۆ ئەوان و شوێنكەوتووەكانیانە و دۆزەخ بۆ دوژمنان و سەرپێچیكەرانیانە.

هەروەها: خودا یادی ئەوانی هاوتای یادی خۆی كردووە، دەوترێت ئیبراهیم خەلیلی خودایە و پێغەمبەری خودایە، هەروەها محمد پێغەمبەری خودایە و خەلیلی خودایە، هەروەها موسا كەلیمی خودایە و پێغەمبەری خودایە، خودا وەك یادخستنەوەی نیعمەتی بە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) دەفەرموێت:﴿ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ ﴾ الشرح: ٤، "ابن عباس" دەفەرموێت: ماناكەی: كاتێك یادم دەكرێت یادی تۆشی لەگەڵ دەكرێت، دەوترێت: "لا إله إلا الله محمد رسول الله"، لە شایەتمان و بانگ و خوتبە و تەحیات و بوارەكانی تردا.

هەروەها: خودا رزگاربوونی بەندەكانی لە بەدبەختی دونیا و دواڕۆژ لەسەر دەستی ئەهلی ئەو ماڵە داناوە و ئەوان نیعمەت و منەتی مەزنیان بەسەر خەڵكەوە هەیە.

هەروەها: هەر قازانج و كار و كردەوەیەكی چاكە و گوێڕایەڵی بۆ خودا لە دونیادا بەدەست بێت وەك پاداشتی كاركەرەكە پاداشت بۆ ئەوان دەنوسرێت، پاكێتی بۆ ئەو خودایەی هەندێ لە بەندەكانی خۆی بە بەزەیی تایبەت دەكاتەوە.

هەروەها: خودا هەرچی ڕێگەیە لە نێوان خۆی و خەڵکیدا دایخستووە و دەرگاکانی کڵۆم کردووە و بۆ هیچ کەس نایکاتەوە مەگەر لە ڕێگەی ئەوانەوە نبێت.

جونەید (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەفەرموێت: خودا (عز وجل) دەفەرموێت: سوێند بە عیززەت و جەلالم گەر لە هەرچی ڕێگەوە بێن بۆ لای من، یان لە هەرچی دەرگایە بدەن، بۆیان ناکەمەوە تا لەدوای تۆوە دێنە ژوورەوە.

هەروەها: خودا تایبەتی کردوون بە زانست کە هیچ ماڵێکی تری بەو زانستە تایبەت نەکردووە، جیهان لە دەرگای ماڵێکیان نەداوە زاناتر بێت لە ئەهلی ئەو ماڵە بە خودا و ناوەکانی و سیفەتەکانی و کردارەکانی و حوکمەکانی و پاداشت و سزا و شەرع و جێگەی ڕازیبوونی خودا و جێگەی خەشم و تووڕەی ئەو بەئاگا لە فریشتەکانی و دروستکراوەکانی تر.

هەروەها خودا تایبەتی کردوونەتەوە بە یەکتاپەرستی و خۆشەویستی و نزیکی یەکلابوونەوە بۆ خودا کە ئەهلی هیچ ماڵێکی تری بەوە تایبەت نەکردۆتەوە.

هەروەها: خودا لە زەویدا دایمەزراندوون و کردوونی بە جێنشین و خەڵکی سەر زەوی بۆ گوێڕایەڵ کردوون ئەمەش بۆ هیچ ماڵێکی تر نییە.

هەروەها: خودا پشتیوانی کردوون و سەریخستوون بەسەر دوژمنەکانی خۆی و ئەواندا.

هەروەها: خودا بەوان ئاسەواری ئەهلی هاوەڵدانان و گومڕایی سڕیوەتەوە، هەروەها ئەو ئاسارانەی خودا لای ناپەسەندە و ڕقی لێیانە.

هەروەها: خودا خۆشەویستی و ڕێز و شکۆمەندی ئەوانی لە دڵی خەڵکیدا داناوە.

هەروەها: خودا ئاسەواری ئەوانی کردووە بە هۆی مانەوەی جیهان و پارێزگاری لێکردنی، هەتا ئاساری ئەوان بوونی هەبێت جیهان دەمێنێتەوە گەر ئاساری ئەوان لە زەویدا نەما ئەو دەمە کاتی تێکچوونی جیهانە: ﴿جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ قِيَٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾ المائدة: ٩٧، ئیبن عباس–خودا لە خۆی و باوکی رازی بێت– لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: گەر هەموو خەڵکی واز لە حەج بهێنن، ئاسمان بەردەبێتەوە بۆ سەر زەوی، هەروەها دەفەرموێت: گەر هەموو خەڵکی واز لە حەج بهێنن مۆڵەتیان نادرێت(واتە سزا دەدرێن)، پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵیداوە لە کۆتایی رۆژگاردا خودا ماڵەکەی لەسەر زەوی هەڵدەگرێت و کەلامەکەی لە مەسحەف و سینەی پیاواندا دەسڕێتەوە، بۆیە لەسەر زەوی ماڵێکی بۆ نامێنێتەوە حەجی تیابکرێت و کەلامێکی بۆ نامێنێتەوە بخوێنرێتەوە، ئەو کاتە تێکچوونی دونیا نزیکە، ئەمڕۆش خەڵکی بە هەمان شێوە، مانەوەیان بە مانەوەی ئاساری پێغەمبەرەکەیانو شەریعەتەکەیەوەیە لەنێوانیاندا، راپەڕاندنی کاروبارەکانیان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان و دوورخستنەوەی جۆرەکانی بەڵا و شەڕ لەوان بەپێی دەرکەوتنی ئاسار و شەرعی پێغەمبەری خودایە لەناویاندا، تیاچوون و تەنگەژەکانیان و هاتنی بەڵا و داباریینی شەڕ بەسەریاندا بەهۆی پەکخستن و پشتهەڵکردن لە ئاسار و شەریعەتی پێغەمبەرەکەیان و بە حاکم کردنی کەسانی ترەوەیە، هەر کەس تێڕامان بکات لە زاڵکردنی ئەوانەی بەسەر وڵات و بەندەکاندا زاڵ کراون لە دوژمنان لەوە تێدەگات ئەوە بەهۆی پەکخستنی ئابینی پێغەمبەرەکەیان و سوننەت و شەریعەتەکەیەوە، بۆیە خودا ئەوانەی بەسەریاندا زاڵ کرد و ئەوانی تیابرد و تۆڵەی لێ کردنەوە، تا دەبینی ئەو وڵاتانەی ئاسار و شەریعەتی خودایان تێدا دەرکەوتووە بە ئەندازەی ئەوە خودا بەڵا و شەڕی لێ بەدوورگرتوون.

ئەمانە و چەند باری ئەمانە لە ئاساری بەزەیی خودا و بەرەکەتی ئەو ماڵەیە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردووین داوای لە خودا بۆ بکەین فەڕو بەرەکەت بەسەر خۆی و ئالوبەیتیدا دابباریێنێت، وەك چۆن خودا بەرەکەتی بەسەر ئەو ماڵە مەزنەدا داباراند (صلوات الله وسلامه عليهم أجمعين).

لە بەرەکەتی ئەهلی ئەو ماڵە ئەوەیە خودا لەسەر دەستی ئەوان بەرەکەتی دونیا و دواڕۆژی دەرخستووە و ئەوەی لەسەر دەستی ئەهلوبەیتێکی تر دەرنەخستووە.

هەروەها لە بەرەکەتی ئەو ماڵە و تایبەتمەندیان ئەوەیە خودا بە بەخشینێك تایبەتی کردوون کە بە هیچ کەسێکی تری نەداوە، هەیانە کراوە بە خەلیل (ئیبراهیم)، هەیانە کراوە بە سەربڕاو (ذبیح–ئیسماعیل)، هەیانە قسەی لەگەڵ خودادا کردووە و لە نزیکەوە ئاخافتنی لەگەڵ کردووە (موسا)، هەیانە نیوەی جوانیی سەر زەوی پێدراوە و کردوویەتی بە بەڕێزترین مرۆڤ (یوسف)، هەیانە موڵکێکی پێدراوە بە کەس نەدراوە (سلیمان)، هەشیانە بەرزکراوەتەوە بۆ شوێنێکی بەرز و باڵا (عیسا).

کاتێك خودا (ﷻ) باسی ئەم ماڵە و نەوەی ئەم ماڵە دەکات رایدەگەیەنێت هەر هەموویان بەرزکراونەتەوە بەسەر هەموو جیهاندا.

لە تایبەتمەندی و بەرەکەتی ئەوانە خودا سزای گشتی لەسەر ئەهلی سەر زەوی بەوان و بە ناردنی ئەوان هەڵگرتووە، خودا لە ئومەتانی پێغەمبەرانی تردا سوننەتی وابوو گەر پێغەمبەرانیان بەدرۆ بخستبایەتەوە بەگشتی هەموویانی بەرباد دەکرد، وەك ئەوەی کردی بە گەلی نوح و هود و گەلی صاڵح و لوت، کاتێك خودا تەورات و ئینجیل و قورئانی دابەزاند بەوانە خودا سزای گشتی لەسەر ئەهلی زەوی هەڵگرت و فەرمانی کرد بە جیهادی ئەوانەی پێغەمبەران بەدرۆ دەخەنەوە و سەرپێچییان لێ

دەکەن، ئەوەش سەرخستنی ئەوان بوو بە دەستی خۆیان و مایەی شیفای سینە و دەروونیان بوو، هەروەها ڕێگەیەك بوو بۆ هەڵبژاردنی شەهیدان لەوان و تیابردنی دوژمنەکانیان بەدەستی خۆیان ئەوەش بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودا لەسەر دەستی ئەوان.

ئەهلوبەیتێك ئەمە هەندێك لە گەورەیی و شانوشکۆی بێت ماف خۆیانە زمانی خەڵکی بە هەمیشەی بە صەلات و سەلام تەڕ و پاراو بێت و هەردەم مەدح و سەنای مەزنیان بکەن، دڵان بە خۆشەویستی و بەمەزنزانین و شکۆمەندی ئەوان لێوانلێو بووبێت، حەقی خۆیەتی کەسی صەڵەواتدەر بزانێت گەر هەموو هەناسەکانی لە صەڵەوات لەسەر ئەوان بەخت بکات تەنها کەمێك لە ماف ئەوانەی داوە، خودا لە مرۆڤایەتییەوە مەزنترین پاداشتیان بداتەوە و لە خانەی فرە باڵای فریشتەکان شەرەف و ڕێز و گەورەییان زیاد بکات، (صلى الله عليهم صلاة دائمة لا انقطاع لها وسلم تسليما).

بەشی نۆیەم

کۆتاهێنانی ئەم صەڵەواتە بەم دوو ناوەی پەروەردگار کە بریتین لە ''الحميد و المجيد''

"الحميد" لەسەر کێشی "فعيل" کە بە مانای "محمود"ە، زۆربەی ئەو ناوانەی لەسەر کێشی "فعيل"ن بە مانای "فاعل" هاتوون، وەك "سميع وبصير وعليم وعلي وحكيم وحليم"، هەر بەو جۆرە کێشی "فعول" وەك "غفور وشكور وصبور"

بەڵام "الودود" دوو قسەی لەسەرە:

یەکەم: بە مانای "فاعل" کە بریتییە لەو کەسەی پێغەمبەران و دۆستان و باوەڕدارانی خۆی خۆشدەوێت.

دووەم: بە مانای "مودود" کە بریتییە لە "المحبوب" ئەو کەسەیە شایستەیە بە هەموو خۆشەویستییەك، هەروەها دەبێت لە چاو و گوێ و نەفس و هەموو خۆشەویستان لای بەندە خۆشەویستتر بێت.

بەڵام "الحميد" تەنها بە مانای "المحمود" هاتووە، بەڵکو لە "المحمود" قووڵترە.

"الحميد" کەسێکە خاوەنی سیفەت و هۆکاری حەمدە کە داوا دەکەن "محمود" بێت با هیچ کەسێکیش حەمدی نەکات، ئەو (سبحانه) لە خودی خۆیدا حەمیدە و بە پەیوەستبوونی حەمدی حەمدکەرانەوە "محمود"ە، "المجيد و الممجد"یش بەهەمان شێوەیە، هەر بەو جۆرە "الكبير والمكبر" و "العظيم والمعظم"، هەرچی کەماڵە دەگەڕێتەوە سەر "الحمد والمجد"، حەمد داوای سەنا و خۆشەویستی بۆ "محمود" دەکات، هەر کەس خودای خۆشبوێت و مەدح و سەنای نەکات حەمدکەر نییە، هەر

بەو جۆرە گەر سەنای كەسێك بكەیت بەڵام خۆشتنەوێت حەمدكەری ئەو كەسە نیت، بەڵكو پێویستە مەدح و سەنای بكەی لەپاڵ خۆشەویستیدا، ئەم سەنا و خۆشەویستییە بەپێی ئەو هۆكارانەیە سەری بۆ دەكێشن، ئەوەش ئەوەیە "محمود" لەسەریەتی لە سیفەتەكانی كەماڵ، و جەلال و ئیحسان بۆ جگە لە خۆی، هەموو ئەوانە هۆیەكانی خۆشەویستین، هەتا ئەو سیفەتانە زۆرتر و كاملتر بن حەمد و خۆشەویستی تەواوتر و مەزنترە، خودا(ﷻ)خاوەنی كەماڵی رەهایە لە هیچ رووەیەكەوە ناتەواوی تێدا نییە، هەموو چاكەش لە ئەوەوەیە و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو شایستەترینە بە هەموو حەمدێك و بە هەموو خۆشەویستییەك، ئەو (سبحانه) شایستەیە بە زات و سیفات و كردار و ناو و ئیحسانی تا خۆشیان بوێت، هەروەها بە هەموو ئەوەی لە خودا بۆ ئەوان رەوانە دەكرێت.

بەڵام "**مجد**" پێویستكراوی مەزنی و بەرینی و شكۆمەندییە، "**حمد**"یش نیشانەو ئاماژەیە بەسیفەتەكانی رێزلێنان، خودا (ﷻ)"ذو الجلال والإكرام"ە، ئەمەش مانای قسەی بەندەیە كە دەڵێت: "لا إله إلا الله والله أكبر"، "لا إله إلا الله" ئاماژەیە بۆ سەر ئولوهییەت و تاكوتەنهایی خودا، ئولوهییەتی خودا خۆشەویستی تەواو پێویست دەكات، "الله أكبر"یش ئاماژەیە بۆ سەر مەجدو مەزنی خودا، ئەوەش داوای بەمەزنراگرتن و تەمجید و بەگەورەزانین لەخۆ دەگرێت، بۆیە خودا زۆرجار ئەم دوانە بەیەكتر نزیك دەكاتەوە، وەك: ﴿ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ ﴿٧٣﴾ ﴾ هود: ٧٣، هەروەها ئایەتی:﴿ وَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ وَلِىٌّ مِّنَ ٱلذُّلِّ ۖ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًۢا ﴿١١١﴾ ﴾ الإسراء: ١١١، فەرمانی كرد بەحەمد كردن و گەورەڕاگرتنی، هەروەها دەفەرموێت:﴿ تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٧٨﴾ ﴾ الرحمن: ٧٨، هەروەها:﴿ وَيَبْقَىٰ

وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٢٧﴾ ﴾ الرحمن: ٢٧

هەروەها لە مەسنەدی سەحیحی "أبي حاتم"دا لە ئەنەسەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((پابەند بن بە "يا ذا الجلال والإكرام"ەوە)) ئەوەش بریتییە لە "حمد" و "مجد"، هاوشێوەی ئەوە ئایەتی:﴿ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ النمل: ٤٠، هەروەها ئایەتی:﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا ﴿١٤٩﴾ ﴾ النساء: ١٤٩، هەروەها:﴿ وَٱللَّهُ قَدِيرٌ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧﴾ ﴾ الممتحنة: ٧، هەروەها:﴿ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ ﴿١٤﴾ ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ ﴿١٥﴾ ﴾ البروج: ١٤ – ١٥، ئەم جۆرانە لە قورئاندا زۆرن.

لە فەرموودەیەكی سەحیحدا (دوعای تەنگانە) هاتووە: ((لا إلـه إلا الله العظـيم الحليم، لا إله إلا الله رب العرش العظـيم، لا إلـه إلا الله رب السـموات ورب الأرض ورب العرش الكريم))، ناوهێنانی ئەم دوو ناوە "الحميد، المجيد" بەدوای صەلەواتدا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) پڕاوپڕە لەگەڵ ئایەتی:﴿ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ ﴿٧٣﴾ ﴾ هود: ٧٣

لەبەرئەوەی صەلەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بریتییە لە سەنای خودا لەسەر پێغەمبەر و ڕێزلێنانی و بەرزكردنەوەی ئەو و زیادە لە خۆشەویستی و نزیك كردنەوەی وەك باسمان كرد بۆیە "حەمد و مەجد" لەخۆ دەگرێت، وەك ئەوەی صەلەواتدەر داوا لە خودا بكات حەمد و مەجدی خۆی زیاد بكات، چونكە صەلەوات لەسەری جۆرێكە لە حەمد و مەجد بۆی، ئەمە بریتییە لە حەقیقەتی صەلەوات، بۆیە لەم داواكراوەدا دوو ناوی گونجاو بەو شوێنەی بۆ باس كردووە، ئەو دوانەش بریتین لە ناوەكانی "الحميد و المجيد"، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پێویستە دوعاكەر دوعایەكەی بە ناوێك لە ناوە

جوانەكان كۆتايی پێ بهێنێت يان بە يەكێك لە ناوە جوانەكان دوعاكەی دەست پێبكات، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ الأعراف: ١٨٠، سولەيمان (عليه السلام) لە دوعا و داوايدا لە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾﴾ ص: ٣٥، ئيبراهيم خەليل و كوڕەكە ئيسماعيل لە دوعاكەياندا دەفەرموون: ﴿رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٨﴾﴾ البقرة: ١٢٨.

پێغەمبەر (ﷺ) لە يەك دانيشتنيدا سەد جار دەيفەرموو: "رَبِّ اغْفِرْ لِي وَتُبْ عَلَيَّ إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ".

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە عائشەی دەفەرموو كاتێك پرسيارى لێ كرد شتێكى فێر بكات لە شەوى قەدردا بيخوێنێت -گەر رێى كەوتە ئەو شەوە- فەرمووى: بڵێ: "أَللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ العَفْوَ فاعْفُ عَنِّي".

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبوبەكرى صديقى دەفەرموێت كاتێك داواى لێكرد دوعايەكى فێر بكات لە نوێژەكانيدا بيخوێنێت، فەرمووى: بڵێ:"أَللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا، وَلَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ. فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ "، لەم دوعانە زۆرن و لە كتێبى "الروح و النفس"دا باسمان كردووە.

هەروەها ئەوەى خەڵكى وتويانە لەسەر قسەكەى مەسيح (عليه السلام) ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ ۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١١٨﴾﴾ المائدة: ١١٨، نەيفەرموو: "الْغَفُورُ الرَّحِيمُ "، هەروەها قسەكەى خەليل (عليه السلام) ﴿فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ۖ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾﴾

إبراهيم: ٣٦، لەبەرئەوەی داواکراو بۆ پێغەمبەر(ﷺ) حەمد و مەجدە بە صەڵەواتی خودا لەسەری ئەوا ئەو داوایە بە دوو ناوی "الحميد والمجيد" کۆتایی پێهاتووە، هەروەها لەبەر ئەوەی داواکراو بۆ پێغەمبەر(ﷺ) حەمدو مەجدە و ئەوەش بۆی بەدەستهاتووە بۆیە کۆتایی صەڵەواتەکە بە هەواڵدان لەمەڕ جێگیرکردنی دوو سیفەت بۆ پەروەردگار لەپێشترە، چونکە هەر کەماڵێکی بەندەی دوور لە ناتەواوی بۆ پەروەردگار لەپێشترە.

هەروەها کاتێك حەمد و مەجد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) داوادەکرێت بە صەڵەوات لەسەری و ئەوەش سەنا لەسەری پێویست دەکات بۆیە ئەو داواکراوە بە سەنا لەسەر نێرەرەکەی (خودا) کۆتایی پێهات بە دوو سیفەتی حەمد و مەجد، بۆیە ئەم دوعایە داوای حەمد و مەجد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لەخۆدەگرێت و هەواڵی جێگیری کردنی بۆ خودای موتەعال دەدات.

بەشی دەیەم

باسی ڕێسایەك لەم دوعا و یادانەدا

لەوانە ئەو گوزارانەی لە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ریوایەتکراون.

هەندێ لە پاشین ڕێگەیەکی تایبەتیان لەمەڕ ئەم دوعا و زیکرانە گرتۆتە بەر ئەوەش ئەوەیە کە دەڵێن پەسەندە هەموو گوزارە جۆراوجۆرەکانی ناو ریوایەتەکان کۆبکەیەوە و بیانخوێنیت، ئەوەش باشترین شتێکە بوترێت، بۆ نموونە کەسی دوعاکەر دەتوانێت دوعاکەی ئەبوبەکری صدیق (خوا لێی رازی بێت) بخوێنێت و بڵێت: " أَللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا، كبيرا "

{دوعاکەی ئەبوبەکر جارێك بە "کثیرا" ریوایەتکراوە و جارێکیش بە "کبیرا"}، هەروەها کەسی صەڵەواتدەر بڵێت: "أَللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آل مُحَمَّدٍ وَعَلَى أَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، وارحم محمدا وآل محمد وأزواجه وذريته كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم" بەهەمان شێوە ناردنی بەرەکەت و رەحمەت.

هەروەها لە دوعای ئیستیخارەدا بڵێت: "أللهم إن كنت تعلم أن هذا الأمر خير لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري وعاجل أمري وآجله" هاوشێوەکانی ئەمانە.

هەندێکیش پێیانوایە ئەم بۆچوونە لاوازە لە چەندین رووەوە:

یەکەم: ئەم ڕێگەیە داهێنراوە و هیچ یەکێك لە ئیمامە ناسراوەکان نەیانفەرمووە.

دووەم: ئەگەر بەو جۆرە بێت پێویستە کەسەکە هەرچی جۆری دوعایە لە ریوایەتەکاندا داوای پێ بکات و هەرچی جۆری تەحیاتە بخوێنێت و لە رکوع و سوژدەدا هەموو جۆرەکانی دوعا و زیکر بخوێنێت، ئەمەش گومانی تێدانییە کارێکی پووچ و

بێبنەمایە و پێچەوانەی کار و کردەوەی خەڵکییە و هیچ کەسێك لە ئەهلی زانست بە پەسەندی نەزانیوە و بیدعەیەکی داهێنراوە.

سێیەم: خاوەن ئەو بۆچوونە پێویستە لای پەسەند بێت کەسی نوێژکەر هەموو جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان لە نوێژەکەی و دەرەوەی نوێژەکەیدا بخوێنێت تاکو خوێندنەوەکەی بەر ئەو جۆرە خوێندنەوە بکەوێت پێغەمبەر(ﷺ) خوێندوویەتی، ئەوەی ئاشکرایە موسڵمانان کۆدەنگیان هەیە لەسەر ئەوەی ئەو کارە بۆ خوێنەر لە نوێژدا پەسەند نییە گەر خوێندنەوەکەی بۆ عیبادەت و تێڕامان بوو، بەڵکو خوێنەرانی قورئان هەندێ جار ئەو کارە ئەنجام دەدەن تاکو رادەی لەبەرکردنی خوێنەری قورئان تاقیبکەنەوە لەسەر جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان و ئابڵۆقەدان پێی و ئامادەبوون لەگەڵی.

ئەوەی دروستە ئەوەیە خوێنەری قورئان بە هەر خوێندنەوەیەك بیەوێت دەتوانێ قورئان بخوێنێتەوە، گەر بیەوێت جارێك بە جۆرێك خوێندنەوە و جارێکی تر بە جۆرێکی تر لە خوێندنەوە دەتوانێت قورئان بخوێنێتەوە، هەر بەو جۆرە ئەو کەسەی دوعا دەکات دەتوانێت جارێك بڵێت: "أللهم إني ظلمت نفسي ظلما كثيرا" جارێکیش بڵێت: "أللهم إني ظلمت نفسي ظلما كبيرا"، بەهەمان شێوە بە کام گوزارەی ریوایەتکراو بیەوێت دەتوانێت صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بدات، تەحیاتیش بە هەمان شێوە، دەتوانێت جارێك تەحیاتەکەی "ئیبن مسعود" بخوێنێت و جارێکیش تەحیاتەکەی "عمر" و گەر بیەوێت جارێکیش تەحیاتەکەی "عائشە"(خودا لە هەموویان رازی بێت).

کردنەوەی نوێژیش هەر بەو جۆرەیە، جارێك بە دوعاکەی عەلی و جارێکیش بە دوعاکەی "أبي هريرة" یان بەوەی "عمر" دەستپێبکات–خودا لە هەموویان رازی بێت–

یان كاتێك سەر لە ركوع بەرز دەكاتەوە جارێك بڵێ: "أللهم ربنا لك الحمد" یان بڵێ: "ربنا لك الحمد" یاخود بڵێت: "ربنا ولك الحمد"، پەسەند نییە هەر سێكیان لە یەك بەرزبوونەوەی ركوعدا بخوێنێت.

ئیمامان لەوانە ئیمامی شافیعی بەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر دروستی خوێندنی جۆرەكانی دوعا لە تەحیاتدا و ئاماژەیان بەو فەرموودە كردووە خاوەن سەحیحەكان و خاوەن سونەنەكان لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ریوایەتیان كردووە كە فەرموویەتی: ((قورئان لەسەر حەوت شێوەزار(لهجة) دابەزیوە)) و پێغەمبەر(ﷺ) خوێندنەوەی قورئانی بە هەموویان بە دروست زانیوە و هەواڵیداوە كە خوێندنەوەكانیان "شاف كاف–شیفادەر و تێروتەواو"، ئاشكرایە رەوایەتییەكەی لەو شوێنەدایە بە نۆرە بیانخوێنێت نەك هەموویان لە یەك كاتدا كۆبكاتەوە، وەك چۆن هاوەڵان ئەنجامیان دەدا.

چوارەم: پێغەمبەر(ﷺ) هەموو ئەو گوزارانەی لە یەك كاتدا كۆنەكردۆتەوە و نەفەرمووە، یان جارێك ئەمەیانی وتووە و جارێك ئەوەی تریان، یان راوییەكە شك و گومانی لە گوزارەكە بۆ دروست بووە، راوی ئەم فەرموودەیە: "أللهم إن كنت تعلم أن هذا الأمر خير لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري" یان فەرمووی: "وعاجل أمري وآجله" لە جێگەی "و عاقبة أمري"، دروست گوزارەكەی یەكەمە كە بریتییە لە "عاقبة أمري"، چونكە "عاجل الأمر وآجله" بریتییە لە ناوەرۆكی "ديني ومعاشي وعاقبة أمري"، بۆیە كۆكردنەوەی "المعاش" لەگەڵ "عاجل الأمر وآجله" دەبێتە دووبارەبوونەوە، بە پێچەوانەی باس كردنی "المعاش والعاقبة" ئەمە دووبارەبوونەوەی تێدا نییە، چونكە "المعاش" بریتییە لە "عاجل الأمر" و "العاقبة" بریتییە لە "آجله".

هەروەها لە نموونەی ئەوانە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) جێگیر بووە فەرموویەتی: ((هەر کەس دە ئایەت لە سەرەتای سورەتی "الکهف" بخوێنێت لە فیتنەی دەجال دەپارێزرێت)) "مسلم" ریوایەتی کردووە، جیاوازی لەسەر هەیە و هەندێ راوی دەڵێن: (لە سەرەتای سورەتی "الکهف) و هەندێکی تریان دەڵێن: (لە کۆتایی سورەتی "الکهف") هەردوو ریوایەتەکە لە سەحیحدا هاتوون، بەڵام پارسەنگدراو بریتییە لەوەی دەڵێت: "لە سەرەتای سورەتی "الکهف"، چونکە دیسان لە سەحیحی "مسلم"دا هاتووە لە "النواس بن سمعان"ەوە: ((گەر بینیتان (واتە دەجال) سەرەتای سورەتی "الکهف"ی بەسەردا بخوێنن))

پێنجەم: مەبەست لە دوعا و یاددا بریتییە لە مانا، گوزارە لێی بە هەر گوزارەیەکە ماناکە بگەیەنێت، گەر بە یەکێك لە دوو گوزارەکە دەریبڕی مەرامەکە بۆی دێتە جێ، بۆیە گوزارە جۆراوجۆرەکان کۆناکرێنەوە.

شەشەم: هەریەك لە گوزارەکان بەدەلن بۆ ئەوی تر، بۆیە کۆکردنەوەی بەدەل و بەدەلکراو پێکەوە پەسەند نییە.

دەروازەی چوارەم

ئەو شوێنانەی صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لێ دەدرێت یان بە واجب یان بە پەسەندی پێ لەسەرداگیراو

شوێنی یەکەم: -کە گرنگترینیانە- لە نوێژدا و لە کۆتایی تەحیاتدا،

موسڵمانان کۆدەنگیان هەیە لەسەر رەوایەتیەکەی، بەڵام لەسەر واجب بوونەکەی جیاوازیان هەیە.

دەستەیەك دەڵێن: تیایدا واجب نییە و ئەوانەی بە واجبی دەزانن بە شازیان دادەنێن و پێیانوایە سەرپێچیان لە ئیجماع کردووە، لەوانە: "الطحاوي والقاضي عياض والخطابي"، دەڵێن: لە نوێژدا واجب نییە، ئەوەش قسەی دەستەیەك لە فەقیهانە جگە لە ئیمامی شافیعی، وا دەزانم لەوەدا پێشینێکی نییە، هەر بەو جۆرە "ابن المنذر"-کە لەسەر واجب نەبوونە- باسی ئەوە دەکات ئیمامی شافیعی لەوەدا تەنهاکەوتۆتەوە.

شوێنی دووەم: لە تەحیاتی یەکەمدا:

جیاوازی لەسەر هەیە، ئیمامی شافیعی لە کتێبی "الأم"دا: لە تەحیاتی یەکەمدا صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دەدرێت، ئەمە لە مەزهەبەکەیدا بەناوبانگە و

تازەترینیانە (مەبەستی لە شافیعی نوێدایە)، بەڵام پەسەند (مستحب)ە نەك پێویست (واجب)، ئەمە بریتییە لە ریوایەتی "المزنی" لە ئەوەوە و ئەحمەد و ئەبو حەنیفە و مالیك و کەسانی تریش هەمان شت دەڵێت.

بەڵگە بۆ قسەکەی شافیعی بە فەرموودەکەی "ابن عمر" دەهێننەوە (خوایان لێ رازی بێت) کە "الدار قطني" ریوایەتی کردووە: پێغەمبەر(ﷺ) تەحیاتی فێر دەکردین:

"التحيات الطيبات الزاكيات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأن محمدا عبده ورسوله، پاشان صەڵەات لەسەر پێغەمبەر لێ دەدات"

هەروەها ئەو فەرموودەی "الدار قطني" لە "عبد الله بن بريدة"ەوە لە باوکیەوە ریوایەتی کردووە، دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی "بريدة" کاتێك لە نوێژەکەت دادەنیشیت صەڵەوات لەسەر من وازلێمەهێنە)) دەڵێن ئەمە دانیشتنی یەکەم و دووەم دەگرێتەوە.

دەستەیەکی تر دەڵێن تەحیاتی یەکەم شوێنی صەڵەوات نییە، ئەوەش قسەیەکی شافیعی کۆنە، ئەوەش ئەوەیە زۆرێك لە هاوەڵانی بە دروستیان داناوە، چونکە تەحیاتی یەکەم سوککردنی رەوایە، پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك بۆ تەحیاتی یەکەم دادەنیشت وەك ئەوەی لەسەر بەردی گەرم بێت، جێگیر نەبووە لە ئەوەوە (ﷺ) لە تەحیاتی یەکەمدا صەڵەواتی خوێندبێت و کەسی لە ئوممەت پێ فێر نەکردووە، نەزانراوە یەکێك لە هاوەڵانی لای پەسەند بووبێت.

دەشڵێن ئەو فەرموودانەی بەڵگەیان پێ دەهێننەوە لاوازن.

شوێنی سێیەم: كۆتایی قنوت:

شافیعی و دەستەیەكی هاوڕا لەگەڵی لایان پەسەندە، ئەوەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی "النسائي" لە "الحسن بن علي"ەوە ریوایەتی كردووە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەم وشانەی لە نوێژی وێتردا فێر كردم و فەرمووی: بڵێ: "أللهم اهدني فيمن هديت، وبارك لي فيما أعطيت، وتولني فيمن توليت، وقني شر ما قضيت، إنك تقضي ولا يقضى عليك، وإنه لا يذل من واليت تباركت ربنا وتعاليت، وصلى الله على النبي"، ئەمە لە قنووتی نوێژی وێتردایە و بە "قیاس" گوازراوەتەوە بۆ نوێژی بەیانی، وەك چۆن ئەسڵی ئەم دوعایە لە قنووتی نوێژی بەیانیدا گوازراوەتەوە.

"أبو إسحاق" ریوایەتی كردووە لە: "أبي الجوزاء" دەڵێت" "الحسن بن علي" فەرمووی: پێغەمبەری خودا چەند كەلیمەیەكی فێركردم لە نوێژی وێتردا بیخوێنم، كەلیماتەكانی باس كرد بەڵام صەڵەواتی تێدا نەبوو.

صەڵەوات لە قنووتی رەمەزاندا پەسەند(مستحب)ە.

شوێنی چوارەم: نوێژی جەنازە دوای "ألله أكبر"ی دووەم:

جیاوازی لە رەوایەتییەكەی نییە، جیاوازیان هەیە لە راوەستانی دروستیی نوێژ لەسەری، شافیعی و ئەحمەد –لە بەناوبانگترین بۆچوونیاندا لە مەزهەبەكەیان– بە واجبی دەزانن و پێیانوایە دروستیی نوێژ لەسەر صەڵەوات وەستاوە، "البيهقي" لە "عبادة بن الصامت" و دەستەیەك لە هاوەڵانەوە ریوایەتی كردووە، هەر بەو جۆرە "مالك و أبو حنيفة" دەڵێن پەسەند(مستحب)ە نەك واجب، ئەمەش رووییەكی تری هاوەڵانی شافیعییە.

بەڵگە لەسەر رەوایەتییەکەی لە نوێژی جەنازەدا ئەوەیە شافیعی لە مەسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە، لە "أبو أمامة ابن سهل"ەوە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێداوە: ((سوننەت لە نوێژی جەنازەدا ئەوەیە ئیمام "الله أكبر" بکات، پاشان سورەتی "الفاتحة" بخوێنێت دوای "ألله أكبر"ی یەکەم بە نهێنی و لە نەفسی خۆیدا، پاشان صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێبدات، لە "الله أكبر"ەکاندا -بەتایبەت- دوعا بۆ مردووەکە بکات، لە شتێك لەوانەدا ناخوێنێت، پاشان بە نهێنی و لە نەفسی خۆیدا سەلام دەداتەوە))

دوای ئەم خستنەڕووە پەسەند صەڵەوات لێدانە لە نوێژی جەنازەدا وەك چۆن لە تەحیاتی یەکەمدا پەسەندە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی فێری هاوەڵان کردووە کاتێك پرسیاریان لێ کرد دەربارەی شێوازی صەڵەواتدان لەسەری، هەروەها لە "عبد الله بن أحمد"ەوە لە باوکییەوە: صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر و "الملائكة المقربين" دەدرێت.

شوێنی پێنجەم: صەڵەواتدان لەسەری بەگشتی:

بۆ مەرجگرتنی لە خوتبەدا جیاوازی هەیە لەسەری، شافیعی و ئەحمەد-لە بەناوبانگترین قسەیاندا-: خوتبە بەبێ صەڵەوات دروست نییە، "أبو حنيفة و مالك" دەڵێن: خوتبە بەبێ صەڵەواتیش دروست دەبێت، ئەمە روویەکی تری مەزهەبی ئیمام ئەحمەدە.

لەسەر واجبوونی لە خوتبەدا بەڵگە هێنراوەتەوە بە ئایەتی: ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ۝١ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ۝٢ ٱلَّذِىٓ أَنقَضَ ظَهْرَكَ ۝٣ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ۝٤﴾ الشرح: ١-٤، ئیبن عەباس-

خودا لە خۆی و باوكی رازی بێت- دەفەرموێت: خودا یادی پێغەمبەری (ﷺ) بەرزراگرتووە و هەركاتێك ناوی خودا بهێنرێت ناوی ئەویش دەهێنرێت، لەم بەڵگەدا تێڕامانێك هەیە، چونكە یادكردنی لەگەڵ یادكردنی پەروەردگاری شایەتیدانە بە ریسالەت بۆ ئەو و تاك و تەنهایی ئەو كەسەی رەوانەی كردووە، ئەمەش بێ هیچ گومانێك لە خوتبەدا واجبە، بەڵكو یەكێكە لە پایە مەزنەكانی خوتبە، "أبو داود و أحمد" و كەسانی تریش لە "أبی هریرە"ەوە ریوایەتیان كردووە، لە پێغەمبەری خوداوە، فەرموویەتی: هەر خوتبەیەك شەهادەتی تێدا نەبێت وەك دەستێكی بڕاو وایە)) بۆیە ئەو كەسەی صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) پێویست كردبێت بەبێ شەهادەت ئەوا قسەكەی لە ئەوپەڕی لاوازیدایە.

كۆی ریوایەتەكان بەڵگەن لەسەر ئەوەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە خوتبەدا كارێكی بەناوبانگی و زانراو بووە لەلای هاوەڵان و شوێنكەوتووان.

شوێنی شەشەم: لەدوای وەڵامدانەوەی بانگ و پێش قامەت:

"مسلم" لە "عبدالله بن عمرو"ەوە (خوایان لێ رازی بێت) ریوایەتی كردووە، گوێی لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: ((گەر گوێتان لە بانگوێژ بوو ئەوەی ئەو دەیڵێت بیڵێنەوە، پاشان صەڵەواتم لەسەر بدەن، چونكە هەركەس یەك صەڵەواتم لەسەر بدات خودا بەوە دە صەڵەواتی لەسەر دەدات، پاشان داوای وەسیلەم لە خودا بۆ بكەن، ئەوە مەنزیلەیەكە لە بەهەشتدا تەنها بۆ یەك بەندە لە بەندەكانی خودا دانراوە، رجام وایە من ئەو بەندەیە بم، هەركەس داوای وەسیلەم بۆ بكات شفاعەتی منی بۆ دابین دەبێت))

لە وەڵامدانەوەی بانگوێژدا پێنج سوننەت هاتووە، **سیانیان لە فەرموودەكەی "عبدالله بن عمرو"دایە.**

و چوارەمیش بریتییە لە: ئەو فەرموودەی "مسلم" لە "سعد بن أبی وقاص"ەوە ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەری خوداوە فەرمووی: ((هەرکەس گوێی لە بانگوێژ بوو بڵێت: "أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأن محمدا عبده ورسوله، رضيت بالله ربا، و بمحمد رسولا، و بالإسلام دينا" خودا لە گوناهەکانی دەبووریت))

پێنجەم: لەدوای وەڵامدانەی بانگوێژ و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) و داوای وەسیلە بۆی دوعا بۆ خۆی بکات، لە سونەن "أبي داود و النسائي"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بانگوێژان لە خێردا لە ئێمە زیاتریان بەردەکەوێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆش ئەوەی ئەوان دەیڵێن بیڵێ، کاتێك تەواو بوویت دوعا بکە پێت دەبەخشرێت)).

شوێنی حەوتەم: لە کاتی دوعادا:

سێ ئاستی هەیە:

یەکەم: صەڵەوات لەسەری بدەی پێش داوایەکەت و دوای حەمدکردنی خودا.

دووەم: صەڵەوات لەسەری بدەی لە سەرەتای دوعا و ناوەڕاستی دوعا و کۆتایی دوعاوە.

سێیەم: صەڵەوات لەسەری بدەیت لە سەرەتا و کۆتاییدا و دوعاکەت بخەیە ناوەندییانەوە.

بەڵگەی ئاستی یەکەم ئەو فەرموودەیە لە "فضالة بن عبيد"ەوە ریوایەتکراوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((گەر یەکێك لە ئێوە دوعای کرد با بە حەمدکردنی خودا و مەدح و سەنای خودا دەست پێ بکات، پاشان صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بدات پاشان هەرچییەکی دەوێت داوای بکات))

ئاستی دووەم: لە "جابر بن عبدالله"ەوە (خوا لە خۆی و باوكی رازی بێت) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((...بمخەنە ناو ناوەندی دوعا و سەرەتای دوعا و كۆتایی دوعاوە))

ئاستی سێیەم: "أحمد بن أبي الحواري" دەڵێت: گوێم لە "أبا سليمان الداراني" بوو دەیفەرموو: ((هەر كەس داوای پێویستییەك لە خودا دەكات با بە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەست پێ بكات و دواتر داواكەی خۆی بكات و لە كۆتاییدا صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێبدات، چونكە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) قبووڵكراوە و خودا بەخشندەترە لەوەی دوعاكەی نێوانیان بگێڕێتەوە))

شوێنی هەشتەم: چوونە ناو مزگەوت و هاتنە دەرەوە:

"ابن خزيمة" لە سەحیحەكەیدا لە "أبي هريرة"ەوە (خوا لێی رازی بێت) پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەكێك لە ئێوە چووە ناو مزگەوتەوە با سەلام لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بكات و بڵێت: "أللهم افتح لي أبواب رحمتك"، هەروەها كاتێك چووە دەرەوە لە مزگەوت با سەلام لە پێغەمبەر (ﷺ) بكات و بڵێت: "أللهم اجرني من الشيطان الرجيم"))

هەروەها لە "المسند" و "الترمذي" و "سنن ابن ماجة"دا لە "فاطمة الكبرى"ەوە فەرمووی: كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەچووە مزگەوتەوە دەیفەرموو: "أللهم صل على محمد وسلم، أللهم اغفر لي ذنوبي وافتح لي أبواب رحمتك" كاتێك دەهاتە دەرەوە هەمان شتی دەفەرموو، جگە لەوەی دەیفەرموو: "أبواب فضلك"

شوێنی نۆیەم: لەسەر صەفا و مەروە:

"ابن إسحاق" لە "ابن عمر"ەوە(خوایان لێ رازی بێت) پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر صەفا

سێ جار "الله أكبر"ی دەکرد و دەیفەرموو: "لا إله إلا الله وحده لا شلايك لـه، لـه الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير"، پاشان صـەڵەواتی لەسـەر پێغەمبـەر (ﷺ) دەدا و پاشان دوعای دەکرد و وەستان و دوعای درێژەپێدەدا، پاشان لەسـەر مـەروە هەمان شتی دووبارە کردەوە))

شوێنی دەیەم: لە کۆبوونەوەی دەستەیەك بەر لە بلاوەکردنیان:

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەر دەستەیەك لە شوێنێکدا دابنیشن پاشان بلاوەی لێ بکەن و یادی خودا نەکەن و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) نەدەن ئـەوا لـە خـوداوە گوناهیـان لەسـەر دەنوسـرێت گـەر بیـەوێت سـزایان دەدات و گـەر بیـەوێت لێیـان دەبووریت))

هەروەها لە عائشەوە (خوا لێی رازی بێت) ((مەجلیسەکانتان بـە صـەڵەوات لەسـەر پێغەمبەر (ﷺ) بڕازێننەوە))

شوێنی یازدەهەم: لە کاتی ناوهێنانی پێغەمبەردا (ﷺ).

جیاوازی هەیە لە واجبوونیدا هەر کات نـاوی پێغەمبـەر (ﷺ) بهێنرێت، "أبـو جعفـر الطحاوي و أبو عبدالله الحليمـي" دەڵـێن: صـەڵەواتدان لەسـەر پێغەمبـەر(ﷺ) واجب دەبێت هەر کات ناوی بهێنرێت.

کەسـانی تـر دەڵـێن صـەڵەواتدان لەسـەری پەسـەندە (مسـتحب) و فـەرز نییـە و وازلێهێنەر گوناهبار نابێت، پاشان جیاوازی کەوتۆتە نێوانیانەوە، دەستەیەك دەڵـێن: صەڵەوات لە هەموو تەمەندا یەك جار واجب دەبێت، چونکە فـەرمانێکی رەهـا داوای دووبارە بوونەوە ناکات، بەڵکو حەقیقەتەکەی بە یەك جـار بەدیـدێت، ئەمـە لـە "أبـي

حنيفة و مالك و الثوري و الأوزاعي"موە باسكراوە، "عياض و ابن عبد البر" دەڵێن: ئەوە قسەی جمهوری ئوممەتە.

دەستەیەك دەڵێن: لە هەموو نوێژێكدا و لە تەحیاتی كۆتاییدا واجب دەبێت، وەك پێشتر باسمان كرد، ئەوەش قسەی شافیعی و ئەحمەدە لە دواین ریوایەت لێیەوە.

دەستەیەك دەڵێن: فەرمان بە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بۆ پەسەندبوونە نەك بۆ واجبوون.

شوێنی دوازدەهەم: لە كۆتاماتن بە تەلبییە:

"الدار قطني" لە "عمارة بن خزيمة بن الثابت" لە باوكییەوە پێغەمبەر(ﷺ) كاتێك لە تەلبییە لێدەبوویەوە داوای لێخۆشبوون و ریزوانی لە خودا دەكرد و پەنای بە رەحمەتی دەگرت لە ئاگر، "صالح" دەڵێت: گوێم لە "القاسم بن محمد" بوو دەیوت: پەسەندە بۆ كەسێك كاتێك لە تەلبییە دەبێتەوە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بدات. دەڵێم لە ئەمەش لە ئادابەكانی دوعایە{واتە بەهۆی دوعاوە صەڵەواتەكە لێدراوە}.

شوێنی سیازدەهەم: كاتی سەلام كردن لە بەردە رەشەكە:

ئیبن عمر (خوایان لێ رازی بێت) كاتێك دەگەیشتە بەردە رەشەكە دەیوت: "أللهم إيمانا بك وتصديقا بكتابك وسنة نبيك(ﷺ) ئەوجا سەلامی لێدەكرد"

شوێنی چواردەهەم: لە كاتی وەستان لەسەر گۆڕەكەی:

"عبدالله بن دينار" دەڵێت: "عبدالله بن عمر"م بینی لەسەر گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ) صەڵەواتی لەسەر دەدا و دوعای بۆ ئەبوبەكر و عومەر دەكرد (خوایان لێ رازی بێت).

شوێنی ئازدەهەم: **كاتێك دەچێت بۆ بازاڕ یان بۆ دەعوەتێك:**

"ابن أبی حاتم" لە "أبی وائل"ەوە دەڵێت: ("عبدالله" لەسەر هەر جەنازە و دەعوەتێك و بۆنەی تر دابنیشتبایە صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دەدا و كۆمەڵێك دوعای دەكرد، گەر بڕۆیشتبایەتە دەرەوە بۆ بازاڕ و رووی لە سەرقاڵترین شوێنی بازاڕ بكردبایە دادەنیشت و حەمدی خودای دەكرد و صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لێدەدا و كۆمەڵێك دوعای دەكرد))

شوێنی شازدەیەم: كاتێك كەسێك لە خەوی شەو هەڵدەستێت:

"النسائي" لە "سننه الكبير"دا لە "عبدالله بن مسعود"ەوە فەرمووی: (خودا بۆ دوو پیاو پێدەكەنێت: پیاوێك لەسەر باشترین ئەسپی هاوەڵانییەتی بە دوژمن دەگات، دوژمنانی دەشكێن و ئەو دامەزراو دەبێت، گەر بكوژرێت شەهید دەبێت، گەر بمێنێتەوە ئەوە ئەو هەڵوێستەیە خودا پێی پێدەكەنێت، پیاوێكیش شەو هەڵدەستێت و كەس پێی نازانێت، دەسنوێژ بە جوانترین شێوە دەگرێت پاشان حەمدی خودا دەكات و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لێدەدات و قورئان دەكاتەوە، ئەوەش خودا پێی پێدەكەنێت و دەفەرموێت: تەماشای بەندەكەم بكەن هەستاوە و جگە لە من هیچ كەس نایبینێت)

شوێنی حەڤدەهەم: لە دوای خەتمی قورئان:

ئەوەش لەبەر ئەوەی شوێنەكە شوێنی دوعایە، ئیمام ئەحمەد دوعا لەدوای خەتمی قورئان بە دەق هێناویەتی، لە ریوایەتەكەی "أبي الحارث"دا: ((ئەنەس كاتێك خەتمی قورئانی دەكرد خانەوادە و منداڵەكانی كۆدەكردەوە))

هەروەها لە ریوایەتەكەی "حرب"دا دەڵێت: ((بە پەسەندی دەبینم گەر كەسێك خەتمی

قورئانی كرد خانەوادەكەی كۆبكاتەوە و دوعا بكات)) دەڵێم: دیارە دوعاش بەبێ صەڵەوات لێدان نابێت.

شوێنی هەژدەهەم: رۆژی هەینی:

لە "أبي أمامة"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((رۆژی هەموو جومعەیەك صەڵەواتی زۆرم لەسەر بدەن، چونكە صەڵەواتی ئومەتەكەم هەموو جومعەیەك بۆم دەخرێتە روو، هەركەس صەڵەواتی زۆرتری لەسەر من دابێت پلە و پایەی لە منەوە نزیكترە)) رواه البيهقي

شوێنی نۆزدەهەم: كاتی هەستان لە مەجلیسێك:

"عبدالرحمن بن أبي حاتم" لە "عثمان بن عمر"ەوە وتی: گوێم لە "سفيان بن سعيد" بوو كاتێك هەڵدەستا لە مەجلیسێك–نازانم چەند جار– دەیوت: "صلى الله وملائكته على محمد وعلى أنبياء الله وملائكته"

شوێنی بیستەهەم: كاتی گوزەركردن بەلای مزگەوت و بینینی مزگەوتدا:

"علي بن أبي طالب"(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: گەر بە پاڵ مزگەوتدا گوزەرتان كرد صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر لێبدەن) رواه ابن إسحاق

شوێنی بیست و یەك: كاتی خەم و پەژارە و تەنگانە و داوای لێخۆشبوون:

لە "الطفيل بن أبي بن كعب"ەوە لە باوكییەوە، پێغەمبەر(ﷺ) كاتێك دوو بەشی شەو دەڕۆیشت هەڵدەستا و دەیفەرموو: خەڵكینە، یادی خودا بكەن، "الرجفة" هاتووە و "الرادفة" بەدوایدا، مردن و ئەوەی تێیدایە هاتووە، "أبي" دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا، من صەڵەواتی زۆر لەسەر تۆ دەدەم، لە دوعاكانم چەندە بۆ

تۆ دابنێم؟ فەرمووی: چەند دەتوانی، دەڵێ: وتم چارەکێك باشە؟ فەرمووی: چەند دەتوانی، گەر زیادی بکەیت بۆت باشترە، وتم: نیوەی دوعاکانم؟ فەرمووی: چەند دەتوانی گەر زیادی بکەیت بۆت باشترە؟ دەڵێ: وتم دوو سێیەکی دوعاکانم؟ فەرمووی: چەند دەتوانی، گەر زیادی بکەیت بۆ تۆ باشترە، دەڵێ: وتم: هەموو دوعاکانم بۆ صەڵەوات لەسەر تۆ تەرخان دەکەم؟ فەرمووی: کەوابوو بەشی خەم و پەژارەت دەکات و خودا لە گوناهەکانت خۆشدەبێت)) رواه الترمذي

شوێنی بیست و دوو: لە کاتی نووسینی ناوەکەی:

لە "أبي هريرة" ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەس لە نووسراوێکدا صەڵەوات لەسەرم بدات، بەردەوام فریشتەکان داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن هەتا ناوم لەو نووسراوەدا بمێنێت)) "وصَلِّ اللهُ عَلَى مُحَمَّدٍ عَدَدَ مَا ذَكَرَه الذّاكِرُونَ ، وَ عَدَدَ مَا غَفَلَ عَنْ ذِكْرِهِ الْغَافِلُونَ، وَعَلَى آلِهِ وأصحابه وسلم تسليما كثيرا ".

شوێنی بیست و سێ: لە کاتی وتنەوەی وانە و گەیاندنی زانست و راگەیاندنی پەیامی خودا و بانگکردنی مەردوومان و خودا بەبیرهێنانەوەیان:

"إسماعيل ابن إسحاق" لە کتێبەکەیدا دەڵێت: عومەری کوڕی عبدالعزیز (رەحمەتی خودای لێ بێت) نووسی: ((أما بعد، خەڵکانێك هەن داوای دونیا دەکەن بە کاری دواڕۆژ، تۆڵە (سزا)ی ئەوەی دایانهێناوە لە صەڵەوات لەسەر خەلیفەکانیان و ئەمیرەکانیان بریتییە لە هاوتای ئەوە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك ئەم نووسراوەی منت پێگەیشت فەرمانیان پێ بکە صەڵەواتیان لەسەر پێغەمبەران بێت و دوعایان بۆ موسڵمانان بەگشتی و جگە لەوە هەرچی شتی ترە واز لێ بهێنن))

صەڵەوات لەم شوێنەدا لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) چونکە شوێنی گەیاندنی زانستە کە هێناویەتی و بەناو ئومەتەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها لەبەرئەوەی بانگکردنی مەرووومانە بۆ سەر سونەت و ڕێگەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەش لە مەزنترین و بەسوودترین کار و کردەوەکانی مرۆڤە لە دونیا و دواڕۆژدا، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾﴾ فصلت: ٣٣، هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ یوسف: ١٠٨

شوێنی بیست و چوار: سەرەتای ڕۆژ و کۆتایی ڕۆژ:

"الطبراني" لە "أبي الدرداء"ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: هەر کەس ڕۆژی لێ دەبێتەوە دە صەڵەواتم لەسەر بدات و کاتێك ئێوارەی لێ دێت دە صەڵەواتم لەسەر بدات لە ڕۆژی دواییدا شفاعەتی منی پێ دەگات))

شوێنی بیست و پێنج: لە دوای ئەنجامدانی گوناهێك گەڕویستی گوناهەکەی بشۆڕێتەوە:

"ابن أبی عاصم" لە کتێبی "الصلاة على النبي (ﷺ) "دا لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((صەڵەواتم لەسەر بدەن، صەڵەوات لەسەر من کەفارەتی گوناهەکانی ئێوەیە، هەرکەس یەك جار صەڵەواتم لەسەر بدات خودا دە صەڵەواتی لەسەر دەدات))

شوێنی بیست و شەش: لە کاتی کرانەوەی دەرگای هەژاری یان ترس لە ڕوودانی هەژاری:

"أبو نعيم" دەڵێت: لە "جابر بن سمرة"ەوە لە باوکیەوە دەڵێت: لای پێغەمبەری خودا بووین (ﷺ) پیاوێك هات بۆ لای و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، نزیکترین کار بۆ لای خودا (عز وجل) کامەیە؟ فەرمووی: ((ڕاستگۆیی و گێڕانەوەی ئەمانەت))، وتم:

ئەی پێغەمبەری خودا بۆمان زیاد بکە، فەرمووی: نوێژ لە شەودا و رۆژووی رۆژی گەرم، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا بۆمان زیاد بکە، فەرمووی: زۆری یادی خودا و صەڵەوات لەسەر من هەژاری ناهێڵێت، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا بۆمان زیاد بکە، فەرمووی: هەرکەس ئیمامەتی بۆ دەستەیەك کرد با کورت و ئاسان بێت لەسەریان، چونکە پیر و نەخۆش و لاواز و خاوەن پێویستیان تێدایە))

شوێنی بیست و حەوت: لە کاتی مارەکردنی ئافرەتدا:

ئیبن عباس (خوایان لێ رازی بێت) لەسەر ئایەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ﴾الأحزاب: ٥٦، دەفەرموێت: واتە خودای موتەعال مەدح و سەنای پێغەمبەرەکەی ئێوە دەکات و لێیخۆش دەبێت و فەرمانی بە فریشتەکانی کردووە داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن، بۆیە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ ﴾ الأحزاب: ٥٦، سەنای پێغەمبەر (ﷺ) بکەن لە نوێژەکانتاندا و لە مزگەوتەکانتان و لە هەموو شوێنێك و لە مارەبڕینی ژناندا لەبیرتان نەچێت.

شوێنی بیست و هەشت: لە کاتی پژمیندا:

"الطبراني" لە "نافع"ەوە دەڵێت: "ابن عمر"م بینی(خوا لێی رازی بێت) پیاوێك لە تەنیشتییەوە پژمی و وتی: "الحمد لله والسلام على رسول الله"، "ابن عمر" فەرمووی: منیش دەڵێم: السلام على رسول الله، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بەم جۆرە فەرمانی پێ نەکردین، کاتی پژمین فەرمانی پێکردین بڵێین: "الحمد لله على كل حال"

"البيهقي" دەڵێت: لە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی پژمیندا فەرموودەمان ریوایەت کردووە.

شوێنی بیست و نۆ: دوای تەوابوون لە دەستنوێژ:

لە "عبدالله"ەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەكێك لە ئێوە لە خۆپاككردنەوەی لێبوویەوە بابڵێت: "أشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدا عبده ورسوله" پاشان صەڵەوات لەسەرم بدات، گەر ئەوەی وت دەرگاكانی رەحمەتی بۆ دەكرێتەوە))

شوێنی سیهەم: لە كاتی چوونە ژوورەوە بۆ ماڵەوە:

لە "سهل بن سعد"ەوە فەرمووی: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) سكاڵای هەژاری و تەنگەلانی ژیان یان گوزەرانی لای كرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((كاتێك رۆیشتییە ژوورەوە سەلام بكە كەسی تێدا بێت یان تێدا نەبێت، پاشان سەلام لە من بكە و "قل هو الله أحد" یەك جار بخوێنە" پیاوەكە ئەوەی كرد خودا دەرگای رۆزی لێ كردەوە تەنانەت دەیرێژا بەسەر جیران و خزم و كەسوكاریدا))

شوێنی بیست و یەك: لە هەر شوێنێك بۆ یادی خودا تیایدا كۆدەبنەوە:

فەرموودەكەی "أبي هريرة"(خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی: ((كۆمەڵێك فریشتەی گەڕۆك بۆ خودا هەن، كاتێك بە پاڵ ئەڵقەی زیكردا گوزەر دەكەن، هەندێكیان بە هەندێكیان دەڵێن: دانیشن، كاتێك ئەم دەستەیە دوعا دەكەن ئامین بۆ دوعاكەیان بكەن، كاتێك صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێدەدەن صەڵەواتیان لەگەڵ بدەن، تا تەواو دەبن، پاشان هەندێكیان بە هەندێكیان دەڵێن: پیرۆزبایی لەمانە دەگەڕێنەوە و خودا لێیان خۆشبووە))

شوێنی سی و دوو: گەر شتێكی لەبیرچوو یان ویستی بیری بكەوێتەوە:

لە "ئەنەسی كوڕی مالیك"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((گەر شتێكتان لەبیرچوو صەڵەواتم لەسەر بدەن گەر خودا بیەوێت بیرتان دەكەوێتەوە))

شوێنی سی و سێ: لە کاتی پێویستییەکدا رووی لێبکات:

لە "جابر بن عبدالله"ەوە(خوا لێی رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((هەرکەس سەد صەڵەواتم لەسەر بدات کاتێك نوێژی بەیانی دەکات بەرلەوەی قسە بکات، خودا سەد پێویستی بۆ جێبەجێ دەکات و سی دانەی بۆ پێش دەخات و حەفتای بۆ دوادەخات، لە مەغریبیشدا بەهەمان شێوە، وتیان صەڵەوات لەسەرت چۆنە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: "إن الله وملائكته يصلون على النبي يا أيها الذين آمنوا صلوا عليه وسلموا تسليما، أللهم صل عليه" تا سەد دەژمێریت))

شوێنی سی و چوار: لە کاتی زرنگانەوەی گوێدا:

"ابن أبي عاصم" لە کتێبەکەیدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە گوێی زرنگایەوە با صەڵەوات لەسەرم بدات و بڵێت: خودا بەخێر یادی ئەوە بکات یادی کردووم))

شوێنی سی و پێنج: کەمێك دوای نوێژەکان:

"الحافظ أبو موسى" لە "أبوبكر محمد بن عمر"ەوە دەڵێت: لەلای "أبوبكر بن مجاهد" دانیشتبووم، "الشبلي" سەردانی کرد، "أبوبكر بن مجاهد" هەستایە سەرپێ و "الشبلي" لە باوەشگرت و ناوچاوانی ماچ کرد، وتم: گەورەم ئەمە بەرانبەر "الشبلي" ئەنجام دەدەی لە کاتێکدا تۆ و هەموو ئەوانەی لە بەغدادن پێتانوایە شێتە؟ پێی وتم: ئەوەم کرد کە لە خەوندا پێغەمبەری خودام بینی لەگەڵ "الشبلي" کردی، ئەوەش من پێغەمبەری خودام بینی (ﷺ) "الشبلي" هات و هەستایە سەرپێی و ناوچاوانی ماچ کرد، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا ئەوە لەگەڵ "الشبلي"دا دەکەی؟ فەرمووی: ئەمە لەدوای نوێژەکانی: ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ

حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ التوبة: ١٢٨، دەخوێنێت و بەدوایدا صەڵەوات لەسەر من لێدەدات))

شوێنی سی و شەش: لە كاتی سەربڕینی گیاندارانداا:

لەم بابەتەدا جیاوازی هەیە، ئیمامی شافیعی (رەحمەتی خودای لێ بێت) بە پەسەندی دەبینێت و دەفەرموێت: ناوهێنانی خودا لەسەر سەربڕاو بریتییە لە "بسم الله"، گەر لەدوای ئەوە شتێك لە یادی خودا زیاد بكات زیادەكەی خێرە و لەگەڵ ناوهێنانی خودا لەسەر سەربڕاو بە ناپەسەندی نابینم بڵێت: "صلى الله على رسول الله" بەڵكو لام پەسەندە و پێمخۆشە لە هەموو بارەكاندا صەڵەوات لەسەر پێغەمبەری خودا (ﷺ) لێبدرێت، چونكە یادی خودا بە صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ئیمانە بە خودا و عیبادەتە بۆیی و هەركەس بیڵێت پاداشتی لەسەر وەردەگرێت-إن شاء الله-

شوێنی سی و حەوت: لە نوێژدا جگە لە شوێنی تەحیات:

بەڵكو لە باری خوێندنی قورئاندا گەر بەپاڵ ناوەكەیدا گوزەری كرد، وەك ئایەتی (إن الله وملائكته يصلون على النبي)، هەندێ لە هاوەڵانمان ئەمەیان باس كردووە، هەروەها كەسانی تریش، دەڵێن: هەركات بەپاڵ ناوەكەیدا گوزەری كرد دەوەستێ و صەڵەوات لێ دەدات.

"إسماعيل بن إسحاق" لە "الحسن"ەوە دەڵێت: گەر بەپاڵ صەڵەوات لەسەر پێغەمبەردا گوزەری كرد(مەبەستی خوێندنەوەی ئایەتەكەیە) با بوەستێ و صەڵەوات لێ بدات، ئەوەش لە نوێژە سوننەتەكاندا، "ئیمام ئەحمەد"یش دەفەرموێت: گەر نوێژكەر بەپاڵ ئەو ئایەتەدا كە ناوی پێغەمبەری تێدایە گوزەری كرد گەر نوێژەكەی سوننەت بوو صەڵەواتی لەسەر دەدات.

شوێنی سی و هەشت: لە جێگەی صەدەقەکردن:

بۆ ئەو کەسانەی ماڵ و سامانیان نییە و هەژارن صەدەقەی لێ بکەن صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) جێگەی ئەوەیان بۆ دەگرێتەوە.

لە "أبي سعيد" ەوە(خوا لێی رازی بێت) پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((هەر پیاوێك توانای صەدەقەی نەبوو با لە دوعاکەیدا بڵێت: "أللهم صل على محمد عبدك ورسولك، وصل على المؤمنين والمؤمنات والمسلمين والمسلمات" ئەوە بۆی دەبێتە زەکات (یان بۆی دەبێتە پاکبوونەوە)).

شوێنی سی و نۆ: کاتی نووستن:

"أبو قرصافة" دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: هەر کەس رۆیشتە ناو جێگەی خەو و پاشان "تبارك بيده الملك"ی خوێند و پاشان وتی: "أللهم رب الحل والحرم ورب البلد الحرام، ورب الركن والمقام ورب المشعر الحرام بحق كل آية أنزلتها في شهر رمضان بلغ روح محمد مني تحية وسلاما"–چوار جار– خودا دوو فریشتەی بۆ تەرخان دەکات تا دێنە لای محمد (ﷺ) و دەڵێن: ئەی محمد (ﷺ) فلانی کوڕی فلان سەلام و رەحمەتت بۆ دەنێرێت، ئەویش دەفەرموێ: سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خودا لە منەوە لەسەر ئەو بێت)) رواه أبو الشيخ

شوێنی چلهەم: لە کاتی وتنی هەر قسەیەکی بەپێز و گرنگدا:

هەر قسەیەکی بەپێز و گرنگ بە حەمد و سەنای خودا و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەست پێدەکات و پاشان قسەکەی خۆی باس دەکات.

لە "أبي هريرة" ەوە (خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەری خودلوە (ﷺ) ((هەر قسەیەك

(مەبەست قسەی گرنگ و بەپێزە) بە حەمدی خودا و صەڵەوات لەسەر من دەست پێ نەکات دوابڕاو و بێ ئەرزش و بێ بەرەکەتە))

شوێنی چل و یەك: لە کاتی نوێژی جەژنەکاندا:

پەسەندە حەمد و سەنای خودا بکرێت و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لێ بدرێت.

لە "علقمة"ەوە: "الوليد بن عقبة" پێش جەژن بە رۆژێك هاتە پێشوازی "ابن مسعود و أبا موسى و حذيفة" و پێی وتن: جەژن نزیك بووەتەوە تەکبیر تیایدا چۆنە؟ "عبدالله" فەرمووی: بە "الله أكبر" دەست پێ دەکەیت و نوێژەکەی پێ دەکەیەوە و حەمدی پەروەردگار دەکەی و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لێدەدەی... تا کۆتایی فەرموودەکەی "ابن مسعود"ەوە)).

دەروازەی پێنجەم

سوود و بەری بەدەستهاتوو بە صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)

یەکەم: جێبەجێ کردنی فەرمانی خودا (ﷻ).

دووەم: تەبایی لەگەڵ خودای موتەعالدا لە صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) با مانای دوو صەڵەواتەکەش لەیەکتر جیاواز بن، صەڵەواتی ئێمە لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دوعا و داوایە، و صەڵەواتی خودا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بریتییە لە سەنا و شەرەفمەندکردنی وەك باسمان کرد.

سێیەم: تەبایی لەگەڵ فریشتەکان بە صەڵەواتدان لەسەری(ﷺ).

چوارەم: بەدەستهێنانی دە صەڵەوات لە خوداوە بە یەك صەڵەوات لە بەندەوە.

پێنجەم: بە صەڵەواتێك دە پلە بەرز دەبێتەوە.

شەشەم: بە صەڵەواتێك دە چاکەی بۆ دەنوسرێت.

حەوتەم: بە صەڵەواتێك دە خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە.

هەشتەم: رجای قبوولْ کردنی دوعاکەی هەیە گەر صەڵەوات پێشی بکەوێت، چونکە صەڵەوات دوعا بۆ لای پەروەردگار بەرز دەکاتەوە.

نۆیەم: مۆیەکە بۆ شفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەو کەسە گەر لەپاڵ صەڵەواتدا داوای وەسیلە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) بکات.

دەیەم: مۆی لێخۆشبوونی گوناهانە وەك باسمان کرد.

یازدەهەم: مۆیەکە بۆ دەستەبەربوونی ئەوەی خەمی بەندەیە لەلای خوداوە.

دوازدەهەم: مۆیەکە بۆ نزیکبوونەوەی بەندە لە پێغەمبەر(ﷺ) لە رۆژی دواییدا.

سیازدەهەم: صەڵەوات جێگەی صەدەقەکردن بۆ کەسی هەژار دەگرێتەوە.

چواردەهەم: پێویستییەکانی بەندە دەستەبەر دەکات.

پازدەهەم: مۆیەکە بۆ صەڵەواتی خودا و فریشتەکانی لەسەر کەسی صەڵەواتدەر لە پێغەمبەر(ﷺ).

شازدەهەم: مۆیەکە بۆ پاکژبوونەوە و پاکبوونەوە کەسەکە.

حەڤدەهەم: مۆیەکە بۆ مژدەدان بە بەندە بە بەهەشت بەر لە مردنی.

هەژدەهەم: مۆی رزگاربوونە لە ناخۆشی و ئازارەکانی رۆژی دوایی.

نۆزدەهەم: مۆیەکە بۆ وەڵامدانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بە صەڵەوات و سەلام لەسەر ئەو کەسەی صەڵەوات و سەلام بۆ پێغەمبەر(ﷺ) رەوانە دەکات.

بیستەهەم: مۆیەکە بۆ یادکەوتنەوەی ئەوەی لەبیری کەسەکە چووە.

بیست و یەك: مۆیەکە بۆ خۆشکردنی مەجلیس، هەروەها مۆیەکە بۆ ئەوەی دانیشتنەکەیان نەبێتە پەشیمانی رۆژی دوایی.

بیست و دوو: مۆیەکە بۆ نەهێڵانی هەژاری.

بیست و سێ: ناوی بەخیل لە بەندە دەکرێتەوە گەر ناوی پێغەمبەر(ﷺ) هێنرا و صەڵەواتی لەسەر دا.

بیست و چوار: کەسەکە دەخاتە سەر رێگەی بەهەشت وەك چۆن ئەو کەسەی صەڵەوات واز لێ دەهێنێت رێگەی بەهەشت بزر دەکات.

بیست و پێنج: رزگارکەرە لە بۆگەنی مەجلیسێك کە یادی خودای تێدا ناکرێت و صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) تێدا لێ نادرێت.

بیست و شەش: مۆیەکە بۆ کامڵبوونی کەلام کاتێك بە حەمدی خودا و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دەست پێ دەکات.

بیست و حەوت: مۆیەکە بۆ زۆری نووری بەندە لەسەر پردی سیرات.

بیست و هەشت: بەندە لە بێوەفایی دەردەهێنێت.

بیست و نۆ: مۆیەکە بۆ مانەوەی مەدح و سەنای باشی خودا بۆ بەندەکەی لەناو خەڵکی ئاسمانەکان و زەویدا.

سیهەم: مۆی بەرەکەتە لە خودی کەسەکە و کار و تەمەنیدا، هەروەها بەرەکەت لە بەرژوەندییەکانیدا.

سی و یەك: مۆیەکە بۆ بەدەستهێنانی رەحمەتی خودا، چونکە دەستەیەك دەڵێن "الصلاة" بە مانای رەحمەتە، یان بە مانای پێویستی و داواکارییەکانی رەحمەتە کە دروستترین قسەیانە، بۆیە کەسی صەڵەواتدەر هەر دەبێت رەحمەت بەدەست بهێنێت.

سی و دوو: مۆیەکە بۆ بەردەوامبوونی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) لە دڵدا و زیادبوونی چەند بەرانبەر.

سی و سێ: صەڵەوات لەسەری هۆیەکە بۆ خۆشویستنی بەندەکە لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ).

سی و چوار: هۆیەکە بۆ هیدایەتی بەندە و زیندەگی دڵ و دەروونی.

سی و پێنج: هۆیەکە بۆ ناوهێنانی کەسەکە لەلای پێغەمبەر (ﷺ) و یادکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو.

سی و شەش: هۆیەکە بۆ جێگیربوونی پێیەکان لەسەر سیرات و بەرنەبوونەوە و گوزەرکردن بەسەریدا.

سی و حەوت: صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بەجێهێنانی کەمترین مافی پێغەمبەرە (ﷺ) لەسەر بەندە و شوکر کردنی بۆ ئەو نیعمەتەی خودا بەوی بەخشیوە.

سی و هەشت: صەڵەوات یادی خودا و شوکری خودا لەخۆ دەگرێت و ناسینی نیعمەتەکانی خودایە لەسەر بەندە بەوەی پێغەمبەری (ﷺ) بۆ ئەو رەوانە کردووە.

سی و نۆ: صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە بەندەوە بریتییە لە دوعا، دوعا و داوای بەندە لە پەروەردگاری دوو جۆرە:

یەکەم: داوای پێویستییەکانی، ئەمە بریتییە لە دوعا و داوا.

دووەم: داواکردن لە خودا بۆ صەڵەواتدان لەسەر خەلیلی خۆی و شەرەف و ڕێز و پلە و پایەی زۆرتر و زیاتری پێ بدات و بەرزی بکاتەوە.

دەروازەی شەشەم

صەڵەوات و سەلام لەسەر کەسانی تر جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئالی پێغەمبەر (ﷺ)

هەموو پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) صەڵەوات و سەلامیان لەسەر دەدرێت، خودای موتەعال لەسەر نوح دەفەرموێت: ﴿ سَلَٰمٌ عَلَىٰ نُوحٖ فِي ٱلۡعَٰلَمِينَ ٧٩ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٨٠ ﴾ الصافات: ٧٩–٨٠، دەربارەی ئیبراهیم (عليه السلام) خەلیلی خۆی دەفەرموێت: ﴿ وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ١٠٨ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ ١٠٩ ﴾ الصافات: ١٠٨–١٠٩، هەروەها دەربارەی موسا و هارون (عليهما السلام) دەفەرموێت: ﴿ وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِمَا فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ١١٩ سَلَٰمٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ١٢٠ ﴾ الصافات: ١١٩–١٢٠، هەروەها دەربارەی ئالی یاسین دەفەرموێت: ﴿ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلۡ يَاسِينَ ١٣٠ ﴾ الصافات: ١٣٠، ئەوەی خودا لەسەر پێغەمبەرانی لە نەوەکانی دواتردا بەجێیهێڵاوە بریتییە لەو سەلامە باسکراوە.

دەستەیەك لە ئەهلی تەفسیر لەوانە "مجاهد" دەڵێن: "وتركنا عليهم في الآخرين" واتە سەنای باش و چاك و زمانی راستگۆیی بۆ هەموو پێغەمبەران.

صەڵەوات بۆ جگە لە پێغەمبەران (عليهم السلام): بۆ ئالی پێغەمبەر (ﷺ) –بەبێ هیچ جیاوازییەك– صەڵەوات لێ دەدرێت، ئەوانەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بە واجب دەبینن جیاوازیان لە نێواندایە لەمەڕ واجبوونی صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر (ﷺ) **بۆ دوو قسە دابەش بوون:**

یەكەم: صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) واجبە و لە واجب بوونەكەشییەوە صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمە رێگەی "إمام الحرمين و الغزالي"ە.

دووەم: صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر (ﷺ) واجب نییە.

ئایا بەتەنها صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر (ﷺ) دەدرێت؟ **ئەمەش دوو جۆرە:**

یەكەم: بوترێت: "أللهم صل على آل محمد" ئەمەیان دروستە، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) لەناو ئالی "محمد"دایە.

دووەم: یەكێك لە ئالی پێغەمبەر (ﷺ) بە ناوهێنان تەنها بكەیەوە، بوترێت: "أللهم صل على علي أو حسن أو حسين أو فاطمة" هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوان جیاوازیان لە نێواندا هەیە، "مالك" بە ناپەسەندی دەزانێت.

لەسەر سەلام ناردن جیاوازیان لە نێواندایە، ئایا بە مانای "صەڵەوات"ە و ناپەسەندە بوترێت: "السلام على فلان"؟ دەستەیەك لایان ناپەسەندە و رێگری دەكەن لەوەی بوترێت "علي (عليه السلام)" دەستەیەكی تر سەلام بە جیاواز دەبینن لە صەڵەوات و دەڵێن سەلام بۆ هەموو باوەڕدارێكی زیندوو و مردوو و ئامادە و نادیار

دروستە، بۆیە نوێژکەر دەڵێت: "السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين"، بەڵام ناوترێت: "الصلاة علينا وعلى عباد الله الصالحين"

ئەوانەی صەڵەوات بۆ جگە لە پێغەمبەر(ﷺ) بە دروست دەبینن چەندین بەڵگەی بەهێز دەهێننەوە، لەوانە:

یەکەم: ئایەتی ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٣﴾﴾ التوبة: ١٠٣، ئاشکرایە دوای پێغەمبەر(ﷺ) ئیمامان صەدەقە لە ئومەت وەردەگرن بۆیە دروستە صەڵەواتیان لەسەر بدەن کاتێك لێیان وەردەگرن.

دووەم: لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە: ((لە "عبدالله بن أبي أوفى"ەوە: کاتێك لە قەومێکەوە صەدەقە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەهات دەیفەرموو: ((أللهم صل على آل فلان)) باوکم صەدەقەکەی خۆی هێنا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: "أللهم صل على آل أبي أوفى"))

وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وأصحبه وعلى جميع الأنياء ورسل الله وسلم تسليما كثيرا.

شەوی ١/١٢ لە وەرگێڕان و پێداچوونەوەی پوختەی ئەم کتێبە تەواو بووم، خودا ئاگادارە لە درێژایی ئەم ماوەیەدا بۆنێکی خۆش لەبەر هەستم جیانەدەبوویەوە تا تەواوبووم.

سلێمانی/ وەرگێڕ

ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ٥
پێشەکی ٧
کتێبەکە شەش دەروازەیە ٧

دەروازەی یەکەم

ئەوەی هاتووە لەمەڕ صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ٨
ئەوانەی فەرموودەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەریان (ﷺ) ریوایەت کردووە: ٩

دەروازەی دووەم

لە "مرسل" و "موقوف"ەکان ٤٦

دەروازەی سێیەم

ڕۆشنکردنەوەی صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و صەڵەوات لەسەر ئالی پێغەمبەر (ﷺ)
لێکدانەوەی مانای "ئال" ٥٣
بەشی یەکەم: کردنەوەی صەڵەواتی صەڵەواتخوێن بە وشەی "أللهم" ٥٤
بەشی دووەم: ڕۆشنکردنەوەی مانای صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ٥٧
"صلاة"ی خوداش (ﷻ) لەسەر بەندەکەی ٥٩
بەشی سێیەم: مانای ناوی پێغەمبەر و داتاشراوەکانی ٧٠
ناونانی پێغەمبەر (ﷺ) بە "محمد" ٧٥
ناونانی بە "أحمد" بەر لە ناونانیەتی بە "محمد" (ﷺ) ٨٩
بەشی چوارەم: مانای "ئال": داتاشراوەکانی و حوکمەکانی ٩٤

باسی بەڵگەی ئەو چوار قسەیە ٩٦
وشەی "الأزواج".....١٠٣
هاوسەرەكانی پێغەمبەر (ﷺ). ١٠٣
یەكەمیان: "خديجه بنت خويلد":.....١٠٣
دووەم: "سوده بنت زمعه"(خوا لێی رازی بێت):.....١٠٥
سێیەم: عائشەی كچی ئەبوبەكر-خوا لە خۆی و باوكی رازی بێت-:....١٠٦
چوارەم: حەفصەی كچی عمر-خوا لە خۆی و باوكی رازی بێت-:.....١٠٩
پێنجەم: "أم حبيبة"ی كچی أبی سفيان: ١١٠
شەشەم: "أم السلمة":.....١١٢
حەوتەم: " زينب بنت جحش":.....١١٢
هەشتەم: "زينب بنت خزيمة الهلالية":.....١١٣
نۆیەم: "جويريه بنت الحارپ" لە "بني المصطلق":.....١١٣
دەیەم: "صفية بنت حيي":.....١١٤
یازدەهەم: "ميمونة بنت الحارث الهلالية":.....١١٥
نەوەكانی پێغەمبەر (ﷺ).....١١٦
بەشی پێنجەم: ناوهێنانی ئیبراهیم خەلیل لە صەڵەواتدا ١١٩
بەشی شەشەم: بابەتێكی بەناوبانگ لەناو خەڵكیدا و رۆشنكردنەوەی ئەوەی تێیدایە ١٢٨
بەشی حەوتەم: سەرنجێكی ورد ١٣١
بەشی هەشتەم: وتنی "اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد" و باسی بەرەكەت ١٣٣

بەشی نۆیەم: کۆتاهێنانی ئەم صەڵەواتە بەم دوو ناوەی پەروەردگار کە بریتین لە "الحميد و المجيد" ١٤٣

بەشی دەیەم: باسی ڕێسایەك لەم دوعا و یادانەدا ١٤٨

دەروازەی چوارەم

ئەو شوێنانەی صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێ دەدرێت یان بە واجب یان بە پەسەندی پێ لەسەرداگیراو ١٥٢

دەروازەی پێنجەم

سوود و بەری بەدەستهاتوو بە صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ١٧١

دەروازەی شەشەم

صەڵەوات و سەلام لەسەر کەسانی تر جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) وئالی پێغەمبەر (ﷺ) ١٧٥